


# کوردستان لە جیۆپۆلیتیکی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



# سەرۆک بارزانی پێگەی کوردستان لە کۆنفرانسی میونشن دەخاتەڕوو

بالۆێز والڤانگ شنایدەر سەرۆکی کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایش*:

# لە ٢٠١٦ ئێمە دەبینە شاهیدحاڵی رۆژگارێک کە مەترسییەکان زیاتر دەبن

ئەوەی ئاشکرایە لە رۆژگاری ئێستادا ناتوانرێت پێشبینی رووداو و گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکان بکرێت، سروشت و مەودای قەیران و تەنگژەکانیش بێ پێشینەن و کاتێک روودەدەن، ئەوا ناتوانرێت جڵەوبکرێن و ئیدارە بدرێن، هەروەها شەڕ و ناکۆکی و پشێوییەکانیش لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەدا نامێننەوە کە تێیاندا هەڵگیرساون، لە هەمان کاتدا ئەوانەی رۆڵی سەقامگیرکار و پارێزەری سیستمە نێودەوڵەتییەکەیان دەبینی، لە ئێستادا کارێکی زۆریان لە دەست نایەت بۆ بەرگرتن بە لێکترازانی سیستمە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. هەر ئەمانەش بووە هۆی ئەوەی راپۆرتی ئەمساڵی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن ئەم ناوونیشانە لەخۆبگرێت:

"Boundless Crises, Reckless Spoilers, and Helpless Guardians" بەو مانایەی کە چیتر لە سەردەم و رۆژگاری ئێستادا قەیرانەکان لە سنوورەکاندا قەتیس نابن و پەلدەکێشن بۆ وڵاتانی دیکە و کاریگەرییەکانیان پەلدەهاوێت بۆ ناوچەکانی دیکە، واتە سنوورەکان ناتوانن ببنە بەربەست لە بەردەم پەڕینەوەی دەرهاویشتەی ئەو تەنگژانە. لە هەمان کاتدا ئەوانەی رۆڵی تێکدەر و وێرانکاری دەبینن، بێباکانە و نابەرپرسیارانە هەڵسوکەوت دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئەو هێزانەی پارێزەری ئەو سیستمە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانەیان دەگێڕا، لە ئێستادا دەستەوەستان و بێچارەن، کاراکتەرگەلێکیش نییە هەڵبستێت بە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەی بێتوانایی ئەم هێزە پارێزەرانە خوڵقاندوویانە، ئەوانەش کە دەیانەوێت ئەم بۆشاییە پڕبکەنەوە، ئەوا رۆڵێکی بنیادنەر نابینن. هەر لەبەر ئەمەش لەم راپۆرتەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە لە ئێستادا جیهان- بەتایبەتی لە تێڕوانینی رۆژئاواوە- بە خراپترین رەوش و رۆژگاری دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە گوزەر دەکات. لەبەر ئەوەی ئەو ناکۆکی و قەیرانانەی جیهانیان بە خۆوە سەرقاڵ کردووە، بە ئاست و ئەندازەیەکی سەرسوڕهێنەر سنوورەکانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. سەرەکیترینی ئەو ناکۆکییانەش ئەو شەڕەیە کە لە عێراق و سووریادا لەئارادان، لەگەڵ ئەو هەموو ئاکام و دەرهاویشتانەی لێیان کەوتۆتەوە.. حاڵەتێکی دیکە بریتییە لە هەوڵی ئەوروپا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی هاوبەش بۆ ئەو شەپۆلی پەنابەرانەی کە بەهۆی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سیستمی سیاسی لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتۆتەئاراوە. بۆ نموونە، راوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنجیلا مێرکل لە پاییزی ساڵی ٢٠١٥دا رایگەیاند کە لە زۆر ناوچەدا شەڕ و تیرۆر باڵیان کێشاوە بەسەر بارودۆخەکەدا، دەوڵەتان لە دۆخی لێکترازاندان، لە ماوەی رابردوودا لەوە تێنەگەیشتین کە ئەوەی لە حەلەب و موسڵ روودەدات کاریگەری دەبێت لەسەر ئیسن و شتوتگارت، بەڵام ئێستا دەبێت رووبەڕووی ئەو کاریگەرییانە ببینەوە.

دەتوانین بڵێین بۆ چەندین ساڵ بوو رای گشتی و سەرکردەکانی ئەوروپا بەتایبەتی، چاوپۆشییان دەکرد لە ئەگەری کاریگەربوونیان بە دەرئەنجامە

لە ژێر دروشمی (تەنگژە بێسنوورەکان - Boundless crises، تێکدەرە بێباکەکان Reckless Spoiler، پارێزەرە بێدەسەڵاتەکان Helpless Guardians) ٥٢ـەمین کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایش لە رۆژی ١١ی ٢ی ٢٠١٦ دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئەمە دووەمین جارە بە فەرمی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی ئەم کۆنگرەیە دەکرێت و لە سەر پرسە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەی کوردستان لە ناوچەکە بەشداری دەکات. گرنگیی ئەم بەشداربوونەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە تەنیا سەرۆکە وڵاتەکەی بە فەرمی ئەندامی رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە، مانای ئەوەیە کوردستان لە سایەی سەرۆکایەتی مسعود بارزانی بۆتە توخمی سەرەکی لە دووبارە داڕشتنەوەی سیستەمی جیهانی و پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، زیاد لەمەش لەم کۆنگرەیەدا زیاتر لە ٣٠ سەرۆك دەوڵەت و حکومەت و زیاتر لە ٦٠ وەزیری بەرگری و دەرەوەی وڵاتان لەسەرانسەری جیهان، هەروەها ژمارەیەك پەرلەمانتار و سیناتۆر و پسپۆڕانی ستراتیژی و ئاسایش تێیدا بەشداربوون.

تایبەتمەندی کۆنگرەی ٥١ و ٥٢ی میونشن بۆ ئاسایش،

ناوخۆییەکانی پشێوی دەوڵەتە دراوسێکانی ڕۆژهەڵات و باشوور. مەترسییەکەی دیکە پەیوەستە بە ئەگەری ئاڵۆزبوونی پێوەندی نێوان هێزە مەزنەکان، چونکە لە ئێستادا ئەگەرچی مەترسی شەڕی گەورەی نێوان دەوڵەتاندا ئەگەرێکی دوور بێت، بەڵام ئەوە بۆ یەکەمجارە لە دوایی کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە، ناکرێت ئەگەری هەڵکشانی توندوتیژی لە نێوان هێزە گەورەکاندا نادیدە بگیرێت، بە بیانووی ئەوەی ئەمە سیناریۆیەکی ناواقیعبینانەیە. ئەگەر باس لە پرسی پەیوەست بە بێتوانایی هێزە پارێزەرەکانی سیستمە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش بکەین، ئەوا دەتوانرێت ئاماژە بە پاشەکشەی ڕۆڵی ئەمەریکا بکرێت– ئەگەرچی ڕەنگە ئەمە زیادەڕەویشی تێدا کرابێت–. بەڵام دەکرێت باس لەوە بکرێت کە بە لای کەمەوە لە دوو ناکۆکیی دیاری ئەم ڕۆژگارەدا – ئۆکرانیا و سووریا– ئەمەریکا ڕۆڵێکی کەمتر بەرچاوی بینیوە بە بەراورد بە ڕۆڵی ئەو وڵاتە لە ناکۆکییەکانی رابردوودا. ئەوەی پێوەندی بە قەیرانی ئۆکرانیاوە هەبێت، ئەوا ئەو گروپە دیپلۆماسییە سەرەکییەی بۆ ئەم قەیرانە پێکهێنراوە بە ناووی ”Normandy Group“ ئەمەریکا لەخۆناگرێت. کەواتە هەموو ئەو هۆکارانە دەبنەهۆی ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦دا دیدێکی تاریک باڵبکێشێت بەسەر تێڕوانینەکاندا، چونکە گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان بەهێزترین دەوڵەتان لە هەڵکشاندایە و هێشتا قەیرانی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا وەک قەیرانێکی مەترسیدار ماوەتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێوەندی نێوان سعودیە و ئێران – ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لێدەرچێت– لەوپەڕی خراپیدایە. بە کورتی لە ساڵی ٢٠١٦دا ئێمە شایەتحاڵی هاتنەئارای ڕۆژگارێکین کە ئاست و ئەندازەی مەترسییەکان زیاتر و زیاتر دەبن، لە نێویاندا ڕووبەڕووبوونەوە و ڕووداوە سەربازییەکانن نادڵنیایی و ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی– واتە سەرەتای ناجێگیرترین و ناسەقامگیرترین ڕۆژگار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

تەحەددی سەرکردە و راوێژکارەکان تەحەددییەکی بەپەلەیە کە چۆن سیستەمگەلێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وا بنیاد – یان دووبارە بنیاد– بنێنەوە کە پتر مرونەتی هەبێت، هەروەها چۆن پەرە بە تەرتیباتە دامەزراوەییەکان بدەن، یاخود چۆن بەهێزیان بکەن، کە ئەمەش کارێکی پێویستە بۆ دڵنیابوون لە دەستبەردارنەبوونی بیرۆکەی کۆمەڵگەیەکی جیهانی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان. ڕەنگە هەموو ئەمانە وێنەیەکی ڕەش و تاریک بکێشن، بەڵام ، لەگەڵ ئەوەشدا، بوارێک بۆ ئومێد بە باشتربوونی بارودۆخەکە لەئارادایە و هێشتا دەتوانین بە حەزەرەوە گەشبین بین بە ئەگەری هاتنەدی بەرەوپێشچوون و بەدەستهێنانی دەستکەوتی دیپلۆماتی گەورە.

- بەشێک لە وتاری) تەنگژەی بێ سنوور، تێکدەری بێباک، پاریزەری بێدەسەڵات)
- ماڵپەڕی ساندیکیت پرۆجێکت ٢٠١٦/٢/١١

ڕەنگدانەوەی ئەو بارە ناهەموارەیە کە لە ساڵی ٢٠١٤ ـەوە جیهان ڕووبەڕووی بۆتەوە، هەربۆیە وەك باڵیۆز والفانگ شنایگەر لە پێشەکی راپۆرتی کۆنگرەی ٥٢ی میونشن ئاماژەی پێکردووە، ئەم کۆنگرە ماوەی ٢ساڵە هاوکات لەگەڵ کردنەوەی کۆنگرەکە راپۆرتی خۆی بڵاو دەکاتەوە و ئامانج لە گرێدانی کۆنگرە و تێڕوانینی کۆنگرە بۆ ئاسایش و سەقامگیری جیهان دەخاتەڕوو، ئەو کاراکتەرانەش دەستیشان دەکات کە بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەم ئاسایش و سەقامگیری جیهان، هەروەها ئەو ناوچانەی کە خۆیان بوونەتە سەرچاوەی تەنگژەکان و ناسەقامگیری لە جیهاندا.

هەربۆیە ئەگەر لەم روانگەیەوە سەرنج لە دروشمی کۆنفرانسی میونشن بۆ ساڵی ٢٠١٥ بدەین، دەبینین بریتی بووە لە ) لەبەریەکهەڵوەشانی سیستەمی جیهانی، دوودڵیی پارێزەرانی سیستمەکە - Collapsing Order Reluctant Guardians)، بەڵام دروشمی ئەمساڵی ٢٠١٦ بریتییە لە ( تەنگژە بێ سنوورەکان. تێکدەرە بێباکەکان. پارێزەرە بێدەسەڵاتەکان، ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ئەم دوو دروشمەی کۆنگرەیەکی نیودەوڵەتی وەك کۆنگرەی ساڵانەی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی بکەین، بە راشکاوی هەست دەکەین کێشەکانی ساڵی ٢٠١٦ لەسەر

# داعش دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی تیرۆریستییە لە مێژوودا و هەڕەشەیەکی بێ پێشینەیە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی

لە بابەتێکی دیکەدا بە ناوونیشانی " Islamic State: Daeshing Terror"تێیدا هاتووە کە دوو ساڵ پێش ئێستا، بە شێوەیەکی بەربڵاو وەک برا بچووکە لاوازەکەی ئەلقاعیدە لە دەوڵەتی ئیسلامی، یان داعش دەڕوانرا، بەڵام لە ئێستادا ڕەنگە دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی تیرۆریستی بێت لە مێژوودا و بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرچاوەی هەڕەشەیەکی بێ پێشینەیە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە کەڵک لە دەوڵەتە شکستخواردووەکان و بۆشایی دەسەڵات وەردەگرێت. داعش قەوارەیەکی نیمچە دەوڵەتییە و پانتاییەکی زۆری خاکی عێراق و سووریای داگیرکردووە. لە هەمان کاتدا چەندین ویلایەتی سەر بە خەلافەتەکەی لە چەندین دەوڵەتدا ڕاگەیاندووە، هەر لە جەزائیرەوە بۆ قەوقاز و ئەفغانستان. لە هەمان کاتدا بەیعەتی چەند گرووپێکی جیهادیی سەرەکی بەدەست هێناوە، لە نێویاندا بۆکۆ حەرام.

سەرەڕای داگیرکردنی خاک و بوونی چەندین تۆڕی میلیشایی لە چەندین شاردا. داعش پانتاییەکی دیجیتاڵی بەدەستەوەیە کە پێشتر لە لایەن گرووپە جیهادییەکانی دیکەوە بەم چەشنە کار نەکراوە. هەر لە سۆشیال میدیاوە بۆ سیستەمی ناردنی نامەی موشەفەر. لەوەش زیاتر، بە دواداچوونەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ژمارەی شەڕکەرە بیانییەکان کە دەچنە نێو داعشەوە لە عێراق و سووریا وەک خۆی ماوەتەوە، ئەمە سەرەڕای هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ سنووردارکردنی.

ژەنەڕاڵ مایکڵ ناگاتا، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاسایش و سەقامگیری جیهان گەیشتوونەتە چ ئاستێکی ڕەشبینی و بێدەسەڵاتیی دەوڵەتانی گەورەی جیهانی وەك پارێزەری سیستمی جیهانی لە بەرامبەر ئەو هەڕەشە و تەحەددییانەی ڕووبەڕووی سیستمی جیهانی بۆتەوە.

**● تایبەتمەندییەکانی دوایین دوو کۆنگرەی میونشن و بەشداریکردنی فەرمیی سەرۆك بارزانی تیایاندا**

لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ و لە پەنێڵێکی کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس لە سەر (ئایندەی سوپا) کە تیایدا باڵیۆز والفانگ شنایدەر یەکێك بوو لە بەشدار بووانی پەنێڵەکە، ڕایگەیاند لە سەرەتای شوباتی ٢٠١٥ کۆنگرەی ٥١ـەمینی میونشن گرێدەدەین و بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمین جار بە فەرمی بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە دەکەین، ئامانجی باڵیۆز شنایدەر لە ئاماژەکردنی بۆ بانگهێشتکردنی سەرۆك بارزانی بۆ کۆنگرەی ٥١ی میونشن، لەبەر ئەوە بوو یەکێك لە گرنگترینی ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی سیستمی نوێی جیهانی ببووەوە لە ٢٠١٥ سەرهەڵدانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش بوو، هەروەها نەبوونی سوپایەك جگە لە پێشمەرگە، کە لە سەر زەوی بوونی هەبێت و توانای ئەوەی هەبێت هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و پاشەکشەیان پێ بکات و تێکیان بشکێنێت. ئەم وەرچەرخانەش دوای سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بوو بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی لە ئازادکردنی (زومار، بەنداوی موسڵ، تەواوی ناوچەکانی بەری ڕۆژئاوای دیجلە، ئازادکردنی چیای شنگال، هەروەها ئازادکردنی کۆبانێ لە ڕۆژئاوا بە هاوکاری پێشمەرگە)، ئەم سەرکەوتنانەش جیا لە سەرکەوتنەکانی دواتری هەمان ساڵی ٢٠١٥ کە شنگالیش ئازاد کرایەوە، تەنیا سەرکەوتن بوون کە ئومێدێکی بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش درووستکردووە، بەوەی دەتوانرێت هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە لەسەر زەوی بوونی هەبێت و تیرۆریستانی داعش رابگرێت و پاشەکشەی پێبکات و تێکی بشکێنێت.

کەواتە بەشداری یەکەمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان لە کۆنگرەی ٥١ی میونشن، بۆ ئەوە بوو جیهان سوود لە سەرکردایەتی بەڕێزیان بۆ تێکشاندنی تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی وەربگرن، تەنیا ڕێگەش بۆ سەرەتای کۆتاییهێنان بە تیرۆریستانی داعش، بوونی هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگەیە لەسەر زەوی. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، پێش سەرکەوتنەکانی هێزی

**لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤دا وتی: ئێمە ئایدیاکەمان تێکنەشکاندووە، تەنانەت ئێمە لە ئایدیاکەش تێنەگەیشتووین. هەرچەندە لە ئێستادا بە شێوەیەک لە شێوەکان تێگەیشتنێکی زیاترمان هەیە، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە هەر دەمێنێتەوە: بۆچی هێرش کرایە سەر پاریس؟ ئایا ئەمە ئاماژەیە بۆ گۆڕانی ستراتیژیەتی داعش؟ ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە- هەروەک داعش رایگەیاندووە- کە بۆ تۆڵەکردنەوەیە لە خاچپەرستان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی لە دژی داعش ئەنجامیانداوە؟ یاخود بۆ ئەوە بوو ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش بێنە ریزی جیهادەوە، یاخود ئایا ئامانجەکە راکێشانی رۆژئاوا بوو بۆ شەڕێکی زەمینی؟ یاخود بۆ مەبەستی قەناعەتپێکردنی رۆژئاوا بوو بۆ ئەوەی خۆیان لە شەڕی داعش بە دوور بگرن؟**

**نییەتی داعش هەرچیەک بێت، ئەوا کاردانەوەی رۆژئاوا لە نێوەندایە. واتە هیچ لایەک ئامادە نییە ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی مەترسیدار و پڕخەرجی لە ناوچە سوننەکاندا ئەنجام بدات. ئەگەرچی هێرشەکانی پاریس پشتیوانییان بۆ هەڵمەتێکی ئاسمانی درێژخایەن هێنایەئاراوە، بەڵام لاوازکردنی داعش لە ئاسمانەوە قەرەبووی ستراتیژیەتێکی تۆکمە ناکاتەوە. زۆرێک لە وڵاتان بەرژەوەندی راستەقینەیان هەیە لە تێکشکاندنی داعشدا، بەڵام مەرج نییە ئەمە ئەولەوییەتی هێزە ئیقلیمییە سەرەکییەکان بێت لە زۆنگاوی سووریادا. هەروەها ئەمە تەنیا ئاستەنگی گەورە نییە لەبەردەم بەدەستهێنانی سەرکەوتندا لە دژی داعش، چونکە ئەگەری ئەوە نییە ئەم گرووپە و قەوارە نیمچە دەوڵەتییەکەی تێکبشکێندرێت، بێ چارەسەرکردنی شەڕی ناوخۆی سووریا.**

پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی، هەموو جیهانی ئازادیخواز و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، پەنایان بۆ ئەزموونی سوپای کۆلۆمبیا بردبوو، بەو سیفەتەی سوپای کۆلۆمبیا ئەزموونێکی باشی لە تێکشکاندنی گرووپە مافییەکاندا هەیە، بەڵام هەر زوو دەرکەوت، کە ئەزموونی سوپای کۆلۆمبیا ئەگەر لە تێکشکاندنی گرووپە مافیاکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، ئەوا لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تیرۆریستانی داعش لەوە دەرچوون کە وەك گرووپی تیرۆریستی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، بەڵکو ئێستا دەوڵەتێکیان لەسەر خاکی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق راگەیاندووە، راستە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی دانپێدانراو نییە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی دەگێڕێتەوە، بەڵام شێوازێکی دەوڵەتە و دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك رووخانی دەوڵەتێك مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

سەرۆك مسعود بارزانی لە کۆنگرەی ٥١ی میونشن لە ساڵی ٢٠١٥، نهێنی درووستنەبوونی هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگەی لەسەر زەوی بۆ جیهان ئاشکرا کرد و راشکاوانە پێی راگەیاندن، دەوڵەتی بەهێز، سوپای بەهێز، حوکمڕانیی باش، دڵنیایی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەناو نەخشەیەکی دەستکردی وەك سایکس پیکۆ درووست نابێت، بۆیە ئەگەر جیهان دەیەوێت دووبارە سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکە ئەوجا بەهەر بیانوو، یان پاساوێك بێت، پشتگیری تیرۆریستان نەکەن، ئەوا دەبێت ئەو نەخشەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و بەپێی خواست و تایبەتمەندی پێکهاتە و نەتەوەکانی ناوچەکە جارێکی دیکە نەخشەیەکی نوێ دابڕێژرێتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٥ کاتێك سەرۆك بارزانی ئەم قسانەی لە کۆنگرەی میونشن بە جیهان راگەیاند، هەموو هەوڵی دەوڵەتانی گەورەی جیهان بە دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشیشەوە بێجگە لە ئەڵمانیا، هەموو لەهەوڵی ئەوەدا بوون، هەر چۆنێك بێت رووسیا رازی بکەن لە لکاندنی کریما بە رووسیاوە پاشگەز بێتەوە و کریما بگەڕێتەوە بۆ ئۆکرانیا، هەروەها لە هەوڵی ئەوەدابوون، هەرچۆنێك بێت رژێمی ئەسەد لابەرن و چارەسەرێکی سیاسی بۆ سووریا بدۆزنەوە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە عێراق داعش تێکبشکێندرێت و دووبارە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون

# تەنگژەی ئێران و سعودیە
# ئاستەنگە بۆ درووستبوونی ئاشتی لە سووریادا

لە بابەتێکی دیکەدا بە ناونیشانی: " The War in and over Syria Assad Story" لەم راپۆرتەدا هاتووە کە نزیکەی نیوەی دانیشتووانی سووریا-ی پێش شەڕ، بە لای کەمەوە لە کۆی ٢٢ ملیۆن ١,٩ ملیۆن کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە، پتر لە ٤ ملیۆن کەسیش وڵاتەکەیان جێهێشتووە. بە سەدان هەزار کەس کوژراون، زۆربەشیان لە لایەن هێزەکانی حکومەتی سووریاوە بووە.

لە هاوینی ساڵی ٢٠١٥دا نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سووریا ستێڤان دی مستورا وا وەسف کرا کە قورسترین ئەرکی جیهانی لەسەر شانە. لەو کاتەوە هەندێ بەرەوپێشچوون بەدی هاتوون: وەک بەیاننامەی جنێڤ و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کۆتاییدا هێزە جیهانی و هەرێمایەتییە سەرەکییەکان لەسەر پلانی ئاشتی رێککەوتن. پلانەکەش ئامانجی بەرزەفڕانە لەخۆ دەگرێت، لە نێویاندا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراتییانە لە ماوەی ١٨ مانگدا، بەڵام جێبەجێکردنی ئەوەندە سستە کە لە راستیدا وا دەردەکەوت هیچ رێککەوتنێک لە ئارادا نەبێت. هەروەها لەبەر ئەوەی کاراکتەرێکی زیاتر تێوەگلاون و لە ئێستاشدا تەرکیزێکی نێودەوڵەتی زیاتر لەسەر سووریا هەیە، ئەوا ئەم شەڕە زیاتر ئاڵۆز و درێژخایەنتر دەبێت.

بە لای ئەوروپی و ئەمەریکییەکانەوە، رژێمەکەی ئەسەد نە حکومەتێکی کارا و نە حکومەتێکی خاوەن شەرعییەتە. هەروەک وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا لۆریان فابیۆس جەختی لەسەر کردەوە کە ئەو کەسەی بە ئەندازەیەکی گەورە بەشدار بووە لە

سنوورێك بۆ نفوزی ئێران لە تەواوی ناوچەکە دابنێن و کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بە درووستکردنی دوو دەوڵەت چارەسەر بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە لە ساڵی ٢٠١٥ بارودۆخە زۆر بەرەو خراپتر گۆڕا، کە دەکرێ لەم چەن خاڵەدا دەستنیشان بکرێ:

١. هەر دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ٥١ی میونشن، عەرەبستانی سعودی هاوپەیمانی یەکلاکەرەوەی لە دژی حوسییەکانی یەمەن راگەیاند، ئەمەش یەکەمین هاوپەیمانی بوو بە سەرکردایەتی سعودیە بۆ دانانی سنوورێك بۆ دەستێوەردانی ئێرانی لە یەمەندا.

٢. هەر لەو ساڵەدا بنیامین نەتانیاهۆ-ی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بە ئاشکرا رایگەیاند، رێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین نادەن، -لانیکەم هەتا نەتانیاهۆ لە دەسەڵاتدا بێت-. ئەم قسەیەی نەتانیاهۆ بەو مانایە بوو ئەگەر دەوڵەتێك بۆ فەلەستین درووست بکرێ، ئەو دەوڵەتە حەماس تیایدا باڵادەست دەبێت و دەبێتە دەوڵەتێکی پاشکۆی ئێران و ئیسرائیلیش ئەمە قبووڵ ناکات.

٣. هەر لە سەرەتای ٢٠١٥ جیهان لە هەوڵی ئەوەدا بوو، سنوورێك بۆ رووسیا دابنێت و لە کریما بکشێتەوە، فلادیمیر پۆتین نەك هەر لە کریما نەکشایەوە، بەڵکو بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکشا و بوو بە بەشێکی سەرەکی لە یەکلاکردنەوەی سەربازیی کێشەی سووریا بۆ بەرژەوەندی بەشار ئەسەد و ئێران.

٤. ئەم دەستێوەردانەی رووسیا بۆ ناو سووریا بووە سەرچاوەی ناکۆکییەکی گەورە لە نێوان تورکیا و رووسیادا، ئەمەش بووە تەحەددییەك بۆ رووسیا بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئەو هێزانەی کە تورکیا لەناو سووریا پشتگیری دەکات.

٥. لە ساڵی ٢٠١٥ رێککەوتنی وڵاتانی (٥+١) لەگەڵ ئێران لەسەر پرسی ئەتۆمی ئیمزا کرا، بەپێی ئەم رێککەوتنە هەم سزاکانی سەری هەڵدەگیرێن، هەمیش ئێران دەگەڕێتەوە ناو بازاڕی نەوتی جیهانی، ئەم رێککەوتنە بووە هۆکاری ئەوەی ئێران بەدەستێکی بەهێزترەوە لەناو کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربکەوێت، بەتایبەتیش کە ئێران لە عێراق و سووریا رۆڵێکی هێجگار گەورە و کاریگەر دەبینێت، هەروەها هەوڵەکانی بۆ تێکدانی ئاسایشی سعودیە و تورکیا، گەیشتنە ئەو ئاستەی، تورکیا پشتگیری راستەوخۆ لە هاوپەیمانی سعودیە دژی حوسییەکان بکات، هەروەها دوای لەسێدارەدانی شێخ نەمر-یش، سعودیە و چەندین دەوڵەتی دیکەی عەرەبی بە ئاشکرا کۆتاییان بە پێوەندی دیپلۆماتی لەگەڵ ئێران هێنا.

٦. لە ئێستادا پێوەندی نێوان ئێران و سعودیە تەنیا

کۆمەڵکوژکردنی دانیشتووانی وڵاتەکەی، ئێستا چۆن دەتوانێت یەکیان بخاتەوە.

ئەوە مایەی سەرسوڕمان نییە، موعارەزەی سووری لابردنی ئەسەد بە پرسێکی بنەڕەتی دادەنێت. لەبەر ئەوە تەحەددییە سەرەکییەکە ئەوەیە چۆن نەخشەی پرۆسەیەکی سیاسیی راگوزەری بکێشرێت کە رووسیا و ئێران و موعارەزەی میانڕەوەی سوننەی لەگەڵدا بێت.

دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی پاریس زۆرینەی حکومەتەکانی رۆژئاوا تا رادەیەک هەڵوێستێکی نەرمتریان گرتەبەر لە ئاست رژێمەکەی ئەسەد، لە ٢٥ی کانوونی یەکەم لە مۆسکۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رایگەیاند: ئەمەریکا و هاوبەشەکانی لە هەوڵی گۆڕینی رژێمەکەدا نین، بەڵکو ئێمە وتومانە باوەڕمان بەوە نییە ئەسەد بتوانێت سووریای ئایندە بەڕێوەببات.

لە کاتێکدا ئومێدی نزیکبوونەوەی رووسیا و ئەمەریکا لە بارەی سووریا بێتەئاراوە، بەڵام فاکتەری سەرەکیی دیکە هەن کە بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکەن. راستییەکە ئەوەیە لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا سێ کۆنفرانسی جیاواز گرێدران لە لایەن ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن نوێنەرایەتی موعارەزەی سووری دەکەن، ئەمەش دژواری گەیشتن بە هەڵوێستێکی هاوبەش روون دەکاتەوە. تەنانەت رەوشی ئەم دواییەی نێوان سعودیە و ئێران – دوای ئەوەی بە هاوبەشی بەشدارییان لە گفتوگۆکانی ئاشتی ڤیەننا کرد– هەڕەشەیە بۆ سەر ئەگەرەکانی هاتنەدی تەنانەت ئاشتەواییەکی سنوورداریش.

هەر ئەوەی ماوە راستەوخۆ پێکەوە بکەونە شەڕەوە، بەڵام لەسەر ئاستی کەمکردنەوەی نفوزی ئێران لە ناوچەکە، سعودیە بڕیاریداوە کە بە هێزی زەمینی بچێتە ناو سووریا، هەروەها ئیسرائیلیش رایگەیاندووە، کە دەوڵەتی ئیسرائیل دژی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعشە و هەروەها دژی سەرکەوتنی نفوزی ئێرانیشە لە سووریا و لوبناندا.

ئەوجا ئەگەر لەسەر پاشخانی ئەم رووداوە خراپانەی ساڵی ٢٠١٥ بگەڕێینەوە بۆ دروشمی کۆنگرەی ٥٢ـەمینی میونشن، دەبینین جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە (تەنگژەگان بێسنوور و پەرش و بڵاون و سنووری دەوڵەت ناتوانێت رێگری لێ بکات، هەروەها تێکدەرانی ئەم بارودۆخە بێباکن و خۆیان بە بەرپرسیار نازانن لەهەمبەر ئاژاوە و ناسەقامگیری لە ناوچەکە و جیهان، لەمەش خراپتر ئەوانەی خۆیان بە پارێزەری سیستەم و ئاسایش و سەقامگیری جیهانی دەزانن، بێدەسەڵاتن)، ئەمەش زۆر بە سادەیی واتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نە سنوور ماوە، نە تێکدەر هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات، نە دەوڵەتە گەورەکانیش دەتوانن سنوورێکی بۆ دابنێن.

لەم چوارچێوەیەدا بۆ کۆنگرەی ٥٢ـەمینی ئەمساڵی میونشن بۆ ئاسایش، سەرۆك بارزانی بەشداری لە گرنگترین بەشی ئەم کۆنفرانسە دەکات بە ناونیشانی (دابەشبوونی زیاتر، وەرچەرخانی هێز: جیۆپۆلیتکی تازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، ئەم ناونیشانەی کە بۆتە بەشێك لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایشی جیهان، دانپێدانانێکی راشکاوانەیە بە واقیعی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاماژەیە بۆ ئەو دابەشبوونە قووڵەی لە ناوچەکە درووست بووە و ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لە هێز روویداوە، هەموو ئەمانە پێکەوە واقیعێکی تازەیان لە ناوچەکە فەرز کردووە، کە ئەویش نەخشەی سیاسیی تازەی ناوچەکەیە.

کەواتە ئەم ناونیشانەی لەم بەشەدا بۆ ئەم کۆنفرانسە بەکارهاتووە، هەروا باسێك نییە لە خۆڕا هاتبێتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٥ والکەر پێرسس بەڕێوەبەری دامەزراوەی زانست و سیاسەت (SWP) بەم ناونیشانە (داعش و کۆتاییهاتنی ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئێمە دەماننناسی)، باسیکی گرنگی وروژاند، بۆیە ئەگەر پرسی گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باسێك بووبێت تەنیا لەسەر ئاستی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە ئاماژەی پێکرابێت، ئەوا لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ٢٠١٦ دەبێت ئەو کەسانە قسە لەسەر ئەم پرسە بکەن کە راستەوخۆ پێوەندیدارن بە گۆڕینی نەخشەی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر بۆیە بۆ ئەم پەنێڵەش کۆمەڵێك لایەن دەستنیشان کراون

ئێران لە راپۆرتی کۆنگرەی میونشن –دا:

# گومان هەیە ئێران ببێتە هاوبەشێکی بەرپرسیار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

لە راپۆرتەکەدا و بە ناونیشانی“ Iran:” Dealt a Strong Hand?هاتووە: شکاندنی بە بنبەست گەیشتنی ١٢ ساڵەی پەیوەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو وەک بەرەوپێشچوونێکی دیپلۆماسی گەورە لێی دەڕوانرێت. سەرۆکی ئێران حەسەن رۆحانی رایگەیاند: لە روانگەی ئێمەوە، ئەم رێککەوتنە دوائامانج نییە، بەڵکو بەرەوپێشچوونێکە و دەکرێت و دەبێت بکرێتە بناغەیەک بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە داهاتوودا، کاراکتەرە گرنگەکانی دیکە لە تاران، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە نابێت بە هەڵە لێکدانەوە بۆ ئەم رێککەوتنە بکرێت و وا لێی بڕوانرێت کە ئەمە سەرەتای ئاڵ و گۆڕێکی تەواوە لە مامەڵەی ئێران لەگەڵ جیهاندا. هەندێ لە سەرکردەکانی رۆژئاواش هەوڵیانداوە کە هێڵێک بکێشن لە نێوان پیاهەڵدان بە رێککەوتنەکە وەک ئەوەی ئەمە دەستکەوتێکی مێژوویی بێت، لەگەڵ کەمکردنەوە لە بایەخی ئەوەی چ کاریگەرییەکی دەبێت لەگەڵ پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا. سەرۆکی ئەمەریکا ئۆباما رایگەیاند: ئێمە ئەم رێککەوتنەوە بەوە ناپێوین کە سەرجەم ئەو کێشانە چارەسەر دەکات کە دەتوانرێت بوترێت لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن.

کە لە داڕشتنی نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵیان دەبێت، ئەو لایەنەنانەش بریتین لە : (کوردستان، دەوڵەتانی کەنداو، ئەمریکا، ئەڵمانیا، ئیسرائیل). جێگەی وەبیرهێنانەوەیە لە دیسەمبەری ٢٠١٥ سەنتەری سابان کۆڕبەندێکی بۆ پێوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا رێکخست، لەم کۆڕبەندەدا، مۆشی ئالۆن وەزیری بەرگری ئیسرائیل راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد، گرنگترین هۆکار بۆ ناسەقامگیری ناوچەکە ئەوەیە کە ئەمریکا ناتوانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەرکردایەتی هاوپەیمانەکانی بکات، سەبارەت بە رۆڵی کوردیش مۆشی ئالۆن وەزیری بەرگری ئیسرائیل راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد، کورد باشترین هاوپەیمانی رۆژئاوایە و باشترین هێزن لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشدا، بۆیە دەبێت لەسەر ئاستی رێکخستنەوەی ناوچەکەش کورد رۆڵی دیاری خۆی هەبێت.

**● رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چاوەڕوانیی وەرچەرخانێکی گەورەدا**

چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی ئەو نەخشە سیاسییەی ئێستا باسی لێوەدەکرێت و کاراکتەرە سەرەکییەکان بەشداری تێدا دەکەن، دەبێتە چارەسەر بۆ گرنگترین کێشە کە کێشەی پەنابەرە و ئێستا ئەوروپا بەدەستییەوە نیگەرانە، ئەم کێشەیەش بۆ ئەوروپا و رۆژئاوا بە جۆرێك هەستیار و مەترسیدار بووە کە بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی حزب و سەرکردەی پۆپۆلیستی ئەوتۆ کە هەڕەشە لە هەموو بنەماکانی لیبراڵیزم و مافەکانی مرۆڤ دەکات، ئەو بنەما و بەهایانەی کە رۆژئاوا چەندین سەدەیە شانازی پێوە دەکات، کەواتە لە ئێستادا مەسەلەی قسەکردن لەسەر نەخشەی سیاسیی تازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرسێکە لە دۆسیەی جیهانی ئازادیخواز و دەوڵەتانی رۆژئاوا و زەمینەخۆشکردنە بۆ ئەوەی ئەم نەخشە سیاسییە تازە بە جۆرێك بێت بۆ ئەوەی ببێتە دەرگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەم پێشەکییە پێویست بوو بۆ ئەوەی بزانین بۆ کوردستان و ئێمەی کوردستانی لە ئێستادا ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم چەند گرنگە، هەروەها لەمە گرنگتر ئەوەیە لە روانگەی ئەو وەرچەرخانە گەورەیەوە سەرنجی لێبدرێت کە لە ئێستادا تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت و رۆژئاوا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی هەتا ئەگەر بەناچاریش بێت، دەبێت پشتگیری ئەو وەرچەرخانە بکات، ئەگەرنا وەك لە راپۆرتەکەی میونشن ئاماژەی پێکراوە، هێزگەلێکی تێکدەری بێباك هەیە و هەست بە هیچ بەرپرسیاریەتییەك ناکەن و زیاتر بارودۆخەکە ئاڵۆز و ناسەقامگیرتر دەکەن.

لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینەدا، ئێستا جیهان هەنگاو بۆ ئەوە هەڵدەگرێت، کە لە چوارچێوەی موناقەشە و هەڵسەنگاندن لە نێوان کاراکتەرە سەرەکییەکانی ناوچەکە و لایەنە پێوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان بە شێوازی رێککەوتن و دیالۆگ بڕیار لەسەر ئەو نەخشە سیاسییە تازەیە بدەن.

**بەڵام دەکرێت ئەم ڕێککەوتنە بوار بۆ هەڵکشانی ئێران بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ببێتەهۆی ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە بە ئاڕاستەیەکی میانڕەوانەدا بەرێت. واتە بۆی هەیە هاوکار بێت بۆ ئەوەی ئێران پەرە بە چالاکییە ناسەقامگیرکارەکانی بدات. لە نێویاندا لە سووریا و یەمەن، ئەویش وەک دەرئەنجامی ئەو داهاتەی بەدەستی دەهێنێت، کاتێک سزاکانی هەڵدەگیرێن و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو وڵاتە. لە هەمان کاتدا وڵاتانی کەنداو، بەتایبەتی، نیگەرانن لەوەی بەهێزبوونی ئێران، هاوشان بە سازانی لەگەڵ رووسیادا، بە شێوەیەکی کاریگەر ببێتەهۆی گۆڕینی هاوسەنگییە ناوچەییەکە لە بەرژەوەندی ئێران. وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، فرانکۆڵتەر شتاینمەر لە کۆبوونەوەی گرووپی سەرەکی لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاشتی کە لە پاییزی رابردوودا لە تاران گرێدرا، رایگەیاند: لە باشترین حاڵەتدا، ئێران دەتوانێت ببێتە هاوبەشێکی بەرپرسیار بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوچەکە، بەڵام زۆرێک لە میوانەکانی ئەم هۆڵە گومانیان هەیە لەم رووەوە، هەروەها زۆر کەسیش لە دەرەوەی ناوچەکە گومانیان هەیە، ئەوەش بۆ ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە کە بە هەڵەیان بخەنەوە.**

بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم دیالۆگە ئاشتیخوازانەیە سەبارەت بە نەخشەی سیاسیی تازەی ناوچەکە، سەرۆك مسعود بارزانی داوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی غەیرمولزیم (non-binding)ی کردووە، ئاکامی ئەم ریفراندۆمە بریتی دەبێت لە دیکۆمێنتێك کە دەبێتە دەربڕی خواستی تەواوی خەڵکی کوردستان بۆ چۆنیەتی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی. ئەم ئاکامە دەبێتە دیکۆمێنتێك بەدەست نوێنەرایەتی کوردستانەوە لەو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییانەی تایبەت بە وەرچەرخانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێ دەدرێت، راشکاوانەتر کاتێك سەرۆك بارزانی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات لە پرۆسەی دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاکامی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان دەخاتە سەرمێزی وتووێژ و راشکاوانە پێیان دەڵێت ئەمە بڕیاری خەڵکی کوردستانە و من ناتوانم بڕیاری گەلی خۆم فەرامۆش بکەم، لەمەش زیاتر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، سەرۆك بارزانی لە کۆنگرەی ٥١ی میونشن لە ٢٠١٥ راشکاوانە پێی گوتن دەبێت هەڵەکانی سایکس پیکۆ راست بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە سایکس پیکۆ-دا رەچاوی تایبەتمەندی و خواستی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکراوە، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، یەکێك لەو هەڵانەی کە پێویستە لە نەخشەی سایکس پیکۆ راست بکرێتەوە رەچاوکردنی خواست و تایبەتمەندیی نەتەوەکانە، کە نەتەوەی کورد لەهەمووان زیاتر لە سایکس پیکۆ غەدری لێکراوە.

لەناو ئەم واقیعەدا، بەداخەوە هەندێك خەڵك و سیاسەتمەداری لۆکاڵ هەن، ئەم راستییە لەگەلی خۆیان چەواشە دەکەن و خەریکە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتێکی وەك ئێران کە راشکاوانە دژایەتی خۆی بۆ دەوڵەتی کوردستان راگەیاندووە و بە ئیسرائیلی دووەم دەیچووێنێت، ئەم فرسەتە مێژووییە بە بیانوو و پاساوی بێ بنەما لە کیسی خەڵی کوردستان دەدەن. واتە پرسی ریفراندۆم وەك ریفراندۆمێکی مولزەم (binding) و وای پیشان دەدەن کە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم راستەوخۆ دەوڵەتی کوردستان رادەگەیەندرێت. هەر بۆ نموونە کەسێکی وەك عەلی باپیر-ی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کە رایدەگەیەنێت، یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ ریفراندۆم نییە و دەوڵەت پێویستی بە زەمینەسازی هەیە، جارێ جیا لەوەی ئەندامانی شاندی یەکێتی ئەورووپا ئەو قسەیان بە درۆ خستەوە، کە گوتبێتیان ئێمە دژی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستانین، لەهەمانکاتدا بەستنەوەی ئەم ریفراندۆمە راستەوخۆ بە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانەوە، بێجگە لە جێبەجێکردنێکی وەکیلانەی خواستی ئەو دەوڵەتانەی دژی سەربەخۆیی کوردستانن، شتێکی دیکە نییە، لەوانەیە ئەوانەی هەتا ئێستاش لە پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان تێنەگەیشتبن، یان خۆیان دەیانەوێت تێنەگەن، ئەو پرسیارە بکەن، ئەگەر ئەنجامدانی راپرسی بۆ دامەزراندنی سەربەخۆیی کوردستان نییە، ئەدی ئەو ریفراندۆمە بۆچی دەکرێت؟ دیارە ئەوانەی پرسی زۆر گەورە لە چوارچێوەی پرسیاری زۆر سادە دەخەنەڕوو،



سەرۆك بارزانی لەگەڵ شاندی پەرلەمەنی ئەلمانیا



سەرۆك بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا

خۆیان لە راستییەکان دەشارنەوە و بمانەوێت، یان نەمانەوێت مەبەستێکی شاراوە لە پشت گوتارەکانیان هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوانەی ریفراندۆم راستەوخۆ گرێدەدەنەوە بە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئایا خۆیان لەو راستییە بێ ئاگا کردووە، کە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەتایبەتی لە شوێنێکی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە بێ گۆڕانکارییەکی جیۆپۆلیتیکی کە جیهان پشتگیری لێ بکات، درووست نابێت؟ لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری لۆژیك و دووربینیی سەرۆك مسعود بارزانی بکەین، کە سەرکردایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، نەك ئێستا، بەڵکو لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە بە جیهانی راگەیاندووە، ئەگەر عێراقی نوێ، عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی نەبێت و ئەوەی لە دەستووردا بۆ کوردستان دیاریکراوە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا دەبێت گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات، ئەویش ناچارە بڕیاری میللەتی خۆی جێبەجێ بکات، لە دوای دەرکەوتنی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامیش، بارودۆخەکە راشکاوانە بە هەموو جیهان دەڵێت، جارێکی دیکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و سووریا بەتایبەتی ناگەڕێنەوە بۆ پێش دەرکەوتنی داعش و داگیرکردنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە سووریا و عێراقدا، کەواتە ئەم وەرچەرخانە پێویستی بە خۆ ئامادەکردن هەیە، ئەو نەتەوە و گەلانەی سەرکردەی لێهاتوو و بە ئەزموونی وەك سەرۆك بارزانی -یان هەیە، خۆیان بۆ ئەم پێشهاتە ئامادە دەکەن، هەر ئەم خۆئامادەکردنەشە بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی تەواوی ناحەزانی کوردستان و دەوڵەتی کوردستانی کردۆتە دوژمنی بارزانی، واتە دژایەتی دەوڵەتی کوردستان لە دژایەتی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی-دا کۆکراوەتەوە.



سەرۆك بارزانی لەگەڵ نوێنەری سەرۆك ئۆباما



سەرۆك بارزانی لەگەڵ وەزیری بەرگری فەرەنسا



سەرۆك بارزانی لەگەڵ بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا




هێمن هەورامی

لە کۆڕێکی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک:

# پرۆسەی ڕیفراندۆم دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی ئاشتیی ناوخۆیی بۆ ئەوەی هەموو حزبەکان بەشداری تێدا بکەن

ئاشکرایه له ئێستادا هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی نەخوازراودا تێدەپەڕێ، لە لایەك دووچاری شەڕێکی سەخت و داسەپاو بۆتەوە لە لایەن تیرۆریستانی داعش و لە لایەکی دیکەوە دووچاری قەیرانێکی دارایی توند بۆتەوە، کە هەموو ئەوانە بارگرانییەکی گەورەیان درووست کردووە کە بۆ تێپەڕاندنی پێویستی بە هەوڵی جددی و بەپەلە هەیە، بەڵام لە نێو هەموو ئەو دژوارییانەشدا کوردستان سوورە لە سەر ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی سەربەخۆیی. هەموو ئەوانە بوونە تەوەری پانێڵێکی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك بە ناونیشانی: ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراق، موسڵ، قەیرانی ئابووری و مافی بڕیاردانی چارەنووس، کە هێمن هەورامی وەك بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بەشداربوونی لەو کۆڕەی ئامۆژگای واشنتۆن، شرۆڤەکاری بۆ ئەو پرسانە کرد و لێرەدا پوختەی قسەکانی دەخەینەڕوو.

## • موسڵ کلیلی تێکشکاندن و لە ناوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی داعشە

کاتێك داعش موسڵی داگیرکرد و هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان، هێزە کوردییەکان پەرەیاندا بە ستراتیژیەتێکی سێ قۆناغی بۆ راگرتنی پێشڕەوی و پاشەکشەپێکردن و لە کۆتاییدا تێکشکاندنی ئەو تیرۆریستانە. بە هەوڵ و کۆششی پێشمەرگە و بە هاوکاری ئەمەریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان، توانراوە سەد دەر سەد بەر بە پێشڕەوییەکانیان بگیرێت و لە ئێستا پاشەکشەیان بە داعش لە و ناوچانەی کوردستان کردووە و ٢٧,٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیان رزگارکردووە، لە دەرئەنجامیشدا ١٦٠٣ پێشمەرگە شەهید و پتر لە ٨,٠٠٠ پێشمەرگەش بریندار بوون. پێشمەرگە و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مسرور بارزانی لە رێی پێدانی زانیاری هەواڵگرییەوە رۆڵی یەکلاکەرەوەیان بینیوە لە تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی. هەر ئەمڕۆ (رۆژی بەشداریکردنی لە کۆڕەکە)، تۆڕێکی تیرۆریستی لە هەولێر دەستگیرکران، بەڵام ئەمە شەڕێکی بەردەوامە و تا ئێستاش دەستکەوتی گەورە لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی بەدەستهاتووە.

موسڵ کلیلی تێکشکاندن و لە ناوبردنی دەوڵەتی ئیسلامییە. لە کاتێکدا روممادی و رەققە گرنگن، بەڵام موسڵ گەورەترین شار و پایتەختی خەلافەتەکەیە، هەروەها بۆتە پەناگەیەکی سەلامەت و سەرچاوەی داهات بۆ ئەم خەلافەتە. پێشمەرگە لە سێ قۆڵەوە گەمارۆی شاری موسڵی داوە و تەنیا پێویستی بەوەیە هەفتەیەك پێشتر ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی دەست بە ئۆپەراسیۆنەکانی بکات. هەرێمی کوردستان پێوەندی رۆژانەی لەگەڵ هاوبەشە عێراقییەکان و هێزە هاوپەیمانەکاندا هەیە و، رێککەوتنێك هەیە لەبارەی ئەوەی مەخموور بکرێتە خاڵی هێرشبردن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ، کە چەند بەتالیۆنێکی عێراقیش لە خۆدەگرێت. گرنگی مەخموور لەوەدایە کە نزیکە لە گەیارەوە. هەفتەی رابردوو پێشمەرگە بە پاڵپشتی هێزە عەرەبییەکانی ناوچەکە توانییان دوو شوێنی ستراتیژی ئازاد بکەن، کودو و کەرمردی. ئەمەش بۆ ئۆپەراسیۆنی داهاتووی موسڵ رێگەخۆش دەکات.

لە کاتێکدا گفتوگۆ هەیە لە بارەی جێگیرکردنی ٤،٥٠٠ سەرباز لە مەخموور، بەڵام پرسی سەرەکی لە پێوەندی بە موسڵەوە تەنیا لایەنی سەربازی نییە، بەڵکو لایەنە سیاسییەکەی ئۆپەراسیۆنەکەیە، کە ئەمەش ئیدارەدانی موسڵ لە دوای ئازادکردنیەوە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ دیاریکردنی رۆڵی شەڕکەرە سوننەکان و یەکەکانی حەشدی شەعبی. واتە پێکهاتەی ئەو هێزەی شەڕی رزگارکردنی موسڵ دەکات و ئەو ئیدارەیەی دواتر بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان پێکدەهێندرێت، ئەمە جێی نیگەرانی خەڵکی موسڵە، لەبەر ئەوەی خەڵکی موسڵی پێویستیان بەوە هەیە گەرەنتییان پێبدرێت لە بارەی دووبارەنەبوونەوەی ئەو هەڵانەی لە ئۆپەراسیۆنەکانی تکریت و دیالەدا ئەنجام درا، کە دەبنە هۆی قووڵکردنەوەی زیاتری شەڕە تایفەگەرییەکە.

بوونی داعش لە موسڵدا هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێمە و هەڕەشەیە بۆ سەرتاسەری کوردستان. لە هەمان کاتدا، قەیرانی ئابووری لە کوردستانی عێراقدا هەڕەشەیە بۆ سەر تێکڕای هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی داعش. ئێمە دووچاری تەحەددی زۆر کێشەئامێز بووینەتەوە، پێشمەرگە لە مانگی ئەیلوولەوە مووچەی وەرنەگرتووە، مەسەلەکەش هەر تەنیا مووچە نییە، بەڵکو پێویستە دارایی پێویست بۆ پێویستییەکانی دیکەش دەستەبەر بکرێت، وەك تێچووی گواستنەوە و پاڵپشتی لۆجیستیکی و خواردن و دەرمان. ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی

**ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مسرور بارزانی لە رێی پێدانی زانیاری هەواڵگرییەوە رۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی بینیوە**

**ریفراندۆم ئەجێندایەکی کوردستانییە و ئەجێندای پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، هەر لەبەر ئەوە سەرۆک بارزانی داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرجەم پارتە سیاسییەکاندا کردووە، راستە دابەشبوون لە نێو پارتە سیاسییەکاندا هەیە، ئەمەش بەشێکە لە ئەزموونی دیموکراسی، بەڵام ریفراندۆم لە سەرووی سیاسەتی حزبییە و پێویستە بەو شێوەیەش بێت، چونکە ئەم پرسە لە هەموو حزبەکان گەورەترەو دەبێت خەڵکی کوردستان بریاری لەسەر بدەن**

> **دەمانەوێت خەڵکی ئێمە گوزارشت لە خواستی خۆیان بکەن. سەرکردایەتی سیاسیی ئێمە بەڵگەی ئەوەی بەدەستەوە نییە کە بیکاتە پاڵپشتێک بۆ ئەوەی بە ناوی خەڵکەوە قسە بکات، ئێمە دەمانەوێت ببینین خەڵکی کوردستان چی دەوێت، لەبەر ئەوە ساتەوەختەکە رەخساوە و ئێمەش لە ئەمساڵدا ئەم ریفراندۆمە ئەنجام دەدەین**

> **لەسەر ئاستی ئەمنی و وزە و سەربازی، پێویستە کوردستان بپارێزرێت و دامەزراوەی بەهێزتری هەبێت، ئەویش لە پێناو ئەوەی کوردستان لەسەر پێی خۆی بوەستێت و ببێتە قەوارەیەکی کارا لە پاڵ دەوڵەتە کاراکانی دیکە لە ناوچەکەدا. هەر لەبەر ئەوەیە پرسی ریفراندۆم دێتە پێشەوە**

شنگال، لە لایەن دەوڵەمەندێکی شاری دهۆکەوە داراییەکەی دابین کرا، نەك لە لایەن حکومەتەوە. لەبەر ئەوە حکومەت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە دارایی پێویستی نەبوو.

رزگارکردنەوەی موسڵ پێویستی بە هێزی زەمینی هەیە، پێشمەرگەش باوەڕپێکراوترین هێزە لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، رەوشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی پێشمەرگە بەو چەشنە کارا نەبن لە ئۆپەراسیۆنی موسڵدا کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت.

### ● چاوەڕێی واشنتۆنین هاوکاری دارایی کوردستان بکات

نوێنەرانی کورد لە واشنتۆن بۆ هەماهەنگی کردن بە مەبەستی دابینکردنی هاوکارییەکی دارایی بەپەلە بۆ درێژەپێدان بە شەڕ لە دژی داعش و دەستەبەرکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی ئەو ئاوارانەی بە هۆی شەڕی داعشەوە روومان تێدەکەن. لەگەڵ هەموو ئەو هەڵانەی لە بواری حوکمڕانیدا کردوومانن و سەرباری ئەوەی دامەزراوەی لاوازمان هەبووە- کە ئێمە لە پرۆسەی فێربووندایین-، بەڵام ئێمە دووچاری سێ شۆکی گەورە بووینەتەوە کە دۆخە ئابوورییەکەیان لە کوردستاندا تێکداوە:

١. بڕیاری حکومەتی عێراق لە شوباتی ساڵی ٢٠١٤دا بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم.

٢. دابەزینی دراماتیکی نرخی نەوت. ئەگەر نرخی نەوت ٦٧ دۆلار بوایە بۆ هەر بەرمیلێك، ئەوا داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ١,٣ ملیار دۆلار دەبوو لە هەر مانگێکدا، کە بەشی خەرجییەکانی بە زیادەوە دەکرد. لە کاتێکدا ئێوە دەزانن نرخی نەوت لە خوار ٣٥ دۆلارەوەیە و نەوتی ئێمەش بە ٢٥ دۆلار دەفرۆشرێت.

٣. کاریگەری داڵدەدانی ١,٨ ملیۆن پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆییە، لە کاتێکدا هەندێ هاوکاری لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەردەگرین بۆ ٣٠٠,٠٠٠ پەنابەر، ئەوا یارمەتییەکی نێودەوڵەتی کەممان پێدەگات بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان کە ژمارەیان ١,٥ ملیۆن کەسە، ئەم دۆخەش زیانی بە کۆمەڵگەی کوردستان گەیاندووە کە ئەو پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییانەی تێدا نیشتەجێ بوون. کەواتە ئەمە دژوارییەکی راستەقینەیە کە رووبەڕووی کوردستان بۆتەوە. ئەم هۆکارانە وایکردووە تێچووی شەڕ لە سەر ئێمە زۆر گران رابوەستێت، دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە تەنیا پێویستیمان بە تەقەمەنی و چەکی قورس نییە، ئێمە باجی حوکمڕانیی شکستخواردووی بەغدا و سووریا دەدەین کە دەرهاویشتەی ئەو شکستە بووە هۆی ئەوەی ئەو هەموو ئاوارە و پەنابەرە روومان تێبکەن. چونکە ئەگەر لەبەر هێرشەکانی داعش، لە نێوانیدا داگیرکردنی موسڵ، نەبوایە، ئەوا رووبەڕووی ئەو دۆخەی ئێستا نەدەبووینەوە. بەڵکو بۆ تێپەڕاندنی ئەم تەحەددیە ئابوورییەی پێیدا گوزەر دەکەین، ئەوا پێویستمان بە هاوکارییەکی دارایی بەپەلە هەیە، پێویستمان بە هاوکاری هاوبەشەکانمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین درێژە بە شەڕی داعش بدەین. پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە، یەکێك لە فەرماندەکانی پێشمەرگە پێی وتم: لە ئێستادا پێشمەرگە داوای مووچە ناکەن، چونکە دەزانن نیمانە، بەڵکو ئەوان پێویستیان بە خۆراك و سووتەمەنی و کەل و پەلی زستانە هەیە بۆ خۆپاراستن لە سەرما و سۆڵە. ئێمە ئیعتیراف بەوە دەکەین کە رۆئیایەکی ستراتیژیمان نەبووە بۆ ئابووری لە کوردستان و خاوەنی دامەزراوەی بەهێز نەبووین بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددییانەی کە لە ئێستادا دووچاریان بووین. لەبەر ئەوە لە مەودای مامناوەند و ماوەدرێژدا پێویستمان بە هاوکاری و راهێنان هەیە بۆ ئەوەی دامەزراوەکانمان فێری بەهێزکردن ببن، بۆ ئەوەی ئابوورییەکی بەهێزتر بنیاد بنێین تاوەکو کوردستان کارا بێت لە ناوچەکەدا. لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە بۆ ٢٠١٣، بە رۆژگارێکی ئارام و بەرهەمداردا تێپەڕاین، ئەمەش دوای چەند دەیەیەك لە فەرامۆشی و وێرانکاری لەسەر دەستی حکومەتی مەرکەزی عێراق هات. بەر لە بڕینی بودجە لە لایەن بەغداوە و لە پێش بەرفراوانبوونی داعش، ئەگەر کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەژمار بکرایە، ئەوا بەپێی راپۆرتی «Econo-mist Intelligence Unit»-کە لە ساڵی ٢٠١٤دا بڵاوکرایەوە- لە رووی دۆخی ئابوورییەوە کوردستان لە کۆی ١٦٣ دەوڵەت لە ریزبەندی ١١٥ەمیندا بوو. باقی بەشەکانی دیکەی عێراق لە ریزبەندی ١٦٠ەمیندا بوون. لە رووی رەوشی ئاشتی و سەقامگیرییەوە، کوردستان لە ریزبەندی ٨٣یەمیندا بوو لە کۆی ١٨١ وڵات، لە کاتێکدا بەشەکانی دیکەی عێراق لە ریزبەندی ١٧٧یەمیندا بوون. لە رووی کەشی سیاسییەوە لە کۆی ٨٣ وڵات کوردستان لە ریزبەندی ٥٥ەمیندا بوو، کە ئەوە دەقاودەق هاوشان بوو لەگەڵ تورکیا و هیندستان و تایلەندا. لە رووی کەشی کارکردنەوە-بزنس- لە



کـۆی ٨٣ دەوڵـەت، کوردسـتان لـە ریزبەنـدی ٥٧دا بوو. ئـەوەی پێوەندی بە کوالێتی ژیان و گوزەرانـەوە هەبێـت، لـە کـۆی ١٥٩ وڵات، کوردسـتان ریزبەنـدی ٥٥ـەمیندا بـوو لـە کاتێکـدا عێـراق لـە ریزبەنـدی ١٣٤ـەمیندا بـوو. هەروەهـا لـە رووی پەرەپێدانـی مرۆییـەوە ئێمـە لـە ریزبەنـدی ٧٦ـەمیندا بوویـن لـە کـۆی ١٨٨ وڵات.

**● شـەراکەت و فیدراڵیـزم لـە عێراقـدا شکسـتیان هێنـاوە و دەبێـت رێگاچارەیەکـی دیکـە بگرینەبـەر**

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە قۆناخی دواتر چی دەبێت؟ کوردستان کاراکتەرێکی ئابووری و سەربازییە و پێویستە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە وەك شەریك لێی بڕواندرێت. دەبیستین ئێمە شەریکین، بەڵام دەبێت پێناسەیەکی باشتر بۆ ئەم شەراکەتە بکەینەوە. ئایا دۆخێك بخوڵقێنین لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدا بێت، ئایا پێویست ناکات ئەو شەراکەتە بەهێزبکرێت، لەبەر ئەوەی کوردستان پێگەیەکی جیۆستراتیژی زۆر گرنگی هەیە کە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و جیهان، ئێمە پێویستمان بە خێرپێکردن نییە، دەمانەوێت کار لەگەڵ کوردستاندا بکەن لەسەر هەموو ئاستەکان، لەسەر ئاستی ئەمنی و وزە و سەربازی، پێویستە کوردستان بپارێزرێت و دامەزراوەی بەهێزتری هەبێت، ئەویش لە پێناو ئەوەی کوردستان لەسەر پێی خۆی بوەستێت و ببێتە قەوارەیەکی کارا لە پاڵ دەوڵەتە کاراکانی دیکە لە ناوچەکەدا. هەر لەبەر ئەوەیە پرسی ریفراندۆم دێتەپێشەوە، سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەو ریفراندۆمەی ئێمە ئەنجامی دەدەین تەنیا پەیوەستە بە کوردستانی عێراقەوە. ئێمە دەمانەوێت خەڵکی ئێمە گوزارشت لە خواستی خۆیان بکەن. سەرکردایەتی سیاسیی ئێمە بەڵگەی ئەوەی بەدەستەوە نییە کە بیکاتە پاڵپشتێك بۆ ئەوەی بە ناوی خەڵکەوە قسە بکات، ئێمە دەمانەوێت ببینین خەڵکی کوردستان چی دەوێت، لەبەر ئەوە ساتەوەختەکە رەخساوە و ئێمەش لە ئەمساڵدا ئەم ریفراندۆمە ئەنجام دەدەین. ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکەین بۆچی ئێمە ریفراندۆم ئەنجام دەدەین، ئەوا وەڵامەکە ئەوەیە هەر یەکێك لە ئێمەی کورد بە نموونە بگرن لە نێوان ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٩١دا، ئەوا هەموومان قوربانی بووین، یان دەربەدەر و ئاوارە بووین، یان خۆشەویستییەکمان لە دەست داوە. لە ساڵانی بیستەکانەوە عێراق لەسەر بنەمای شەراکەت بنیادنرا، بەڵام ئایا بەشی ئێمە وەك کوردستان لەو شەراکەتە چی بووە؟ بەشمان ئەوە بوو کە ٤،٥٠٠ گوند وێرانکران، هێرشی کیمیایی و هەڵمەتی ئەنفال و، ١٢ هەزار کوردی فەیلی بێسەروشوێن کران و جینۆسایدی بارزانییەکان ئەمە پشکی شەراکەتەکەی ئێمە بووە. بەر لە ساڵی ١٩٩١ تەنیا لە سەدا ١ی پیشەسازی عێراق لە کوردستاندا بوو، تەنیا یەك زانکۆشی لێبوو. کوردی عێراق بە راستی ئومێدی ئەوەی هەبوو کە عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر بنەمای دابەشبوونی

**ئێمە ئیعتیراف بەوە دەکەین کە رۆئیایەکی ستراتیژیمان نەبووە بۆ ئابووری لە کوردستان و خاوەنی دامەزراوەی بەهێز نەبووین بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددییانەی کە لە ئێستادا دووچاریان بووین. لەبەر ئەوە لە مەودای مامناوەند و ماوەدرێژدا پێویستمان بە هاوکاری و راهێنان هەیە بۆ ئەوەی دامەزراوەکانمان فێری بەهێزکردن ببن**

دەسەڵات و فیدراڵیزم و دەستوور و هاوسەنگی لە نوێنەرایەتی کردندا بنیاد بنرێت، ئەگەر زۆر بە راشکاوی بدوێم، ئەوا تێڕوانینی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە فیدراڵیزم شکستی هێناوە، هەروەك چۆن دیکتاتۆریەتیش شکستی هێنا، لەبەر ئەوە پێویستە رێگایەکی دیکە بگیرێتەبەر. ئەویش لەسەر بنەمایەکی ئاشتییانە و بە ئەنجامدانی گفتوگۆ بێت لەگەڵ عێراقدا، چونکە کوردستان خاڵی هاوبەشی زۆرە لەگەڵ بەغدا، هەردوولامان پێویستە شەڕ لەگەڵ داعشدا بکەین و پێکەوە کێشەکانی دیکە چارەسەر بکەن، لە نێویاندا کێشەی ئابووری، ئاوارەکانی ناوخۆ و سەقامگیرکردنی دۆخەکە لەو ناوچانە کە لە دەستی داعش ئازاد دەکرێن. ریفراندۆم ئەجێندایەکی کوردستانییە و ئەجێندای پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، هەر لەبەر ئەوە سەرۆك بارزانی داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرجەم پارتە سیاسییەکاندا کردووە، راستە دابەشبوون لە نێو پارتە سیاسیەکاندا هەیە، ئەمەش بەشێکە لە ئەزموونی دیموکراسی، بەڵام ریفراندۆم لە سەرووی سیاسەتی حزبییە و پێویستە بەو شێوەیەش بێت، چونکە ئەم پرسە لە هەموو حزبەکان گەورەترەو دەبێت خەڵکی کوردستان بڕیاری لەسەر بدەن. ئەم ریفراندۆمە دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی ئاشتەوایی سیاسی کە ئێمە دەستمان پێکردووە، لەبەر ئەوە دەبێت پرۆسە سیاسییەکە سەرلەنوێ چالاك بکەینەوە بە چەشنێك کە سەرجەم پارتەکان بەشداربن لە پرۆسەکەدا، چونکە یەکگرتوویی خاڵی بەهێزمانە لە کوردستاندا. بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ دیاریکردنی ئەو پرسیارانەی ریفراندۆمەکە لەخۆی دەگرێت. ئەوەی پێوەندی بەو ناوچانەوە هەبێت کە پێشتر پێیان دەوترا -ناوچەی ناکۆکی لەسەرەکان- کە ئێمە هەرگیز پێمانوا نەبووە لە دەرەوەی کوردستانن، لەبەر ئەوەی لە رووی مێژوویی و جوگرافییەوە بەشێك بوون لە کوردستان، بەڵام ئەم ناوچانە دووچاری بە عەرەبکردن هاتن و ئێمەش بە دەستووری عێراق رازی بووین، بە ماددەی ١٤٠ بۆ ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ریفراندۆم. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەرەتا ریفراندۆمێك بکرێت سەرجەم کوردستان بە کەسانی تاراوگەشەوە لە خۆبگرێت و دواتر ریفراندۆمێکی دیکە بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکرێت. ئێمە نامانەوێت دۆخێکی سەربازی بەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا بسەپێنین، بۆ ئەوەی دواتر دۆخێکی سیاسی بەسەریاندا بسەپێنین. نامانەوێت بوونی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا —کە بۆ پاراستنی ئەو ناوچانەیە- وا لێکبدرێتەوە کە ئەمە هەوڵێکە بۆ سەپاندنی ئامادەبوونێکی سەربازی لەو ناوچانەدا. بەڵام دەبێت بە روونی ئەوەش بڵێین کە ئێمە رێگە نادەین حەشدی شەعبی دۆخێکی سەربازی لەو ناوچانەدا بسەپێنێت کە رێگر بێت لە ئەنجامدانی ریفراندۆم وەك بەشێك لەو پرۆسە دیموکراتییەی هەمانە.

## ● هەرێمی کوردستان بۆ سەر هیچ لایەك هەڕەشە نییە

پەیامی ئێمە بۆ دەوڵەتە دراوسێکان-سووریا، ئێران و تورکیا- ئەوەیە کە ئێمە هەڕەشە نین بۆ ئێوە، ئێمە فاکتەری سەقامگیرین. دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی لە کۆی ٣٥٠ هەزار مەسیحی لە سەرجەم عێراقدا، ٣٣٥ هەزاریان لە کوردستاندان؟ دەبێت هۆکارێك هەبێت کە روویان کردۆتە کوردستان، نزیکەی سەرجەم ئاوارەکانی رومادی لە هەولێر نیشتەجێن، ئەمە بەڵگەی فرەکەلتووری و لێبوردەیی و پێکەوەژیانە لە کوردستاندا، بەم دواییە وەزارەتی ئەوقافی ئێمە بەشێکی بچووکی تایبەت بە جوولەکەکانی کردەوە. لەبەر ئەوە دەمانەوێت ببینە مۆدێلێك، بە دڵنیاییەوە لە رووی سیاسی و حوکمڕانییەوە هەڵەمان کردووە، بەڵام لێیانەوە فێر دەبین. ئەوەی پێوەندی بە سایکس پیکۆوە هەبێت، ئەوا لەسەر ئەرزی واقیع کۆتایی هاتووە، لە سنووری نێوان سووریا و عێراق بڕوانن، لە سنووری نێوان سعودیە و یەمەن بڕوانن، پێویستە ئەم سنوورانەی سایکس پیکۆ لەسەر بنەمای خواست و ویستی خەڵکی ناوچەکە دابڕێژرێنەوە. لەبەر ئەوە دەمانەوێت ریفراندۆم بکەین بۆ زانینی خواستی خەڵکی کوردستان لە سەروەختی ئەگەری دووبارە دارشتنەوەی سنوورەکان لەم ناوچەیە. گفتوگۆی ئەمە لەگەڵ بەغدا کراوە و بە بەردەوامییش گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت. کوردستان خاڵی هاوبەشی زۆرە لەگەڵ بەغدا، کوردستان و عێراق نابنە دوو قەوارەی تەواو لێکدابڕاو. ئێمە دەبێت دوو هاوبەشی باش بین لەگەڵ یەك، بەڵام دەبینین شەراکەتەکە شکستی هێناوە و ئێمەش پاشکۆیەتی رەددەکەینەوە، لەبەر ئەوە کاتی ئەوە هاتووە فۆرمەلەیەکی نوێ بێتەئاراوە بۆ ئەوەی وەك دوو دراوسێ ئاشتی و هاوکاری هەبێت لە نێوانماندا، کە دەکرێت یەك سیاسەتی بەرگری و ئابووری هاوبەشمان هەبێت.

**ئێمە باجی حوکمڕانیی شکستخواردووی بەغدا و سووریا دەدەین کە دەرهاویشتەی ئەو شکستە بووە هۆی ئەوەی ئەو هەموو ئاوارە و پەنابەرە روومان تێبکەن**

**رزگارکردنەوەی موسڵ پێویستی بە هێزی زەمینی هەیە، پێشمەرگەش باوەڕپێکراوترین هێزە لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، رەوشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی پێشمەرگە بەو چەشنە کارا نەبن لە ئۆپەراسیۆنی موسڵدا کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت**

**ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شنگال، لە لایەن دەوڵەمەندێکی شاری دهۆکەوە داراییەکەی دابین کرا، نەك لە لایەن حکومەتەوە. لەبەر ئەوە حکومەت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە دارایی پێویستی نەبوو**

# بۆ پشتگیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئیلیانا رۆز وتارێک پێشکەشی کۆنگرێس دەکات

**نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن:**

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو خاتوو- ئیلیانا رۆز-لایتنن وتارێکی بۆ پشتگیری پێشمەرگە پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و لە وتارەکەیدا وتی: «ئەمرۆ لێرە وەستاوم بۆ رێزلێنان لە بایەخی هەوڵەکانی کوردەکان و پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش. دەبێت کاری زیاتر بکەین لە شەڕی دژی داعش لە سەر خاك و دەبێت هاوکاریی ئەو هاوپەیمانانەمان بکەین کە دەیانەوێت بۆ ئەم کارە لەگەڵمان بن».

نوێنەر رۆز-لایتنن تیشکی خستە سەر ئازایەتی پێشمەرگە لە شەڕەکانیان لە دژی داعشی تیرۆریست، سەرەڕای ئەو گرفتە ئابوورییانەی ڕووبەڕووی کوردستان بوونەتەوە. ئاماژەی بەوەش کۆد کە پێشمەرگە لە بەرەیەك بە درێژایی ٦٥٠ میل شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن، ڕووبەڕووی هێرشی خۆکوژی و هاوەنی گرووپە تیرۆریستییەکە دەبنەوە. هەروەها زیاتر لە ١٤٠٠٠ میلی چوارگۆشەیان ئازاد کردووە، بە هەندێك شوێنی ستراتیژییەوە لە سێ لای موسڵ و شاری شنگال (سنجار). ئەم سەرکەوتنانە نرخیان گران بوو. رۆزلایتنن وتیشی: «لەم شەڕەدا ١٦٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون و هەزارانی پێشمەرگەش بریندار بوون. ئێمە سوپاسی هەموو پێشمەرگەکان دەکەین کە شەڕ بۆ لەناوبردنی داعشی شەڕانگێز دەکەن.»

دوابەدوای وتارەکە، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەیان سامی عەبدولڕەحمان، وتی: «ئەمریکا هاوبەشێکی پڕبایەخی هەرێمی کوردستانە لە شەڕەکەمان دژی داعش. ئێمە سوپاسی نوێنەر رۆز-لایتنن و ئەندامانی دیکەی کۆنگرێس دەکەین کە ڕێز لە قوربانییەکانی پێشمەرگە دەنێن و سوپاسیان دەکەین بۆ پشتگیرییان لە ئێمە. بۆ ئێمە هەموومان لە کوردستان ئەوە زۆر گرنگە کە وەرەی پێشمەرگەکانمان بە بەرزی بمێنێتەوە و من دڵنیام وتارەکەی خانم ئەندامی کۆنگرێس رۆز-لایتنن ئەم کارە دەکات.»


لە وتارەکەیدا، نوێنەر رۆز-لایتنن ئاماژەی کرد بە سەرنجەکانی وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئاشتون کارتەر، و پێشمەرگەی بەو جۆرە شەڕکەرە کاریگەرانە باس کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستی پێیەتی. هاوکات تیشکی خستە سەر ئەوەی کە قەیرانی دارایی کوردستان بووەتە مایەی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەتوانێت مووچەی پێشمەرگە بدات. نوێنەر رۆز لایتینن وتی: «باری گرانی شەڕ و بەرپرسیارێتیی هاوکاریکردنی ١,٨ ملیۆن خەڵکی دیکە، ئابووریی کوردستانی بردۆتە کەناری هەرەس.»

کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە ئامێزی کردۆتەوە بۆ زیاتر لە ١,٨ ملیۆن پەنابەری سووری و ئاوارەی ناوخۆیی عێراق، بەم شێوەیەش ژمارەی دانیشتووانی هەرێم بە ڕێژەی ٣٠٪ زیادی کردووە. لە کانوونی دووەمی ٢٠١٥ بانکی جیهانی مەزندەی ئەوەی کردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ١,٤ تا ٢,٤ ملیار دۆلار دەبێت بۆ وەبەرهێنان لە ژێرخاندا بۆ ئەوەی ئابووریی کوردستان سەقامگیر ببێت.

لە کاتێکدا قەیرانی پەنابەران و ئاوارە بەردەوامە، تەمویلی نێودەوڵەتیی بۆ ئۆپەراسیۆنە مرۆییەکان دواکەوتووە، لە ٢٠١٥دا ٢٥٪ کەموکووڕی هەبووە لە تەمویل، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی تەمویلی پڕبایەخ ببڕدرێت لە بەرنامەکانی تەندروستی و هاوکاریی خۆراك.

لە کۆتایی وتارەکەیدا، نوێنەر رۆز-لایتینن وتی: «لەبەر ئەم هۆیانە، پرۆژە بڕیارێك بەم زووانە پێشکەش دەکەم بۆ رێزلێنان لە ژن و پیاوی پێشمەرگەی دلێر و خێزانەکانیان کە ئازایانە دژی شەڕانگێزیی داعش دەجەنگێن، بۆ رێزلێنان لە گەلی کورد کە بە خۆڕاگری لە هەمبەر زەحمەتییەکانی ئەم جەنگە راوەستاون.





محەمەدی حەمە باقی نووسەر و مێژوونووس بۆ گوڵان:

# شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یەکەم کەس بووە داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە، دوای ئەویش شێخ عەبدولسەلامی بارزانی درێژەی بەو رێبازە داوە

**پرسی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، پرسێکە دەریایەك خوێنی لە پێناودا رژاوە و لە ئێستاشدا خەریکە ئەو رۆژە دەردەکەوێت کە ئاڵای کوردستان بە سەر دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆمانەوە ببینین. لەوانەیە کاتێك باسی پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت، زۆرتر باسی مێژووی شەڕی یەکەمی جیهان و پەیماننامەی سایکس پیکۆ بکەین، کە بۆ جاری دووەم کوردستانی تێدا دابەشکراو بەچوار دەوڵەتی عێراق و تورکیا و سوریاوە ئێران لکێنرا. لەم دیمانەیەدا محەمەدی حەمە باقی نووسەر و مێژوونووس، ئاماژە بەوە دەکات کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یەکەم سەرکردەی کورد بووە شۆڕشی لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان کردووە، دوای ئەویش شێخ عەبدولسەلامی بارزانی درێژەی بە رێبازەکەی داواوە و هەوڵی بۆ ئازادکردنی کوردستان داوە، بەڵام لە پێناوی ئەم ئامانجەدا لە ساڵی ١٩١٤ دەستگیر دەکرێت و لە موسڵ لەسێدارە دەدرێت. بۆ قسەکردن لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان و ئەو هەلەی ئێستا بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، محەمەدی حەمە باقی لەم دیمانە تایبەتەدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

***پێش ئەوەی لە چوارچێوەی رێککەوتنی سایکس پیکۆ کوردستان بکرێتە چوارپارچە، کوردستان دووپارچە بوو لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، دیارە لەو کاتەشدا کورد هەوڵیداوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئایا تاچەند بەڵگە مێژووییەکان باس لەو هەوڵانە دەکەن؟**

- ئەوەی تا ئێستا وەك بەڵگەنامەی مێژوویی لەبەردەستماندایە، هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری-یە لە ساڵی ١٨٨٠ و دوای شەڕی نێوان رووسیا و عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧-١٨٧٨، دیارە لەم شەڕەدا رووسیا توانی خاکێکی زۆری عوسمانییەکان داگیر بکات و زۆربەی ناوچەکانی سنوور کۆنترۆڵ بکات، ئەو خەڵکانەشی کە لە سەر سنووری نێوان رووسیا و عوسمانی نیشتەجێبوون بەشێکیان ئەرمەنی بوون، لەبەر ئەوەش کە ئەرمەنەکان لە رووی ئایینەوە لە رووسەکان نزیك بوون، لەکاتی شەڕەکەدا چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی پشتیوانی رووسیایان دەکرد، لەبەرامبەردا لەبەر ئەوەی کورد لەگەڵ عوسمانی هاوئایین بوون، بۆیە هەموو جارێك کورد لەچوارچێوەی بڕوابوونی بە (جیهاد) و (غەزا) شەڕیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەکرد، هەر بۆیە کورد چ لە چوارچێوەی لەشکری عوسمانی و چ وەك خۆیشی، بەردەوام لەگەڵ ئەرمەندا پێکدادەپژان، دوای ئەوەی شەڕەکە کۆتایی هات، ئەرمەنەکان ترسی ئەوەیان هەبوو رووسیا و عوسمانی رێکبکەون و سوپاکەی لە نێو خاکی عوسمانی بکشێنێتەوە، سەرەنجامیش ئەرمەن ببێتە قوربانی، ئەمە وایکرد ئەرمەنەکان زۆر دەستەودامێنی رووسیا ببن بۆ ئەوەی بێکەس بەجێیان نەهێڵن، داوایان کرد لەسەر مێزی دانوستاندن چارەنووسی ئەرمەنەکان بەلایەکدا بخەن، بێگومان رووسەکان لە هەردوو کۆنگرەی (سان ستیڤانۆ: ١٨٧٨/٣/٣) لە تورکیا و هەروەها کۆنگرەی (بەرلین: ١٨٧٨/٧/١٣)دا، داکۆکی زۆریان لە ئەرمەنەکان کرد، لە کۆنگرەی (سان ستیڤانۆ) کە تەنیا رووسیا و عوسمانی بەشدابوون، هەروەها لە کۆنگرەی بەرلین-یش کە نەمسا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و بریتانیا لەگەڵیان بەشداربوون، بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر رووسیا و بکشێتەوە، بەڵام رووسیا وێڕای ئەو گوشارانەش هەر داکۆکی لە ئەرمەنەکان کرد، بەمەش توانرا بڕیار بدرێ ئیدارەیەکی سەربەخۆ لەو ناوچانەی داگیری کردوون لە دیاربەکر و وان بۆ ئەرمەنەکان دروست بکەن، لەم حاڵەتەشدا کە بە پشتگیری رووسیا ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەرمەن دروستدەکرێت، بێگومان کوردیش لەو ناوچانە دەشپرزێ و پرسیار ئەوە بوو دەبێت کورد لەم حاڵەتەدا چی بکات! بۆ ئەم مەبەستە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری داوەتنامەی بۆ هەموو سەرانی کورد لە هەردوو پارچەکەی کوردستان لەو سەردەمە نارد، لەم کۆبوونەوەیەدا چەندان شێخ و خەلیفە و سەرکردەی کورد ئامادەبوون، کۆنگرەکە لە مانگەکانی تەمووز و ئابی ١٨٨٠دا لە (نەهری) سازدراو تیایدا چەند بڕیارێکی گرنگ درا، لەوانە: بەشێك لە بەشداربووانی ئەم کۆنگرە نەتەوەییە داوایان دەکرد بچن بە گژ ئەرمەنەکاندا، لەبەر ئەوەی لەسەر خاکی کورد ئیدارەی سەربەخۆیان بۆ دادەمەزرێندرێ، بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا رایەکی دیکەی هەبوو، ئەو وای دەبینی ئەوانیش وەك کورد چەوساوەن و بەتەواوی جیهاندا ئاوارە بوون، بۆیە پێشنیاری ئەوەی کرد باشترە بنکە و بارەگای شۆڕش بگوازرێتەوە بۆ کوردستانی خۆرهەڵات، ئەمەش یەکەمجار بوو سەرکردەیەکی کورد بەم ئەقڵانی و دووربینییەوە سەیری دۆزی کورد بکات، بۆ ئەمەش پاساوی زۆر بوو، لەبەر ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا ئاماژەی بەوە دەکرد لەناو سوپای ئێراندا کوردێکی زۆری تیایە، ئەو کوردانە هاوکاریمان دەکەن، هەروەها ئێران لە عوسمانی دەوڵەمەندترە و گوندەکانیان ئاوەدانترن، هەرچی

**ئێستا کورد لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست واقیعێکی بەرچاوە و ناشاردرێتەوە، لە رووی لایەنی مرۆڤایەتییەوە رۆژئاوا دەڵێت ئێوە ئاشتیخوازن، بێگومان ئابووری دنیاش روو لە ئاشتی دەکات**

**ئەوروپا ٣,٥ ملیار یۆرۆ بۆ تورکیا ناردووە بۆ ئەوەی رێگە نەدات پەنابەری زیاتر رووبکاتە ئەوروپا، ئەمەش مانای ئەوەیە تورکیا ئەو دەوڵەتەیە، کە قسەی هەیە و کاریگەرە لە چارەنووسی ناوچەکەدا**

**بە درێژایی مێژوو ٣ ئایین لە کوردستان سەریهەڵداوە و لە جیهاندا دیاردەی لەو جۆرە بوونی نەبووە، ئەم ٣ ئایینە، کۆڵەگە و بڕبڕەی پشتی ئایینەکانیان موزیک بوون و بریتین لە ئایینەکانی: (زەردەشت، ئێزیدی، ئەهلی هەق)، ئەم موزیکە گیانیکی زۆر ئاشتیخواز و لاشەڕی بە ئێمەی کورد بەخشیوە، هەر بۆیە بە درێژایی سەدان ساڵ، هەموو ئەوانەی دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و ڕاودەنرێن، دێن بۆ کوردستان و لەبن سێبەری کوردستاندا خۆشەویستی و میهرەبانییان پێشکەش دەکەین**

**کێشەی ئێمە بە درێژایی مێژوو لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کەڵەکە بووە، ئەوان هەمیشە بە سڵەوە سەیر دەکەن، (١٣٦) ساڵ پێش ئێستا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لەو نامانەیدا کە بۆ باڵوێز و کونسووڵەکانی ڕووسیا، بریتانیا و ئێرانی دەنووسین، پێی دەوتن: پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان، زیانی بۆ (مێرووڵەیەک)ی دراوسێکانی نابێت. ڕایگەیاند دەوڵەتی کوردستان زیانی بۆ ناوچەکە نابێت، چونکە نە ئیمکانیەتێکی ئەوتۆمان هەیە، نە ئابوورییەکی وا گەورەمان هەیە بتوانین لەشکرکێشی بکەین بۆ سەر وڵاتان، بە ئەزموونیش دەرکەتووە، ئێمە لەماڵی خۆماندا ئازادیمان دەوێت**

گوندە کوردییەکانی عوسمانی بوو، کەوتبوونە ژێر دەست و پێی سوپای ڕووسیا، بۆیە گوندەکان ئەو توانایەیان نەمابوو لە کاتی هەڵایسانی شۆڕشدا هاوکاری چەکدار و پێشمەرگەکانی ئەو شۆڕشە بکەن، بۆیە باشترە لە کوردستانی خۆرهەڵاتەوە دەست پێبکەن.

*** بۆچی لە نێو تەواوی شێخەکانی کوردستاندا، تەنیا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بیری لەوە کردەوە، شۆڕش بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەست پێبکات؟**

- شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کوڕی (سەید تەهای) نەهری و خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی-یە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی هەموو خەلیفەکانی خۆی بەو جۆرە پەروەردە کردبوو، کە داکۆکی لە ماف و ژیانی خەڵک بکەن، لەسەر ئەم پرسە من بەڵگەنامەی زۆری ڕووسیا و ئێران و عوسمانی و بەریتانیم دەستکەوتووە، بەداخەوە تەنیا لەئەرشیفی کوریدا هیچمان نەبوو، بەپێی ئەو بەڵگەنامانە شێخ عوبەیدوڵڵا ئەو کات ٦٠ هەزار چەکداری کۆکردۆتەوە و ئامانجی یەکەمی ئەوە بوو کە تەورێز بگرێت، لەبەر ئەوەی تەورێز ئەوکات جێنشینی شا (وەلیعەهد)ی لێبوو، پایتەخت تاران بوو، بەڵام لەم پلانەدا شێخ عوبەیدوڵڵا پێی وابوو ئەگەر تەورێز بگیرێت، تاران دەکەوێتە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی وەڵامی داخوازییەکانی کورد بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەشکرەکەی بەسەر دوو قۆڵدا دابەشکرد، قۆڵێکیان بەرەو مەهاباد و میاندواو نارد و دواتر هەڵکشا تا (ئازەرشەهر) و (مەلەك کەندی)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە تێکەڵ بوو تەنیا کورد نەبوو، لەشکر نەیتوانی لە (ئازەرشەهر) تێپەڕێت، لەولاشەوە شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی هات هێرش بکاتە سەر ورمێ، بەڵام کە لە شوورەی ورمێ نزیك بۆوە، بە فێڵ هاتن بە پیر شێخ عوبەیدوڵڵا و پێیان وت، ئێمە بەرگری ناکەین و (٣) ڕۆژ مۆڵەتمان بدە بۆ ئەوەی بە پێشوازی بتبەینە ناو ورمێ، بەڵام لە ماوەی ئەو (٣) ڕۆژە مۆڵەتەی پێیاندرابوو، هێزەکانی ناو شاری (ورمێ)، توانیان دەرگاکانی شوورەی ورمێ قایم بکەن، بەمەش شێخ عوبەیدوڵڵا ماوەی ١٨-١٩ ڕۆژ لەدەرەوەی شوورەکە مایەوە و لەو ماوەیەشدا ئێران و عوسمانی هاواریان برد بۆ ڕووسیا بۆ ئەوەی شۆڕشەکە دابمرکێننەوە.

*** لەو کاتەدا بۆچی ڕووسیا هاتە ناو هاوپەیمانی ئێران و عوسمانی دژی کورد و شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری؟**

- ڕووسیا لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ئیسلامیی دەترسا، لەبەر ئەوەی پێشتر شێخ شامیل، کە ئەویش یەکێکە لە خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و ماوەی ٣٢ ساڵ لە داغستانی ڕووسیا شۆڕشی کردووە، ئەو (شێخ شامیل)ی داغستانەی کە شاعیری ناسراو: (ڕەسوڵی هەمزە تۆف) بە شانازییەوە باسی دەکات و باپیرێتی و جارێکیان ڕۆژنامەنووسێك دەچێتە ماڵی ڕەسوڵی هەمزە تۆف و لێی دەپرسێت، ئەو شمشێر و قەڵغانە چییە لە پشت سەری خۆتەوە هەڵتواسیون، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: ئەوە چەکی دەستی باپیرم بووە، مەبەستی شێخ شامیل-ە، کە لە دژی قەیسەری ڕووسیا شۆڕشی کردووە.

*** ئایا شێخ عوبەیدوڵڵا بەرلەوەی دەست بە شۆڕش بکات، هیچ هەنگاوێکی دیپلۆماتی بۆ پشتگیریی شۆڕشەکەی هەڵگرتبوو؟**

- بێگومان شێخ عوبەیدوڵڵا بەرلەوەی شۆڕش دەست پێبکات، نامەی بۆ کونسوولەکانی ڕووسیا و بریتانیا لە دیاربەکر و وان و تەورێز ناردووە. ئەوەی خۆشبەختانە لە بەڵگەنامەکان لەبەردەستمانن، ئاماژە بەوە دەکەن بۆ یەکەمین جار شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٧٨ تاساڵی ١٨٨٠ کە نامەی بۆ ئەو کونسوولانە ناردووە، ئەوەی تێدا نووسیوە: ئێمە وەکو کورد، زمان و جوگرافیا و کەلتوور و نەریت و فەرهەنگی جیاوازمان هەیە، دەمانەوێت خۆمان ئیدارەی خۆمان بەڕێوەبەرین، بۆیە بەپێی ئەم بەڵگانە، شێخ عوبەیدوڵڵا یەکەم سەرکردەی کوردە داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە، ئەوانەی دیکەش کە داوای شێخ عوبەیدوڵڵا هاتوون، وەك شێخ عەبدولسەلامی بارزانی توانیویانە پەرە بەو ڕێبازە بدەن، ئەوانیش سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی و ڕێبازەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوون و پەروەردەی تەریقەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندین.

*** ئەگەر لێرەوە بێینە سەر شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، دیارە ئەویش هەر درێژەپێدەری ئەو ڕێبازە بووە و هەوڵی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان داوە، ئایا بەڵگەنامەکان لە بارەی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی-یەوە چی دەڵێن؟**

- شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کە دوای شێخ عوبەیدوڵڵا پەرەی بەم ڕێبازە داوە، دیارە ئەویش وەك شێخ عوبەیدوڵڵا پەروەردەی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، ئەم تەریقەتە بەردەوام دژی زوڵم و زۆرداری بوون و ڕێگەیان نەداوە خەڵك بچەوسێنرێتەوە، بۆیە جێگەی شانازییە کە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی-یش داوای ئازادی کوردستانی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرەقەتی عوسمانی نەدەهات، ڕوویکردۆتە ئێران و لەوێشەوە چۆتە ڕووسیا، بۆ ئەوەی لە ئێرانەوە خۆی سازبدات و بگەڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە شێخ عەبدولسەلام بارزانی داوای هاوکاری لە ڕووسیا کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت بگەڕێتەوە و لەشکر دروست بکات و لە کوردستانی بەشی عوسمانی شۆڕش بکات، بەڵام ڕووسەکان زۆر پشتیوانیی شێخ عەبدولسەلامیان

نەکردووە و پێیان وتووە بچۆ لە ئێران لە فڵان شوێن دابنیشە، ئاشکرایە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی نەیتوانیوە ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن وەك خۆی جێبەجێی بکات، بۆیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی ورمێ، کونسوڵی رووسیا لە ورمێ لێی دەخوێنێت و دەڵێت، شێخ عەبدولسەلام بە ئارامی دانانیشێت، بەردەوام خەریکی کۆبوونەوە و هاندانی خەڵکە، دواتر پیلانێکیان لێگێڕا و بۆسەیەکیان بۆداناو دەستگیریان کرد و پاشان رادەستی عوسمانییان کردەوە و لە ساڵی ١٩١٤ لە مووسڵ لە سێدارە درا.

*** دیارە لە ساڵی ١٩١٤دا بارودۆخێکی دیکە هاتەپێشەوە، ئەویش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهان و سەرەتای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی پێکرد، بەڵام لە بری ئەوەی کوردستان ببێت بەدەوڵەت، جارێکی دیکە دابەش کرایەوە و ئەمجارە بوو بە چوار پارچە، ئایا ئەم دابەشکردنەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەگەڵ دابەشکردنەکەی دوای شەڕی چاڵدیران جیاوازییان چی بوو؟**

- لە ساڵی ١٥١٤ تازە سەفەوییەکان سەریان هەڵدابوو، خەریکی تەنگپێهەڵچنین بوون بە ناوچە سنوورییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەمەش وایکرد عوسمانییەکان هەست بکەن سەفەوییەکان مەترسییەکیان بۆ دروست دەکات، بۆیە خۆیان ئامادەکرد تا سنوورێك بۆ ئەم مەترسییە دابنێن، ئەم بابەتە ئەوەندەی پێوەندی بە کوردەوە هەبێ، لەو کاتەدا زانای کورد مەلا ئیدریسی بەتلیسی جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ دەرباری عوسمانی و لەگەڵ سوڵتان سەلیم هەبووە، ئەو پلانی ئەوەی بۆ دانا، ئەگەر عوسمانی بە لەشکرەوە هێرش بکەنە سەر ئێران، ئەوا ئەو لەشکرە بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا تێدەپەڕێت و لەم کاتەشدا لە پێشەوە و لە پشتەوە کورد رووبەڕووی دەبێتەوە و ئەگەر عوسمانیش دوژمنایەتی کورد بکات، ئەوا سەرئێشەی زۆری بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەگەر عوسمانی بتوانێت کورد رازی بکات، ئەوا کوردیش هاوکاری عوسمانی دەکات، لەبەرامبەر ئەم پێشنیارەی مەلا ئیدریسی بەتلیسی-دا، سوڵتان سەلیم بەڵێنی دا هاوکاریی کورد لەبیر نەکات. سوڵتان سەلیم وتبووی من کوردەکان رازی دەکەم، لە وەڵامدا مەلا ئیدریسی بەتلیسی پێی گوتبوو، ئەمەش وایکرد لە کاتی هێرشی سوپای عوسمانیدا بۆ سەر(تەورێز)، ٣٢ سەرۆك هۆزی کورد لەگەڵ سوڵتان سەلیم چوونە ناو تەورێزەوە، کە ئەوکات تەورێز پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی بووە، دوای شەڕەکەش سوڵتان سەلیم هەندێك لە سەرۆك هۆز و میرەکانی کرد بە میرنشین، بەڵام ئێران ئەمەی نەکرد، ئەو وەك رەعیەت لەگەڵ سەرۆك هۆزە کوردەکانی خۆی مامەڵەی دەکرد. دوای ئەوەی ئەو میرنشینانەی کورد دامەزران بە خۆیاندا هاتنەوە و بوونە خاوەنی دەسەڵات و توانییان قەوارەیێك لە دەڤەری خۆیاندا بۆ خۆیان دروست بکەن و فەرهەنگ و کەلتوور ببووژێننەوە، کە دواتر لەناو ئەو میرنشینانەدا کەڵە شاعیری وەکك مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و مێژوونووسی گەورەی وەك شەرەفخان دەرکەوتن. بۆیە کە ئەو میرانە، بوونە خاوەن دەسەڵات، هەموو فەرمانێکی سوڵتانی عوسمانییان جێبەجێ نەدەکرد. لەبەر ئەمەشە بەشی هەرە زۆری شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد بە رێژەی ٩٥٪ لە ناو قەڵەمڕەوی عوسمانیدا بووە، بێگومان دوای ئەم شەڕە لە ساڵی ١٥١٤ز، کوردستان بووە دووپارچە و لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا چەندین رێککەوتنامە ئیمزاکران، لەوانە:

١. پەیماننامەی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩.
٢. پەیماننامەی (١٧٤٧)ی سەردەمی (نادر شا).
٣. کۆنگرەی یەکەم (١٨٢٣) و دووەم (١٨٤٧)ی ئەرزە رۆم.

لە دوای ساڵی ١٨٤٧ کاریان بە کورد نەما و کەوتنە رووخاندنی میرنشینەکانی کورد وەك میرنشینی: سۆران، بابان و بۆتان.

بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا دەوڵەتی عوسمانی بەرەو هەڵوەرین چوو، لەسەر ئاستی ئەوروپا ناویان لێنابوو پیاوە نەخۆشەکە، دەوڵەتی ئێرانیش لە هەمانکاتدا ببووە دەوڵەتێك کە گەندەڵی دایڕزاندبوو، بەرتیل و بەرتیلخۆری بەرپرسان و شاکانی قاجاری وایکردبوو خەڵك بێزار ببوون، بەڵگەنامەکان دەڵێن لە ساڵانی ١٩١٣ و ١٩١٤ دەوڵەتی ئێران توانای دامرکاندنەوەی راپەڕینی سەرۆك هۆزێکی خۆی نەبووە، بەهەموو دەوڵەتی ئێران ٨ هەزار سەرباز و ٦ هەزار پۆلیسی هەبووە، کەواتە لەم حاڵەتەدا دەوڵەتانی ئەوروپی بیریان لەوە کردۆتەوە چاو ببڕنە سەر ئەم دوو دەوڵەتە لاوازە و بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕان هەڵلایەك لەم ناوچەیە دروست بکەن، رێککەوت لە مانگی تەمموزی ١٩١٤دا، (فرانس فردیناد) ی جێنشینی نەمسا تیرۆر کرا. ئەمەش بووە بیانوو، سەبارەت بەم رووداوە لازاریف-ی کوردناس و مێژوونووس شتێکی جوانی نووسیوە کە دەڵێت: (گوللەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە (سەرایڤیۆ) تەقێندران، بەڵام لە کوردستان دەنگیان دایەوە). دەکرێت لەسەر ئەم قسەیە بڵێین بۆ؟ لەبەر ئەوەی دوای ئەمە هەموو دەوڵەتانی زلهێزی ئەوکات یەکیان گرت و زۆرینەی لەشکرکێشییەکە هاتە ناوچەی (ورمێ) لە کوردستانی خۆرهەڵات، لە گەرمەی ئەم شەڕەی یەکەمی جیهانیدا ٣ دەوڵەتی گەورە لە ساڵی ١٩١٦ رێککەوتنێکی نهێنیان ئیمزا کرد، ئەویش رێککەوتنی (سایکس پیکۆ) بوو لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیای قەیسەریدا، ئامانج لەم رێککەوتنە

**دەبێت ئەو پێوەندییە جوگرافیایەی ئێمە هەمانە، سنوورەکانمان، بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا و ئێران لەبەرچاو بگرین، لەم هاوکێشەیەدا کورد نەبۆتە لایەنێکی کێشەی نێوان سوننە و شیعە، بەڵام با سەیر بکەین عەلی خامەنەئی دەڵێت: (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئیسرائیلی دووەمە)، وەک پێشتریش باسمکرد، ئێستا ئێران ئەو دەوڵەتەیە لە ناوچەکەدا پرسی پێدەکرێت، دەستیان واڵاکردووە لە تەواوی ناوچەکەدا هەر لە (یەمەن) و (بەحرێن)ەوە تا سووریا و عێراق و لوبنان تۆزدەکات، بۆیە گرنگە پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا و ئێران هەبێت، بەرژەوەندییەکانمان لەگەڵیاندا تێکەڵ بکەین**

**هیچ دەوڵەتێک بەڵێنی بە کاک مسعود بارزانی نەداوە دەوڵەتی بۆ دابمەزرێنێت، بۆیە ئەم بڕیارە لەناو ماڵی کوردەوە دەدرێت، ئەم بنەمایەش جوانترین هەنگاوی بیرکردنەوەیە، هەر بەو شێوەیەش سەرکەوتوو دەبین، کەواتە لێرەوە ئێمە دەتوانین واقیعێک دروست بکەین، بۆ ئەوەی جیهان بکەوێت بەسەر ئەو واقیعەدا. دەبێت بۆ جیهانی بسەلمێنین کێ ئێمە پەرتەوازە و لەت و پەت نین و یەک قسەمان هەیە، ئەمەش سەرەتا و دەستپێکی ئەو پرۆسەیەیە و دەبێت بزانین ئەم مافە دەبێت بسەندرێت و نادرێت**

ئەوەبوو دوای شەڕەکە چۆن کەلاکی دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی دابەش بکەن، بەڵام ئەم هەموو پێوەندییە چڕ و پڕەی نێوان ئەم دەوڵەتانە، چەند مانگێکی خایاند، کوودەتای ١٩١٧ لە رووسیا ئەنجامدرا، ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان پێی دەڵێن شۆڕش، ئەوسا لەبەر ئەوەی بە حیساب کۆمۆنیستەکان خۆیان بە لایەنگری گەلانی چەوساوە و زۆرلێکراو دەزانی، هاتن رێککەوتنی (سایکس پیکۆ )یان ئاشکرا کرد، رووسیا هەموو هێزەکانی خۆی لە بەرەکانی جەنگ کشاندەوە، بۆیە دەسەڵات بە تەنیا بۆ بەریتانیا مایەوە و هات و وەك بەرزەکی بانان ئەم هەموو دەوڵەتە عەرەبییەی دروستکرد، دواتر بەشێکی بچووکیان دا بە فەرەنسا، کە (سووریا ) بوو.

*** بەڵام ئێستا ١٠٠ ساڵ بەسەر ئەو رێککەوتنەدا تێدەپەڕێت و هەندێك دەڵێن کۆتایی هاتووە، هەندێکیش دەڵێن لە دوای دەرکەوتنی داعش کاری پێناکرێت، ئایا چۆن سەیری ئەو بۆچوونە دەکەیت؟**

- لە هیچ بڕگەیەکی (سایکس پیکۆ )دا نەهاتووە تێدا بڵێت، ئەم رێککەوتنە بۆ ١٠٠ ساڵە و دوای سەد ساڵ کۆتایی دێت، سەبارەت بەوەشی ئەم رێککەوتنە لە دوای داعشەوە کاری پێناکرێت، من پێم باشە بگەڕێینەوە بۆ پێش دەرکەوتنی داعش، ئەو دەوڵەتە گەورانەی جیهان، کە چاویان بڕیوەتە سەر ئەم ناوچەیە، زۆر دوورتر دەڕوانن، هەر بۆ نموونە ئەمریکا لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ دێت، دوو دەوڵەتی گەورەی سوننە لە ئەفغانستان و عێراقی سەدام حوسێن، لەمدیو و ئەودیوی ئێرانی شیعەوە دەڕووخێنێت، بێگومان ئەمە بێ بەرنامە نییە و مانای ئەوەیە لە ماوەی ٢٠ ساڵی پێش دەرکەوتنی داعش بەرنامەیەك هەبووە، بێئەوەی ناوی لێبنێن، واتە(بەرنامەی بێ ناونان)، ئەمەش خۆی بەرنامەیەکە، ئەوەی ئێستا تیایدا دەژین، تەواوکاری ئەو بەرنامەیەیە، بەڵام ناوی ناهێنرێت و ناوی ئەو لایەنانەی لەسەر نییە کە ئیمزایان لەسەر کردووە.

*** ئایا لەناو ئەم بەرنامەیەی ناویان لێنەناوە، ئاراستەی رووداوەکان بەرەو کوێ دەچن و کورد لەم هاوکێشەیەدا پێگەی چۆن دەبێت؟**

- ئاشکرایە ئێستا داگیرکارانی کوردستان دوو دەوڵەتی گەورەی ناوچەکەن، مەبەستم ئێران و تورکیایە، لە ئێستادا پێموایە ئەم دوو دەوڵەتە لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بڕیاردەرن، ئەگەر سەیری کۆنگرەی ئەم دواییەی (ژنیف ٣) بکەین، کە سەبارەت بە سووریا بەسترا، دەبینین تورکیا نەیهێشت کورد بەشداری بکات، ئەمە مانای ئەوەیە تورکیا خاوەنی قسەیە، بەهەمان شێوە ئێرانیش خاوەنی قسەیە، من پێشتر باسم لە رووخاندنی عێراق و ئەفغانستان کرد وەك دوو دەوڵەتی سوننە لەم دیو و ئەو دیوی ئێران، ئەمە بێ بەرنامە نەکراوە، لە ئێستادا ئەمریکا خۆی سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییە، رووسیا بەمدواییە هاتۆتە ناوچەکە، بەریتانیا پەشیمانن لەوەی کە (تۆنی بلێر) بەشداری لە رووخانی عێراقی سەدام حوسێن-دا کرد، جارێکی دیکەش هێزی خۆیان ناهێننەوە ئەم ناوچەیە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە قسەیەکی سەرۆك کۆماری (ئەرژەنتین) بکەم کە چەند مانگێك لەمەوپێش لە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان راشکاوانە وتی: «لەساڵی ٢٠١٠دا (ئۆباما ) جوابی بۆمن نارد کە ئەگەر تەکنیکارەکانتان دەچن بۆ هاوکاری پرۆژەی ئەتۆمی ئێران بابچن، منیش ئەو کات وتم ئەگەر ئەمە راسپاردەی ئەمریکایە، بۆ بە نووسین داوام لێ ناکات، بەڵام دواتر داوایان لێ نەکردمەوە» بالێرەوە سەرنج بدەین، ئەمریکا دوو دەوڵەتی سوننە بۆ ئێران دەڕووخێنێت، داوا لە ئەرژەنتینیش دەکات، پرۆژە ئەتۆمییەکەی ئێران تەواو بکات، لەبەرامبەر ئەم رەفتارانەی ئەمریکادا بەرامبەر ئێران، دۆستە دێرینەکانی ئەمریکا وەك نموونەی عەرەبستان لە ناوچەکە لالووتن، هەموو ئەمانە بۆ ئێمە پرسیار دروست دەکەن، هەر بۆیە ئەگەر لێرەوە دەست پێبکەین، ئەوا ئێمە دەکەوینە بۆشاییەوە. ئایا لەم بۆشایەدا چی بکەین بۆ ئەوەی پارسەنگەکە راست بکەینەوە؟ دیارە ئەو کاتەی (سایکس پیکۆ ) ئیمزا کرا، دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران، لاوازترین دوو دەوڵەت بوون، ئەوکات زۆربەی هۆز و شێخەکانی کوردستان، بێجگە بەشێك لە شێخانی نەقشبەندی، خۆیان هاویشتە شەڕەکەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەگەر شتێکیش هەبێت، ئەوا تائێستا هیچ لایەك بە ئاشکرا رایانگەیاندووە هاوکاری یەکێك لەم دوو دەوڵەت دەکات، هەربۆیە ئەگەر ناوماڵی کورد یەکبخرێتەوە، دەتوانین لە بەردەم هەموو پیلانەکاندا خۆمان بپارێزین.

*** بەڵام لە دوای هاتنی داعش، قۆناخێکی نوێ هاتۆتەئاراوە، لە ئێستادا بانگەشە بۆ دەوڵەتی کوردستان دەکرێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای ریفراندۆم دەکات، ئایا تاچەند زەمینەکە لەبارە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان؟**

- پێش هەموو شت دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە هیچ دەوڵەتێك بەڵێنی بە کاك مسعود بارزانی نەداوە دەوڵەتی بۆ دابمەزرێنێت، بۆیە ئەم بڕیارە لەناو ماڵی کوردەوە دەدرێت، ئەم بنەمایەش جوانترین هەنگاوی بیرکردنەوەیە، هەر بەو شێوەیەش سەرکەوتوو دەبین، کەواتە لێرەوە ئێمە دەتوانین واقیعێك دروست بکەین، بۆ ئەوەی جیهان بکەوێت بەسەر ئەو واقیعەدا. دەبێت بۆ جیهانی بسەلمێنین کێ ئێمە پەرتەوازە و لەت و پەت نین و یەك قسەمان هەیە، ئەمەش سەرەتا و دەستپێکی ئەو پرۆسەیەیە و دەبێت بزانین ئەم مافە دەبێت بسەندرێت و نادرێت، ئەم واقیعە وادەکات لە خۆمان بپرسین چی بکەین؟ دەبێت ئەو پێوەندییە

> **ئەو کاتەی (سایکس پیکۆ) ئیمزا کرا، دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران، لاوازترین دوو دەوڵەت بوون، ئەوکات زۆربەی هۆز و شێخەکانی کوردستان، بێجگە بەشێک لە شێخانی نەقشبەندی، خۆیان هاویشتە شەڕەکەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەگەر شتێکیش هەبێت، ئەوا تائێستا هیچ لایەک بە ئاشکرا رایانگەیاندووە هاوکاری یەکێک لەم دوو دەوڵەت دەکات، هەربۆیە ئەگەر ناوماڵی کورد یەکبخرێتەوە، دەتوانین لە بەردەم هەموو پیلانەکاندا خۆمان بپارێزین**

> **لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سێ دەوڵەتی گەورە لە ساڵی ١٩١٦ رێککەوتنێکی نهێنیان ئیمزا کرد، ئەویش رێککەوتنی (سایکس پیکۆ) بوو لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیای قەیسەریدا، ئامانج لەم رێککەوتنە ئەوەبوو دوای شەڕەکە چۆن کەلاکی دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی دابەش بکەن**

جوگرافیایەی ئێمە هەمانە، سنوورەکانمان، بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا و ئێران لەبەرچاو بگرین، لەم هاوکێشەیەدا کورد نەبۆتە لایەنێکی کێشەی نێوان سوننە و شیعە، بەڵام با سەیر بکەین عەلی خامەنەئی دەڵێت: (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئیسرائیلی دووەمە)، وەك پێشتریش باسمکرد، ئێستا ئێران ئەو دەوڵەتەیە لە ناوچەکەدا پرسی پێدەکرێت، دەستیان والاکردووە لە تەواوی ناوچەکەدا هەر لە (یەمەن) و (بەحرێن)ـەوە تا سووریا و عێراق و لوبنان تۆزدەکات، بۆیە گرنگە پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا و ئێران هەبێت، بەرژەوەندییەکانمان لەگەڵیاندا تێکەڵ بکەین.

*** کەواتە بە بۆچوونی تۆ پێویستە لەم قۆناخەدا خیتابی سیاسی کورد لەسەر ئەم پرسە چۆن بێت؟**

- کێشەی ئێمە بە درێژایی مێژوو لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کەڵەکە بووە، ئەوان هەمیشە بە سڵەوە سەیر دەکەن، (١٣٦) ساڵ پێش ئێستا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لەو نامانەیدا کە بۆ باڵوێز و کونسوولەکانی رووسیا، بریتانیا و ئێرانی دەنووسین، پێی دەوتن: پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان، زیانی بۆ (مێروولەیەك)ی دراوسێکانی نابێت. رایگەیاند دەوڵەتی کوردستان زیانی بۆ ناوچەکە نابێت، چونکە نە ئیمکانیەتێکی ئەوتۆمان هەیە، نە ئابوورییەکی وا گەورەمان هەیە بتوانین لەشکرکێشی بکەین بۆ سەر وڵاتان، بە ئەزموونیش دەرکەتووە، ئێمە لەماڵی خۆماندا ئازادیمان دەوێت، هەموو داگیرکارانی کوردستان هاتوون لە ماڵی خۆماندا ئێمەیان کوشتووە، لێرەدا گرنگە ئاماژە بە بابەتێکی دیکە بکەم، ئەویش پرسی ئەودیوی هەستی مرۆڤی کوردە، بە درێژایی مێژوو ٣ ئایین لە کوردستان سەریهەڵداوە و لە جیهاندا دیاردەی لەو جۆرە بوونی نەبووە، ئەم ٣ ئایینە، کۆڵەگە و بڕبڕەی پشتی ئایینەکانیان موزیك بوون و بریتین لە ئایینەکانی: (زەردەشت، ئێزیدی، ئەهلی هەق)، ئەم موزیکە گیانیکی زۆر ئاشتیخواز و لاشەڕی بە ئێمەی کورد بەخشیوە، هەر بۆیە بە درێژایی سەدان ساڵ، هەموو ئەوانەی دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و راودەنرێن، دێن بۆ کوردستان و لەبن سێبەری کوردستاندا خۆشەویستی و میهرەبانییان پێشکەش دەکەین، ئەم گیانی لێبوردەیی و میهرەبانییە سەلمێندراوە و داگیرکەرانی کوردستانیش ئەمەیان پێ ناخۆشە، هەر بۆ نموونە تیرۆریستانی داعش مەسیحییەکان و ئێزیدییەکانی کوردستان دەکوژن، کە لەناو کوردستان پێکەوە دەژین، تۆ لەوە گەڕێ ئێزیدی کوردن، بەڵام داعش لەبەر ئەوەی بە کافریان دادەنێت بۆیە دەیانکوژێت، هەر بۆیە کاتێك گوێمان لێدەبێت عەلی خامەنەئی دەڵێت: کوردستان دەبێتە ئیسرائیلی دووەم، لەبەر ئەوەیە ئەم گیانی ئاشتیخوازی و لاشەڕەی کورد لەگەڵ بەهاکانی مرۆڤایەتی و رۆژئاوا یەکدەگرێتەوە و ئەمەش پشتگیری گەورەی لەلایەن خۆرئاواوە لێدەکرێت.

*** ئەگەر دیسان بگەڕێینەوە سەر یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان، ئایا تاچەند یەکڕیزیی کورد بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی گرنگە؟**

- یەکڕیزیی نێوماڵی کورد لە هەموو شتێك گرنگترە و هیچ شتێك لەمە گرنگتر نییە بۆ کورد. ئێمە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە بەهۆی دەستێوەردانی دەوڵەتانەوە زۆر پەرش و بڵاو بووین، ئەم پەرش و بڵاوییەش تەنیا فیزیکی نییە، بەڵکو رۆحیشە، هەندێك برین هەیە سارێژ نابن، بۆیە دەبێت هەوڵبدەین ئەو برینانە سارێژ بکەینەوە، هەوڵدانیش بۆ سارێژکردنەوەی ئەم برینانە زۆر ئاسانە، کورد دەڵێت: چاو لە چاو و روو لە روو شەرم دەکات، بۆیە ئێمە ئێستا پێویستمان بەوەیە بەردەوام لایەنەکانی سیاسی سەردانی یەکتری بکەن و زیاتر پێکەوە هەماهەنگ بن و کۆببنەوە، دەبێت واقیعی ئێستا زۆر باش بخوێنینەوە، من پێشتر گوتم لە ١٩١٤ تورکیا و ئێران، لاوازترین دوو دەوڵەت بوون، بەڵام ئێستا بەهێزترین دوو دەوڵەتن لە ناوچەکەدا، جیهان حیسابیان بۆ دەکات، لە چەند رۆژی رابردوودا، ئەورووپا ٣,٥ ملیار یۆرۆی بۆ تورکیا ناردووە بۆ ئەوەی رێگە نەدات پەنابەری زیاتر رووبکاتە ئەورووپا، ئەمەش مانای ئەوەیە تورکیا ئەو دەوڵەتەیە، کە قسەی هەیە و کاریگەرە لە چارەنووسی ناوچەکەدا.


*** ئەگەر دواپیین پرسیارمان سەبارەت بە ناوچەکە بێت بەگشتی، ئایا لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کوردستان لە چ پێگەیەکدا دەبینیت؟**

- ئێستا کورد لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست واقیعێکی بەرچاوە و ناشاردرێتەوە، لە رووی لایەنی مرۆڤایەتییەوە رۆژئاوا دەڵێت ئێوە ئاشتیخوازن، بێگومان ئابووری دنیاش روو لە ئاشتی دەکات، پێشتر ئاماژەم بەوە کرد بۆچی ئەمریکا هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئەفغانستانی رووخاند، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی ئێران شکایەوە، بێگومان لەبەر ئەوەبوو، لە ٣٠ ساڵی رابردوو هێندەی بەڵگە لە سەر وڵاتانی عەرەبی هەبوو بەوەی تیرۆریستن، ئەوەندەی ئەو بەڵگانە لەسەر ئێران بوونیان نەبووە، ئەوانەی کارەساتی ١١ی سێپتەمبەریان ئەنجامدا، هەموویان هاووڵاتی سعودیە بوون، بۆیە ئێمە ئێستا لە چوارچێوەی گەلێکی ئاشتیخواز دەخوێننەوە، ئەو توخمەین کە ئاشتیمان بۆ ناوچەکە دەوێت، ئاژاوەمان بۆ هیچ لایەك ناوێت، ئەمانە توخمگەلێکی زۆر گرنگن بۆ ئێمە، بەڵام تەنیا بە یەکبوونی ماڵی کورد سوودی لێوەردەگرین.

**لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا دەوڵەتی عوسمانی بەرەو هەڵوەرین چوو، لەسەر ئاستی ئەورووپا ناویان لێنابوو پیاوە نەخۆشەکە، دەوڵەتی ئێرانیش لە هەمانکاتدا ببووە دەوڵەتێک کە گەندەڵی دایڕزاندبوو، بەرتیل و بەرتیلخۆری بەرپرسان و شاکانی قاجاری وایکردبوو خەڵک بێزار ببوون، بەڵگەنامەکان دەڵێن لە ساڵانی ١٩١٣ و ١٩١٤ دەوڵەتی ئێران توانای دامرکاندنەوەی راپەڕینی سەرۆک هۆزێکی خۆی نەبووە**

**شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کوڕی (سەید تەهای) نەهری و خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی-یە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی هەموو خەلیفەکانی خۆی بەو جۆرە پەروەردە کردبوو، کە داکۆکی لە ماف و ژیانی خەڵک بکەن، لەسەر ئەم پرسە من بەڵگەنامەی زۆری رووسیا و ئێران و عوسمانی و بریتانیم دەستکەوتووە**

# رووە سەرکەوتووەکان و تەوەرە چاوەڕوانکراوەکانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بۆ کوردستان



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

لە سەروبەندی دابەشکردندا لە بیستەکانی سەدەی رابردوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای لە کوردستان کرد تا کاتێکی نادیار لە چاوەڕوانیدا بێت، تاکو بەپێی مافی چارەی خۆنووسین کە لە یاساکانی نێودەوڵەتیدا دەستەبەرکراوە، دەرفەتێکی شیاوی پێ بدات لەپێناو یەکێتی و سەربەخۆییدا، هەروەها بەپێی ئەو پەیمان و بەڵێن و رێککەوتننامانەی کە ئەو کاتە بە نوێنەرەکانیان تایبەتمەندکرابوون، ئەو کاتە گەلی کورد لە باشووری کوردستان هاتنەپاڵی دەوڵەتی تازەی عێراقی بۆ خۆی هەڵبژارد، بەو هیوایەی کە چاودێریی مافە مرۆییەکان بکرێت و پشتیوانیی لە کاروانی بنیادنان و پێشکەوتن بکرێت.

بەڵام دەوڵەتی عێراق بە هەموو رژێمە یەك لەدوای یەکەکانەوە هەرێمی کوردستانیان پشتگوێ و پەراوێز خست و بە شێوازگەلێکی ئابووریی ستەمئاسا بەتاڵانیان برد. هەندێ لەو رژێمانە بە ئەنقەست و بەپێی مۆرك و مۆڕاڵی شۆڤێنیانەی خۆیان رەفتاریان کرد، بەم هۆیەشەوە هەژاری و نەخوێندەواری و نەزانین تەشەنەی کرد، لە سیاسەتیشدا تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیان دەرحەق ئەنجام دا لەوانە تەعریبکردنی جوگرافیای شوێن و ناسنامەی مرۆڤ، جگە لە چەند ساڵێکی کەم نەبێت لە سەردەمی شۆڕشی ١٤ی تەممووز کە هەوڵی رزگاریخوازانەی بەدوادا هات یان ئەو ساڵانەی کە دوای سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد کە تا رادەیەك رەچاوی بوونی کوردیان تێدا کرا.

لەوەتەی باشووری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ستەمکاری خوێنڕێژ رزگاری بووە، کە لەگەڵیدا لاپەڕەیەکی تاوانەکانی کۆمەڵکوژیی و دژ بە مرۆڤایەتی پێچرایەوە، ئەو تاوانانەی کە لەسەردەستی تاوانبارترین ستەمکاری سەدەی تازە دەرحەق بە کورد ئەنجام درا، بۆیە هەوڵگەلێکی جیدی هاتنەئاراوە بۆ هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و رووکردنە بنیادنانی بناغەکانی دەوڵەتێکی مەدەنی کە بایەخ بە دیموکراسییەت بدات وەك سیستەمێك و میتۆدێك بۆ کوردستانی تازە.

بەڵام، رزگاربوون لە چنگی دیکتاتۆریەتی شۆڤێنیی ستەمکار رێگەی ئەوەی نەگرت لەبەردەم ئەوەی کە بکەوێتە ژێر باری ئابلۆقەو ئاستەنگ و تەگەرەی لەرادەبەدەر کە بوونە هۆی ئەوەی پرۆژەکانی بنیادنان رابگیرێن و بەرەو رووی هەنگاوە کردەنییەکانی پێشکەوتن بوەستنەوە. بە تایبەتیش ئەو مەرجە دژوارانەی کە رێکخراوی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئیقلیمی لە چوارچێوەی ئەو مەرجانەی تا ساڵی ٢٠٠٣ بەسەر دەوڵەتی عێراقدا سەپاندیان، کە دوای ئەو ساڵە شتی تازە هاتە پێشەوە کە هەندێ جار زۆرخراپتر بوون، بەشێوەیەك گەیشتە ئاستی گەمارۆی ئابووری کە حکومەتی فیدراڵ لە سایەی حوکمڕانیی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشوو بەسەر هەرێمدا سەپاندی.

لەگەڵ پەکخستنی دەرکردنی یاسای نەوت و غاز و پەکخستنی یاسا جۆراوجۆرە جەوهەرییەکاندا کە یاساگەلی بنیادنەرانەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی تازە بوون، لەگەڵ ئەو نموونە ئاراستەیەی هاوشانی سیاسەتی دەسەڵاتخوازیی بوو کە لە میکانیزم و لۆژیکی تایفەگەریدا بەدەرکەوت،

بەڵام تەگەرەو ئاستەنگی تازە هاتنە ئاراوە بەرەورووی هەڵمەتی بنیادنان کە کوردستانی تازە گرتوویەتییە بەر.

لەهەمان کاتدا کوردستان رووبەرووی رێگەپێگرتنێکی زۆرەملێی بۆوە بۆ سنووردارکردنی پرۆژەکانی بنیادنان بە هۆی دەستەبەسەرداگرتنی پشکی دارایی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە. دوورتر لەمەش ماوەیەك پێشتر چەند هێزێکی وەك دیجلەو هی دیکە دامەزران کە بۆ پەلاماردانی کوردستانی سەقامگیر ئاراستەکران، کەسیش نازانێ گوشاری دیکەش چین لەسایەی سیاسەتی مافیایی (میلیشیایی )ی بێ ئابرووداا. ئەم هەموو کردەوانە لەبەر ئەوەیە کە هەندێ لەو تایفەگەرانە و ئەوانەی پێشەنگی سیاسەتن لە بەغدا بژاردەی مۆرکی مەدەنیی دەوڵەتیان لە کوردستان بەدڵ نەبووە، هەروەها بەهۆی ئابرووچوونیان لەسایەی روانگەی تایفەگەریی حکومەتی بەغدادا لەچوارچێوەی ئەو تاوان و رەفتارە نابەجێ و تاوانانەی ئەنجامی دەدەن.

ئەو هەموو گوشارانە بە هەموو جۆرەکانی تەوەرە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بە پرواتا گشتییەکەی ئەم زاراوەیە، بوونە رێگر لەبەردەم بزاڤ و چالاکیی پەرەپێدان لە کوردستاندا.

بەڵام ئەم هەموو رەفتارانە چۆکیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دانەدا وسەرکردەکانی لاواز نەکردن، بەڵکو بە ئاراستەی گونجاوتر هەنگاویان هەڵێنا، رەنگە هەندێ لە شرۆڤەکاران ئەمەیان بەهەڵە دانابێت، بەڵام کێشەکە لە هەڵەدا نییە، ئەمە کێشەیەکی زۆر سرووشتییە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا کە کاردەکات بە رێبازی هەموو هێزە سیاسیەکان یان لایەنێکی فەرمی حکومی بە ئاراستەی پێشکەوتندا، بەڵام کێشەکە لە چۆنێتیی وەسفکردنی ئەو هەڵانەدایە لە دیدگایەکی دوژمنکارانەوە کە نەریت و مەرامیان لەناوبردنی بەرامبەرە بۆ نموونەش ئەزموونی گەشاوەی کوردستان.

لەبەرئەوە، دەرکەوتنی هەندێ تەگەرە بە رووی ئەم کاروانەدا یان دەرکەوتنی هەندێ لەمپەر کە رووبەرووی هەلومەرجی گوزەران و ژیان دەبنەوە وەك بێکاریی یان رێژەی هەژاری یاخود گوشار بۆ ئەوەی خەباتی ئازادیخوازانە مەبەستەکانی نەپێکێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە کوردستان ئەم ئاستەنگانە بەری پێ ناگرن و گەلی کوردستانیش بە زۆرینەی خەڵکەکەوە رێگە بە دوژمنەکانی نادات ئەوەی دەیانەوێ جێبەجێی بکەن تاکو لەو سات و کاتە هەستیارەدا درزو ناکۆکی بخەنە نێوان گەل و سەرکردایەتییەکەیەوە.

لە ساتەوەختی ئێستادا پێکهاتەیەکی فشار هاتۆتەئاراوە لەلایەن حکومەتی تایفەگەرییەوە لە بەغدا کە گەمارۆی ئابووری سەپاندووە و خەریکی نانەوەی ناکۆکییە و دووریش دەکەوێتەوە لەو هەنگاوانەی گونجاون بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتییانەی کێشەکانی عێراق و کوردستان، هاوکات فشاری دیکەش هەیە تایبەت بە دابەزینی نرخی نەوت و داهاتەکان بە رێژەیەك کە ئاستی ۷۵٪ی رێژەی نرخەکانی ساڵێکی پێش ئەمرۆی تێپەڕاندووە، جگە لەمانە شێوازی ململانێی ئیقلیمی و ئەوەی لەسەر سنووری کوردستان لەئارادایە تایبەت بەو هەڕەشانەی هێزەکانی تیرۆر بە تازەترین چەك دەیکەن، وێڕای هەوڵەکانی دزەکردنی هەواڵگریی ئیقلیمی، ئەمانە هەموویان فشاری دۆخی شەڕی ئاسایی نین هەروەك لە شەڕە کلاسیکییەکان روودەدات، بەڵکو فشاری تێکەڵەی بێ بناغەو بێ دەستنیشانکردنی تەوەری یەکلایەنەیە، هاوکات پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەڕەشە مەترسیدارەکانە کە لە هەلومەرجی نائاسایی ئێستای ژیان سەختترە.

لەبەردەم ئەو هەڕەشانەدا بە هەردوو قەبارەی کوالێتی و چەندایەتییەوە ناکرێ ئەو بزاوتە ڕیشەییەو گوتارەکەی پەسندبکرێت، هەروەها ئەوانەی لە پشت بڕیارەکەوەن، بەڵکو پێویستە دارەکە لەو شوێنەوە بگرینەدەست کە نەنووشتێتەوەو زیاتر ماڵوێرانیی بەدوای خۆیدا بهێنێت و بارودۆخەکە بگەڕێنێتەوە بۆ بەر لە دەستپێکردنی کاروانی بنیادنان.

**عێراق بە هەموو رژێمە یەک لە دوای یەکەکانەوە هەرێمی کوردستانیان پشتگوێ و پەراوێز خست و بە شێوازگەلێکی ئابووریی ستەمئاسا بەتاڵانیان برد، بەم هۆیەشەوە هەژاری و نەخوێندەواری و نەزانین تەشەنەی کرد**

**کوردستان رووبەرووی رێگە پێگرتنێکی زۆرەملێی بۆوە بۆ سنووردارکردنی پرۆژەکانی بنیادنان بە هۆی دەستەبەسەرداگرتنی پشکی دارایی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە**

**پێویستە بایەخێکی تایبەت بدرێتە بواری پڕچەککردن و دابینکردنی تەقەمەنی بە شێوەیەک کە لەگەڵ داواکارییە کوردستانییەکان و مژاری مەشقکردندا بگونجێت**

رەنگە هەندێ لە هەرزەکارانی سیاسەت پێیانوابێت کە ئەمە پاشگەزبوونەوەیە لە پرەنسیپەکان، یان خیانەتکردن بێت لەگەڵ، بەشێوەیەك کە وازی لێ بهێنرێت تا بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەلومەرجێکی سەختی گوزەرانەوە، بەڵام دیدگای ئەوانە بستێ تێپەڕناکات، بۆیە دەبینین کە ئەوانە بەدەنگی بەرزو گیانی رادیکالی و بێ هیچ دانایی و تێڕامانێکەوە هەڵدەچن و نازانن چ شاردراوەیەك لە ئارادایە.

هەروەها هەندێ لایەنی مافەکانی مرۆڤ و چالاکوانان، سەیری ناوەڕۆك و قووڵایی قەیرانەکە ناکەن بەقەدەر ئەوەی کە لەرووی سۆزەوە دەڕواننە هەندێ پەلامار یان دەستدرێژی و لەجیاتی دانانی چارەسەری ئەرێنی نموونەیی گونجاو گوتارەکانیان گۆڕیوە بۆ گوتاری سیاسیی توند بە شێوازی: بڕووخێت، بژی...ئەوانە بەم شێوەیە بنەمای کێشەی مافەکە لەبیردەکەن.

دیارە کەسانێك هەن کە لەئاوی لێڵدا مەلە دەکەن و هەوڵ دەدەن سەرکردایەتیی کوردستان بەلاڕێدا ببەن، واتا دەیانەوێت لەکۆتاییدا سیاسەتەکەیان پەیڕەو بکەن بۆ ئەوەی زیان بەو گەلە بگەیەنن، چونکە خەون بە هاتنی رژێمێکەوە دەبینن کە خزمەت بە مەرام و تەماحکاریی لایەنەکان دەکات کە هیچ پێوەندییەکیان بە گەلەوە نییە تەنیا لە روانگەی دوژمنکارییەوە نەبێت.

ئەوە ماوەتەوە کە لێرەدا بەم چارەسەرە، لایەنێکی هەوڵەکانی چارەسەرو ئەلتەرناتیڤەکان تۆمار بکەم، ئەو

**لە ساتەوەختی ئێستادا پێکهاتەیەکی فشار هاتۆتە ئاراوە لەلایەن حکومەتی تایفەگەرییەوە لە بەغدا کە گەمارۆی ئابووری سەپاندووە و خەریکی نانەوەی ناکۆکییە و دووریش دەکەوێتەوە لەو هەنگاوانەی گونجاون بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتییانەی کێشەکانی عێراق و کوردستان**

هەوڵانەش بە سەلامەتی و هۆشیارییەوە کاریان پێدەکرێت، بەڵام پێویستە ئێمە جەختیان لێ بکەینەوە تاکو هۆشیاریی جەماوەری کوردستان بە ئاراستەی گرنگێتیی ئەو هەوڵانە بخەینەڕوو، هەروەها بەکردەنی بەشداری لە وەدیهێنانیان بکات، لێرەشدا ئەمانە داواکراون:

١. چاوپێخشاندنەوەیەکی هاوبەش بە کەرتی ئابووری لەسەر ئاستی سەرکردایەتی بە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان و جەماوەرەکانییانەوە تاکو بەپێی هەلومەرجی ئێستا ئەولەویاتەکان ڕێك بخرێن.

٢. دەستکردن بە هەوڵەکانی وەبەرهێنان کە هێزە نێودەوڵەتییە ئەوروپی و ئیقلیمییەکان رادەکێشێت تایبەت بە پرۆژە ستراتیژییەکان و ئەوانی دیکەی ژێرخان لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گواستنەوەو گەیاندندا.

٣. بەگەڕخستنی هێزی کار تایبەت بە دەرچووان و چارەسەرکردنی هەر شێوەیەکی بێکاری و دانانی پلانی جۆرەکیی بۆ نەهێشتنی هەژاری و نەخوێندەواری.

٤. چاککردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و هێنانی وەبەرهێنانی گونجاو بەمەرجی پەسندکراو لە بوارە جیاجیاکاندا، چ وەبەرهێنانی خۆماڵی یان دەرەکی بن، لەگەڵ ئاگاداربوون لە هەردوو بواری تەندروستیی گشتی و بیمە مرۆییەکان و دەستەبەرکردنی زەمینەیەکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چالاککردنی هەوڵەکانی دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و رۆڵی تایبەتیی دادگای سەربەخۆ.

٥. دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤگەلێکی یەکلاکەرەوە لە پرسی مووچەی گشت کارمەندان و دوانەخستنی خەرجکردنی ئەو مووچەیە، هاوکات چاوەڕوان نەکردنی ئەو وتووێژانە لەگەڵ بەغدادا، لەبەر ئەوەی لە رادەبەدەر کەوتۆتە ژێر فاکتەرەکانی گوشار و قۆستنەوە بە ئاراستەیەکی نالۆژیکیی واتاکانی دەوڵەتی فیدراڵی، بەپشت بەستن بە جیاوازیی هەردوو سیستەمی حوکمڕانیی نێوان تایفەگەریی پڕ لە گەندەڵی و میکانیزمەکانی حوکمڕانی لە بەغدا و نێوان سیستەمی مەدەنیی دیموکراسیخواز کە لە پێناو سەقامگیری و پێشکەوتن و پەرەپێداندا لە کوردستان تێدەکۆشێت.

٦. بایەخدان بە ئەولەویاتی تایبەت بە هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە بەو ناوەی کە پاسەوانی یەکلاکەرەوەن لە شەڕدا لەگەڵ لایەنەکان کە شەڕخوازانە دەڕواننە کوردستان، لەمەشدا پێویستە کە بایەخێکی تایبەت بدەینە بواری پڕچەککردن و دابینکردنی تەقەمەنی بە شێوەیەك کە لەگەڵ داواکارییە کوردستانییەکان و مژاری مەشقکردندا بگونجێت.

٧. دانانی ستراتیژییەتێکی تایبەت و وەبەرهێنانگەلێکی دیاریکراوی پەروەردەی بنەڕەتی و پیشەیی و تەکنیکی و خوێندنی باڵاو مەڵبەندەکانی توێژینەوەی زانستی، هاوکات پلاندانان و هێنانی تازەترین داهێنانی سەردەم.

کەواتە، لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان چاوەڕوان دەکرێت، پێویست بە سێ تەوەر دەکات بۆ پاڵپشتیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کە دەکرێ لەم تەوەرانەدا دابڕێژرێنەوە:

١. تەوەری وەبەرهێنانی ئابووری بەپێی پێداویستییەکانی راستەوخۆی گوزەران و پێداویستییەکانی بنیادنانی ستراتیژی و رووکردنە دەوڵەتان و سەندوقەکانی تایبەت بە پاڵپشتیی و وەبەرهێنان.

٢. تەوەری پاڵپشتیی ئەمنی و سەربازی بۆ دەستەبەرکردنی شارەزایی و مەشق و چەك و تەقەمەنیی گونجاو بۆ ئەو شەڕەی لە ئێستادا سنووری کوردستانی گرتۆتەوە.

٣. تەوەری کاروباری مرۆیی تایبەت بە بابەتەکانی ملیۆنەها پەنابەرو ئاوارە و پرسەکانی رزگارکردنی خێزان و رفێنراوان و دابینکردنی چارەسەریی پزیشکیی دەروونی و پشتیوانیکردنی چارەسەری کێشەکانی نێو کۆمەڵگە کە لە ئاکامی تاوانەکانی وەك کۆمەڵکوژی و جینۆساید سەریان هەڵداوە، لەوانەش ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، هاوکات پێشهاتی دواتر دژ بە پێکهاتە جەوهەرییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی وەك ئێزیدی و کریستیانەکان.

بەڵام چۆن دەکرێ بگەینە ئەو پاڵپشتییە، ئەوا ناکرێ وەك رێگایەك پشت بە دەرەوەی فیدراڵ و لوتکەی دەسەڵات ببەسترێت لە بەغدا، چونکە رەوشەکە بە جارێ تێکچووەو گەیشتۆتە ئەوپەڕی شێواوی، بەڵکو پێویستە سوود لە پێوەندییە راستەوخۆکان ببینین لەگەڵ دۆستانی کورد لە دەوڵەتاندا، هاوکات هەموو هەڵمەتێکی مرۆیی بقۆزینەوە بۆ پێوەندیکردن بە رێکخراوە تایبەتمەندە نێودەوڵەتییەکانەوە، هەروەها باسکردنی راستەوخۆ لەگەڵ بەرزترین بەرپرسی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لەوانەش بەرپرسی عەرەب بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی تەوەریی عەرەبی.

ئەو ئاسۆیە نەك هەر چارەسەری چاوەڕوانکراو بۆ ساتەوەختی ئێستا دەستەبەرناکات، بەڵکو زەمینەیەکی پتەو دابین دەکات بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بە ئاسۆگەلێکی ئایندەیی گونجاو لەچوارچێوەی بوونی بنەما و ژێرخانی خۆماڵی و نێودەوڵەتی کە بە کاری لەخۆبردووانە ئەم هەنگاوە رێکدەخرێت، بەڵام دەرەنجامی چاوەڕوانکراو هەمیشە بەرهەمدار دەبێت.

**ناکرێ وەک رێگایەک پشت بە دەرەوەی فیدراڵ و لوتکەی دەسەڵات ببەسترێت لە بەغدا، چونکە رەوشەکە بە جارێ تێکچووەو گەیشتۆتە ئەوپەڕی شێواوی، بەڵکو پێویستە سوود لە پێوەندییە راستەوخۆکان ببینین لەگەڵ دۆستانی کورد لە دەوڵەتاندا**

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا**

# دۆسیەی یاسایی پەیوەست بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان- عێراق*

گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١و لە دوای جیابوونەوەی لە ڕووی کارگێڕییەوە لە حکومەتی ناوەندی، بۆ جیهانی سەلماند کە توانای خۆبەڕێوەبردنی هەیە، بەتایبەتیش لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو لە ساڵی ٢٠٠٣و ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە لە دوای ڕووخان هاتنەئاراوە، گەلی کورد هەوڵیدا بۆ ئەوەی بژی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێ لە عێراقدا، بە هیوای بەدەستهێنانی مافەکانی و پاراستنی ئاسایش و ئاشتی و بەشداربوون لە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بەڵام دەوڵەتی عێراق سیاسەتی مافی هاووڵاتیبوونی پەیڕەو نەکرد، پابەندیش نەبوو بە هیچ مەرجێك لە مەرجەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و پێچەوانەی زۆرێك لە بەندەکانی دەستووریش وەستایەوە. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی گەلی کورد بە ئاراستەی داوای یاسایی بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس بیر بکاتەوە، بۆ خۆلادان لەو کارەساتانەی تووشی ببوو لە سایەی سیاسەتی پەراوێزخستن و پاکتاوکردنی نەژادی. جا لەبەر ئەوەی کوردستان هەر سێ پایەکەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە کە بریتین لە (خاك و گەل و دەسەڵاتی سیاسی) و پاشان دانپێدانان لە دەستووری عێراقدا بەوەی کە کورد گەلە و کوردستانیش هەرێمێکی دانپێدانراوە، بۆیە گەلی کورد هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافەی کە شایانیەتی بەپێی هەموو پێوەرە مرۆیی و ئەخلاقی و ئایینی و یاسا نێودەوڵەتییەکان.

بە بیناکردن لەسەر ئەوەی باسکرا، بۆردی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان – عێراق کە لە ٢٠١٤/٦/٧ دامەزرا، لە ژێر چەتری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە، هەوڵیش دەدات بۆ گەیاندنی گوتار و داواکارییەکانی ئەم گەلە بە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەتیش کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**● پێوەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی باشووری کوردستان**

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان مافێکی ڕەوا و داواکارییەکی میللی پشت بەستووە بە زۆر بنەمای مێژوویی و یاسایی و ئەخلاقی و ئایینی کە لە پێشەکیی ئەم دۆسییەیەدا بە کورتی پشتی پێ دەبەستین.

ڕێگرتن لە گەلی کورد بۆ دەستخستنی مافی خۆی لە دیارکردنی چارەنووسی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی، جۆرێکە لە هەڵاواردنی نەژادی دەرهەق بە مافی ئەم گەلە و سەرپێچیکردنێکی ئاشکراشە بەرامبەر بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێودەوڵەتی و زوڵمێکیشە لە مافی ئەم گەلە.

**● بنەماکان و یاسا پەیوەستەکان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە- بنەما گشتییەکان**

١. بنەماکانی شۆڕشی ئەمریکا ساڵی ١٧٧٦
٢. بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩
٣. بنەماکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٨٩٦
٤. بنەماکانی ویلسۆن ساڵی ١٩١٨
٥. لێدوانی هاوبەشی بەریتانی – فەرەنسی ساڵی ١٩١٨

**● بەڵێننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان**

١. ڕێککەوتننامەی مونتەڤیدیۆ ١٩٣٣
٢. بەڵێننامەی ئەتڵەسی ١٩٤١
٣. جاڕنامەی هێلسینکی ١٩٧٥
٤. پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان١٩٦٦
٥. جاڕنامە و بەرنامەی کاری ڤییەننای دەرچوو لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ ١٩٩٣

**● یاسا نێودەوڵەتییەکان**

١. بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٤٥
٢. جاڕنامە و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان:
أ: ڕاگەیەنراوی تایبەت بە مافەکانی کەسانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و زمانەکان ١٩٩٢
ب: جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨
ج: جاڕنامەی بەخشینی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی کۆلۆنیالکراو ١٩٦٠



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

ە: بڕیاری کۆمەڵـەی گشـتی ژمـارە ٣٣١٤ ی سـاڵی ١٩٧٤
ح: بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ٢١٠٥ ساڵی ١٩٦٥
خ: بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ٢٦٢٥ ساڵی ١٩٧٠
ز: لێژنـەی نێودەوڵەتـی بـۆ جێبەجێکردنـی (مافـی بڕیاردانـی چارەنـوس) سـاڵی ١٩٧٠

**● مێـژووی ڕێککەوتنامــە نێودەوڵەتییــەکان لــە بــارەی کوردســتان و دەســەڵاتە کوردییەکانــەوە**

ئـەم بەشـە ڕوونکردنـەوەی پێوەندیـی مێژووییانـەی کوردسـتان و چالاکییـە سیاسـییەکانیەتی لەگـەڵ لایەنـە دەرەکییەکانـدا بەپێـی ڕێککەوتننامـە پەسـەندکراوەکانی نێـوان لایەنـە دەرەکییـەکان و ئـەو دەسـەڵاتە کوردییانـەی کـە فەرمانڕەواییـان کـردووە بەپێـی پێـوەرە نێودەوڵەتییـە هاوچەرخـەکان بـە پشتبەسـتن بـە فۆرمـە یاساییەکان، ئـەم ڕێککەوتننامانـەش کـە دێـن باشـترین بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی باسـکرا:

أ: ڕێککەوتننامـەی عوسـمانی - کوردی لە نێوان سوڵتان سەلیم و شێخ ئیدریسی بەدلیسی ١٥١٤
ب: بروسـکەی عەلـی ئیحسـان پاشـا بـە نـاوی سـوڵتانی عوسمانییەوە بۆ شێخ مەحموود پاشای کوردستان ساڵی ١٩١٨
ج: پـڕۆژەی ئەنجومەنـی نیشـتمانیی تورکیـای گـەورە لـە پێنـاوی پاشـکۆکردنی کوردسـتان پێیـەوە، کـە نوێنەرانـی کورد دژی وەستانەوە (لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهان)

**● کوردستان لە بڕیار و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا**

أ: کۆنگـرەی پاریـس سـاڵی ١٩٠٢یەکـەم دابەشـکردنی دەوڵەتـی عوسـمانیی لـە کۆنگـرەی پاریـس لـە سـاڵی ١٩٠٢ بـوو، بەشـداربووانیش بریتیـی بـوون لـە نەیارانـی دەوڵەتی عوسمانیی بە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیشەوە، لەگـەڵ کـورد و ئەرمـەن و عـەرەب، کـە هەموویـان کـۆك بـوون لـە سـەر سـەربەخۆبوون و دابەشـکردن
ب: پـڕۆژەی کێـرزن ڕێخۆشـکار بـۆ ڕێککەوتننامــەی سـیڤەر، سـاڵی (١٩١٩)
ج: کۆنگرەی سان ڕیمۆ ساڵی ١٩٢٠
د: ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر ساڵی ١٩٢٠بەشـی سـێیەمی ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر بایەخێکـی زۆری هەبـوو بـۆ کـورد، چونکـە بـە ناونیشـانێکی تایبـەت نـاوی کوردسـتان هاتبـوو، پێـش ناوهێنانـی دەوڵەتـە عەرەبییـەکان و بەبـێ ئاماژەکردنیـش بـۆ سیسـتمی ئینتیـداب، لـە نێـو واژۆکارانیشـدا نوێنەرانـی دەوڵەتـی عوسـمانی (هـادی پاشا و دکتۆر ڕەزا) هەبوون، لەلایەن عەرەبیشەوە (مەلیك فەیسـەڵ) هەبـوو .

ئـەم ڕێککەوتننامەیـە کوردسـتان و عێـراق (کـە بـە میسـۆپۆتامیای عەرەبـی ناسـرابوو) تـا ئەوسـای بـە دوو مـاددەی جیـاواز بـاس کردبـوو، بـە جۆرێـك باسـی کوردسـتانی بـە پێـی مـاددە (٦٢) کردبـوو، باسـی عێراقیشـی بەپێـی مـاددە (٩٤، ١٣٢) کردبـوو. جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە، هـەر چەنـدە ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر لـە ڕووی سیاسـییەوە هەڵوەشـێندرایەوە، بـەڵام لـە ڕووی یاساییەوە هەڵنەوەشێندراوەتەوە، هەتا ئێستاش ماوە و هیـچ ماددەیـەك لـە ڕێککەوتننامـەی لۆزان-دا نییـە کـە ڕێککەوتننامـەی سـیڤەری هەڵوەشـاندبێتەوە.

شـایانی باسـە کـە ئـەو ماددانـەی تایبەتـن بـە ئاینـدەی کوردسـتان لـەم ڕێککەوتننامەیـەدا بریتیـن لـە ٤٤٣ مـاددە، کـە پێویسـتە لێـرەدا بـاس لـە گرنگترینیـان بکەیـن کـە ئاینـدەی کوردسـتانیان پێـوە بەنـدن:

مـاددە (٦٢): کـە سـنووری ئـەو ناوچانـە دیـار دەکات کـە زۆربینـەی کوردنشـینن، لەگـەڵ پێدانـی زەمانەتـی تـەواو بـۆ پاراسـتنی ئاشـووری و کلدانـی و گرووپـە ئێتنـی و ئایینییەکانـی دی لـە ناوچەکـەدا.

مـاددە(٦٣): بـاس لـە ڕەزامەندیـی دەوڵەتـی عوسـمانی دەکات لـە ئێسـتاوە دەسـت بـکات بـە جێبەجێکردنی بڕیـارە پەیوەسـتەکان.

مـاددە(٦٤): بـاس لـە مافـی کـورد دەکات بـۆ جیابوونـەوە لـە تورکیـا و ڕازیبوونـی تورکیـاش لـە سـەر وازهێنـان لـە هەمـوو مـاف و دەستکەوتەکانی لەو ناوچانەی کوردستان.

**● باشووری کوردستان**

کوردسـتان نیشـتمانێکی یەکگرتـوو بـوو، لـە دوای سـایکس پیکـۆ (١٩١٦) و لـۆزان (١٩٢٤)ـەوە زاراوەی باشـووری کوردسـتان هاتەئـاراوە وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئـەو بەشـەی کوردستان کە کرایە پاشکۆی عێراق لە ساڵی (١٩٢١).

**● مەرجەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق و پێوەلکاندنی کوردستان**

١. مەرجەکانـی پێکهێنانـی دەوڵەتـی عێـراق لـە بڕیـارە نێودەوڵەتییەکانـدا:

أ: ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆ ١٩١٦
ب: ڕێککەوتنامەی شەریف ماکماهۆن ١٩١٤
ج: ڕێککەوتنامەی فەیسەڵ وایزمان ١٩١٩
د: ڕێککەوتنامەی سیڤەر ١٩٢٠
ە: ئینتیدابی بەریتانی لە سەر عێراق ١٩٢٠

عێـراق پێـش سـاڵی ١٩٢١ قەوارەیەکـی سیاسـی تەنانـەت ویلایەتێکـی عوسـمانییش نەبـووە، هەرچـی سێ ویلایەتەکـەی بەغـدا و بەسـرە و موسڵ-یشـە هیـچ جیاوازییەکیـان نەبـووە لـە ئـەو دوای ویلایەتەکانـی دی. لە ڕاستیشـدا ئـەوە بەریتانیـا بـوو کـە ئـەو سـێ ویلایەتـەی هەڵبـژارد بـۆ داتاشـینی وڵاتێـك بـە نـاوی عێراقـەوە، کـە یەکـەم هەوڵیشـی لـە مـاددەی (١)ی سـایکس پیکـۆی ١٩١٦ و، ڕێککەوتنامـەی شـەریف ماکماهـۆن ١٩١٤ی خیانەتکارانـەدا بـوو کـە دواتـر ویلایەتـی موسڵیشـی لە(سـان ڕیمـۆ) خستەسـەر.

مادەی (٩٤)ی سیڤەر تایبەت کرابوو بە عێراق و مادەی (٩٥)یش بە ئیسرائیلی ئایندە) و کۆنگرەی قاهیرە ١٩٢١ پاشان لە پەیمانی کۆمەڵەی گەلان بوو بە بنەما بۆ ئینتیداب لەسەر عێراق و بەو هۆیەشەوە بەریتانیا کرایە بەرپرس لەسەر عێراقی پێشنیازکراو، دوای ئەوەش بەریتانیا راستەوخۆ دەستیکرد بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەم شێوەیە (هەنگاوەکانی دامەزراندن):

أ: یەکەم هەنگاو بەم ئاراستەیە بریتی بوو لە دامەزراندنی (ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراقی) لە ساڵی ١٩٢٠ کە پێکهاتبوو لە راوێژکارە بەریتانییەکان لە بەغدا کە ئەوانیش بریتیبوون لە: (سێر بونام کارتەر) و (کۆلۆنێل هاوڵ) و (مێجەر بۆلارد) و (میستەرفیلبی) و (میس بێل).

ب: لە دوای دەرچوونی سیستمی ئینتیداب، لە بەغدا لە بەرواری (١٩٢٠/٥/٣) راگەیەندراوی رەزامەندیی ئینتیداب لەسەر عێراق بڵاوکرایەوە، کە لەلایەن کۆنگرەی هاوپیمانان لە سان ریمۆوە دانرابوو لە (١٩٢٠/٤/٢٥)، بەو پێیەش ئیدارەیەکی کاتیی لە بەغدا دامەزرا بە سەرۆکایەتیی (حوسێن ئەفنان).

ج: لە بەرواری (١٩٢٠/١٠/٢٥)دا، عەبدولڕەحمان نەقیب راسپێردرا لەلایەن (کۆکس)ـەوە بۆ پێکهێنانی یەکەم حکومەت لە رێگەی نامەیەکەوە کە لە هاوپێچەکەیدا ناوی وەزیرەکانی تێدابوو.

د: پەرلەمان: بەپێی ماددەی (١٨) لەپەیماننامەی یەکەمی نێوان عێراق و بەریتانیا، بەڕێ پێدانی تایبەتیش لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە پێکهێنرا لە١٩٢٠/١١/١٠ لە سەردەمی کابینەکەی جەعفەر عەسکەری، بەریتانیا ئەو کات پێویستیی بە پێدانی شەرعییەت بوو بۆ پەیماننامەی عێراق و بەریتانیا لە رێگەی (ئەنجومەنی دامەزرێنەری عێراقی)یەوە، رۆژی ١٩٢٣/٢/٢٥ وەك رۆژی راپرسی دیار کرد.

ح: دەستوور: بەپێی ماددەی (١) لە رێسای ئینتیداب بەریتانیا راسپێردراو بوو لە ماوەی (٣) ساڵدا دەستوورێك بۆ عێراق بنووسێتەوە، بەم جۆرەش لێژنەیەکی تایبەت لە راوێژکارانی بەریتانیی بە سەرپەرشتیی وەزارەتی موستەعمەرەکان ئەم کارەیان بە ئەنجام گەیاند کە پێکهاتبوون لە:

١. مێجەر یۆنك کارمەند لە وەزارەتی موستەعمەرەکانی بەریتانیا.

٢. مستەر دێروار راوێژکار لە وەزارەتی دادی عێراق لە ژێر چاودێریی مستەر فیدەرسۆن.

نوسخەی ئەسڵی دەستوورەکە بە زمانی ئینگلیزی بوو، وەرگێردرایە سەر زمانی عەرەبی، ئەنجومەنی دامەزراندنیش رەزامەندیی لەسەر نیشاندا لە مانگی تەموزی ١٩٢٤ بڵام لە بەرواری ١٩٢٥/٣/١٧ بوو بە یاسا بە ناوی یاسای بنەڕەتی.

ع: سوپا: بەپێی بڕیاری ژمارە (٣) لە کۆنگرەی قاهیرە لە نێوان ١٢- ١٩٢١/٣/٣٠ و، پێشتریش بە پێی بڕگەی (٢)ی لائیحەی ئینتیداب و بەپێی نووسراوی نێردەی باڵای بەریتانی ژمارە (٩٣١٤) لە (١٩٢١/٥/٢٦) کە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران نێردرابوو، فرمانی پێدەکردن بۆ دامەزراندنی سوپای عێراق. ئەنجومەنیش لە دانیشتنی هەمان رۆژی خۆیدا یاسای خۆبەخشیی کاتیی بۆ چوونە نێو سوپای عێراق پەسەند کرد، بۆیە لە ١٩٢١/٦/٢١ جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگریی لەدایکبوونی سوپای عێراقی راگەیاند، هەروەها وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا مستەر چەرچڵ لە ١٩٢١/٦/١٤ لە ئەنجومەنی گشتیی بەریتانیاوە دامەزراندنی سوپای عێراقی راگەیاند.

ك: لە سەر ئاستی ئاسایشی ناوخۆش عەقید برسکۆت هێزی (الشبانە)ی دامەزراند وەك هەوێنێك بۆ هێزی پۆلیسی عێراق، ئەمەش بەپێی فەرمانێکی تایبەت لە فەرماندەی گشتیی بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩١٩، دواتریش بەیاننامەی پۆلیس ژمارە ٧٢ی ساڵی ١٩٢٠ دەرچوو کە ناونرا بە ئەرکەکانی پۆلیس.


م: وەزارەتی دەرەوە: بەپێی ماددەی (١٢)ی لائیحەی ئینتیداب، بەریتانیا کاروباری دەرەوەی عێراقی بەڕێوە دەبرد، تا ئەو کاتەی (پێرسی کۆکس) وەزارەتی دەرەوەی عێراقی هێنایەئارا بەپێی نووسراوی ژمارە (أ، ب: ٤٢) لە (١٩٢٣/٥/٨).

ی: ئەندامبوونی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان: عێراق لەلایەن بەریتانیاوە ئاگادار کرایەوە بەپێی نووسراوی ژمارە (٥٢٥/٢٣٧) لە بەرواری ١٩٢٩/٩/١٤ کە بەریتانیا ئامادەیە بۆ ئەوەی عێراق بکاتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢ بۆیە لە (١٩٣٢/١٠/٣) عێراق قەبووڵکرا وەك ئەندامی ژمارە (٥٧) لە کۆمەڵەی گەلان، بەمەش بوو بە یەکەم دەوڵەت کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیا ببێتەوە. بەم شێوەیەش دەوڵەتی عێراق بە ئیرادەیەکی دەرەکی دروست بوو، نەك بە ئیرادەیەکی میللی، بۆیە تا ئێستاش نابینین عێراق ئەم بەروارەی وەك جەژنی نیشتمانی عێراق ناسیبێت.


- **بەشی یەکەم**
- **تێبینی:**

ئەم دۆسیەیە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ئامادەکراوە لەلایەن (بۆردی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان – عێراق)ـەوە بە هاوکاریی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، منیش وەك راوێژکاری بۆرد بە باشم زانی لەم ساتەدا بە سێ بەش خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان-ی ئازیزی پێ ئاشنا بکەم.





د. لەتیف کەریم واحید



د. حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا



د.وەلی مەحمود




یوسف عوسمان حەمەد



# تەنگژەی ئابووری و قەیرانی دارایی

# قەیرانەکانی دارایی و شێوازی بەرەنگاربوونەوەیان لە مێژوودا



د. لەتیف کەریم واحید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

## ● پێشەکی

دەستبەیەخەبوونی قەیرانی دارایی لە قۆناغی ئێستای کوردستاندا پێشهاتێکی زۆر نەخوازراو و زیانبەخشە، بەڵام دیاردەیەکی چاوەڕواننەکراو نەبووە لە لایەن زۆر لە ئابووریناسانەوە. تەنیا پشتبەستن بە داهاتی نەوت خۆی لە خۆیدا زەمینەی خۆش کردووە بۆ پێشهاتنی قەیرانێکی لەم جۆرە، بەڵام چاوەڕواننەکردنی قەیرانێکی لەم جۆرە لە لایەن فەرمانڕەوایانی کوردستان کورتبینی و ناهوشیاری سیاسی و ئابووری دەگەیەنێت.

مێژووی قەیرانی دارایی لە سیستەمی سەرمایەداریدا دیاردەیەکی نوێ نییە و پێشینەیەکی سەخت و دژواری لە زۆر وڵاتدا هەیە، بەڵام کەم وڵات لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییدا وەك ئێستای حکومەتی کوردستان وا بە چۆکدا هاتووە. ئەم دەرهاوێشتەیەش پێویستی بە تێدا ڕامان و لێکۆڵینەوەی فرەتر هەیە.

## ● قەیرانەکانی دارایی

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو ٥٠ ڕووداوی ئابووری و دارایی هەبوون کە بەلای کەمیەوە ٤٠ یان بە قەیرانی دارایی دەژمێردرێن. سیفەتەکانی قەیرانی دارایی لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە ناهاوکێشەیی بازرگانی، بە واتای ئەوەی کە بڕی هاوردەی کاڵاکان بۆ ناوەوەی وڵات زۆر زیاترە لە هەناردەی کاڵاکان، لە هەمان کاتدا ناهاوسەنگی بودجەی حکومەت بەلای کەمیەوە بە ڕێژەی ٥ ٪ی کۆی گشتی داهاتی نەتەوەیی دەبێت. هێمایەکی دیکەی قەیرانی دارایی ئەوەیە کە هاتنەناوەوەی سەرمایە زۆر کەمترە لەوەی کە کورتهێنانی ناهاوسەنگی بازرگانی (Trade Imbalance) داپۆشێت. بێگومان هەموو ئەوانەی دەبنە مایەی کەمبوونەوەی سەرمایە بۆ وەبەرهێنان و دەبنە مایەی داچوونی کۆی گشتی بەرهەمهێنانی ناوخۆی وڵات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێژەی بێکاری بەرزدەکاتەوە، داهاتی تاکەکەسیش نزم دەبێتەوە. بە هەمان پێوەر ڕێژەی هەژاری بەرزدەبێتەوە و ناجێگیری و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات. گەورەترین و خراپترین قەیرانی دارایی لە سەد ساڵی ڕابردوودا قەیرانی داچوونی مەزنی ساڵی ١٩٢٩ بوو کە کۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بە ڕێژەی ٣٠٪ دابەزاند. لە دوای ئەوە ناوبەناو قەیرانی دارایی لە سیستەمی سەرمایەداریدا سەری هەڵداوە. خراپترینیان کە وڵاتانی گەشەکردووی گرتووەتەوە، قەیرانی دارایی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوو کە لە لە ساڵی ١٩٩٧ ڕوویدا.

بە پێی هۆکارەکانی قەیرانەکانی دارایی، ئابووریناسان بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستا قەیرانەکانیان کردووە بە سێ جۆرەوە (Model). جۆری یەکەمیان کە پێی دەگوترێت ‹نەوەی یەکەمی قەیرانی دارایی› (The First Generation Financial Crisis) لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا ڕوویدا لە کاتێکدا زۆر وڵات نرخی دراوەکانیان دیاری کردبوو و وڵاتەکانیان ناهاوسەنگی بازرگانییەکی گەورەیان هەبوو، لە کاتێکدا کە یەدەکی دراوی بیانییان هێندە نەبوو کە ئەو ناهاوسەنگییە داپۆشێ و بەرگری بکات لە نرخی دراوەکانیان. بەو هۆیەوە ناهەوسەنگی سەرمایە درووست بوو و ڕێژەی هەڵئاوسان بەرزبووەوە و لە ئەنجامدا دراوەکانیان کەوتە بەر پاڵەپەستۆیەکی یەکجار گەورەوە. جۆری دووەمی قەیرانەکانی دارایی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵدا لە کاتێکدا کە هەندێ وڵاتی ئەورووپی بەتایبەت بەریتانیا کە نرخی دراوەکانیان بە پێی ڕێککەوتننامەی ماستریخت (Maastricht Treaty) دیاری کرد لەگەڵ کۆی نرخی دراوەکانی وڵاتەکانی

دیکەی ئەوروپادا. بێگومان ئەو دیاریکردنەش هەلی بۆ مەزەندەلێدەرەکان (Speculators) دروستکرد کە شك بکەن نرخی پاوەندی بەریتانی دابەزێت و دەستیانکرد بە فرۆشتنی. هەر بۆیە سەرەڕای بەرگریکردنێکی سەختی بانکی ناوەندی بەریتانیا (The Bank of England) لە پاوەند، نرخەکەی لە ماوەی دوو هەفتەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو (٢٦٪) شکا. ئەمەش قەیرانی ئابووری سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی قووڵتر کردەوە. جۆری سێیەمی قەیرانی دارایی بۆ یەکەم جار لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا لە ساڵی ١٩٩٧ ڕوویدا. لە سەرەتای نەوەدەکاندا، وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (کۆریای باشوور، تایلەند، مالیزیا، تایوان، سینگافور، ئیندۆنوسیا و چین) گەشەیەکی ئابووری بەرچاویان دەکرد و بوونە جێگەی سەرنجی سەرمایەی بیانی و لە ماوەی چەند ساڵێکدا بلیۆنەها دۆلار ڕوویانکردە ئەو وڵاتانە. ئەم لێشاوی سەرمایە لە کاتێکدا ڕوویدا کە دراوی ئەو وڵاتانە بەسترابوو بە دۆلاری ئەمریکییەوە. واتە سەرمایەدارانی بیانی متمانەیان هەبوو کە نرخی سەرمایەگوزارییەکانیان نایەتە خوارەوە. بەڵام هەرکە دراوی تایلەند، بەهات (Baht) نرخەکەی شکا، نرخی دراوەکانی دیکەش چوونە ژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆر قورسەوە. هەر بۆیە سەرمایە بیانییەکان دەستیان کرد بە کشانەوە لە ناوچەکە، بەم شێوەیەش قەیرانێکی دارایی قووڵ لە هەموو ناوچەکە دەستی پێکرد.

## ● شێوازی بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی

بێگومان وڵاتانی جیهان هەموویان لە یەك ئاستی گەشەکردنی ئابووری و توانای دارایی و بازاڕی کاردا نین. زۆرجار وڵاتانی گەشەکردوو یەدەکی دراوی بیانییان هێندە هەیە کە لە کاتی قەیراندا بەکاری بهێنن بۆ بزواندنی ئابوورییان، بەڵام زۆربەی ئەو وڵاتانە بە سیاسەتی برەوپێدانی کەرتی گشتی و بەرزکردنەوەی خەرجی حکومەت و سیاسەتی دارایی بەناو ئاسانکردنی تێچەن (Quantity Easing)، واتە خستنەڕووی پارەیەکی زۆر لە بازاڕدا بەرەنگاری قەیران دەبنەوە. بەم پێیەش، ڕێژەی بێکاری دادەبەزێنن و سەرمایەی بیانی بۆ ئابووری وڵاتەکانیان ڕادەکێشن. هەرچەندە، چارەسەری قەیران کوتوپڕی نییە و و تا ماوەی ساڵێك، یان دوو ساڵ درێژە دەکێشێت، بەڵام وڵاتە گەشەکردووەکان لە هەلومەرجێکی بەهێزتردان بە بەراورد بە وڵاتانی گەشەکەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیراندا. وڵاتانی گەشەکەریش هەموو وەك یەك نین و توانای بەرەنگاربوونەوەی قەیرانیان لە یەك ئاستدا نییە. بۆ نموونە، وڵاتی چین یەدەکی دراوی بیانی زۆر بەرزە و زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەو یەدەکە بەکاربهێنێت بۆ چارەسەرکردنی دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی قەیرانی دارایی و ئابووری. لە هەمان کاتدا، پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێت کە زۆربەی وڵاتانی گەشەکەر کە پشت دەبەستن بە هەناردەکردنی کاڵا پیشەسازییەکان لە کاتی قەیرانی داراییدا، تووشی دابەزینی نرخی کاڵاکانیان دەبنەوە. بۆیە ئەمەش دەبێتە هەل بۆ هەناردەکردنی زۆرتر، بەڵام بە نرخێکی کەمتر. بەم جۆرەش، ڕێژەی بێکاری دادەبەزێنن و داهاتی وڵات بەرزدەکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە، زۆربەی وڵاتانی گەشەکەر لە کاتی سەرهەڵدانی قەیراندا کۆنترۆڵی هەنارده و هاوردەی سەرمایە دەکەن، بەم شێوەیەش ڕێگە دەگرن لە ڕەوکردنی سەرمایە بۆ دەرەوەی وڵات. پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە بازاڕی کار لە زۆربەی وڵاتانی گەشەکەردا زۆر نەرمە (Flexible). واتە کۆمپانیا و کەرتی گشتی بە ئاسانی دەتوانن کرێکار لە سەر کارەکانیان دەربکەن، یا بە کرێیان بگرن. ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ کەرتی گشتی لە کاتی قەیرانی داراییدا بە ئاسانی خەرجی خۆی و ناهاوسەنگی بودجەکەی کەمبکاتەوە. ئەڵبەتە پێویستە ئەوە بڵێین کە توانای وڵاتانی ناوچەیەکی جیهان بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانی داراییدا و مەودای درێژەکێشانی قەیران لە وڵاتانی ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت. هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی وڵاتانی ناوچەیەکی دیاریکراوی جێهان زۆر سیفەتی هاوبەشیان هەیە و بەو پێیەش توانای بەرەنگاربوونەوەی قەیرانیشیان زۆر لە یەکەوە نزیکە. لە هەمان کاتدا ئەو وڵاتانەی کە ئابوورییەکەیان فرەچەشنە (Diversified) توانای بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی داراییان زۆر باشترە لەو وڵاتانەی کە ئابوورییەکەیان بەر تەسك و کەم چەشنە. بۆ نموونە وڵاتە ئەوروپییەکان لە سەردەمی قەیرانی دارایی ٢٠٠٨ دا بە تواناتر بوون لە چاو وڵاتانی گەشەکەردا و بە ئاسانی کۆنترۆڵی کەرتی بانکیان کرد و بە سیاسەتی پارە ڕژانە ناو بانکەکان و کەرتی بانکیان سەقامگیرکردەوە. ئەڵبەتە جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین کە قەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ بە هۆی نزمبوونی چاودێرییەکانی سەر بانکەکان دروست بوو و قەیرانەکە لە گەڵ شێوەی قەیرانەکانی دیکەی جیهاندا خانییەکی ئەوتۆی نییە.

بە کورتی ئەم هۆکارانەی خوارەوە یارمەتی زاڵبوون بە سەر قەیرانی داراییدا دەدەن:

١. توانای کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی سەرمایە بۆ ناوە و دەرەوەی وڵات.

**پێدەچێت حکومەت هەڵەیەکی کەڵەکەبووی چەند ساڵە بە هەڵەیەکی دیکە چارەسەر بکات، لە کاتێکدا دوژمنانی کورد زۆر گەشکە دەیانگرێت بە چاوی خۆیان ببینن چۆن ئەم ئەزموونە مێژووییەی کوردستان شکست بخوات و خەونی خۆ بەڕێوەبردنی و سەربەخۆیی کوردستان جارێکی دیکە لە گۆڕ بنرێت**

**نەبوونی فەلسەفەیەکی ئابووری بۆ پاشەڕۆژی کوردستان و سەروکاری ئابووری کوردستان بە شێوەی ڕۆژانە (ژیانی دەست بۆ دەم) و بە پێی ئەو داهاتەی نەوت کە حکومەت دەستی دەکەوێت بووبە مایەی نشوستی و بە چۆکداهاتن**

**حکومەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە خەیاڵی ئەوەدا خەوی دەبینی کە جیهان نە گۆڕە و نرخ و داهاتی نەوت و گاز هەر وەک خۆیان دەمێننەوە و کوردستان هەمیشە لە جەژندا دەژی. هەر بۆیە هەموو هاونیشتمانییان و کۆمپانیاکانی ئازادکرد لە باج کە بناغەی بودجەی حکومەتەکانی وڵاتە پێشکەوتووە**

٢. توانای کەمکردنەوەی بودجەی حکومەت.
٣. توانای کەمکردنەوەی هاوردەکردنی کاڵاکان.
٤. توانای ڕێکخستنەوەی نرخی دراو و کەرتی بانکی.
٥. نەرمیی بازاڕی کار.
٦. هەبوونی یەدەکی دراوی بیانی پێویست بۆ داپۆشینی ناهاوسەنگی بودجەی حکومەت و بازرگانی دەرەوە.
٧. فرەچەشنی ئابووری و پشتنەبەستن بە چەند کاڵایەکی کەم لە هەناردەکردنی بازرگانیدا.
٨. ئامادەبوونی ڕێکخراوە ئابووری و داراییەکانی جیهان وەك سندوقی دراوی جیهانی و بانکی جیهانی بۆ یارمەتیدان لە زاڵبوون بە سەر قەیراندا.

## ● قەیرانی دارایی هەنووکەی هەرێمی کوردستان

بە پێچەوانەی قەیرانەکانی دارایی وڵاتانی دیکەی جیهانەوە، قەیرانی دارایی هەنووکەی هەرێمی کوردستان پێوەندی نییە بە هاتوچۆی سەرمایە و دیاریکردنی نرخی دراو و کارتێکەری داچوونی کەرتی بانکی جیهانی. وەك هەموو کەس دەزانێ، هۆکاری سەرەکی قەیران پشتبەستن بە تاکە داهاتی سامانی سروشتی و داڕووخانی نرخی ئەو سامانەیە. ئەڵبەت قووڵی و سەختی قەیرانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی حکومەت و پێشبینی نەکردنی قەیرانێکی لەم چەشنە. هەر بۆیە حکومەت بەشێکی گەورەی بەرپرسیارێتی ئەم قەیرانەی لە ئەستۆیە. لە هەمووی خراپتر نەبوون و گەشەپێنەدانی سیستەمی باجی داهاتەکانە. حکومەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە خەیاڵی ئەوەدا خەوی دەبینی کە جیهان نە گۆڕە و نرخ و داهاتی نەوت و گاز هەر وەك خۆیان دەمێننەوە و کوردستان هەمیشە لە جەژندا دەژی. هەر بۆیە هەموو هاونیشتمانییان و کۆمپانیاکانی ئازادکرد لە باج کە بناغەی بودجەی حکومەتەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانە. ئەو خەونەش نەك هەر ساویلکانە بوو بەڵکو نابەرپرسیارییەکی ئێجگار گەورەشی پێوەدیارە. بێگومان گەر سەیری ئەو هۆکارانەی سەرەوە بکەین کە یارمەتی زاڵبوون بە سەر قەیرانی دارایی و ئابووریدا دەدەن، دەبینین حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بێتوانایە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا هیچ کۆشش و هەوڵێکی مکوڕی نەداوە بۆ پێگەیاندنی هیچ لەو توانایانەی لە سەروە ئاماژەیان پێکراوە. نەبوونی فەلسەفەیەکی ئابووری بۆ پاشەڕۆژی کوردستان و سەروکاری ئابووری کوردستان بە شێوەی ڕۆژانە (ژیانی دەست بۆ دەم) و بە پێی ئەو داهاتەی نەوت کە حکومەت دەستی دەکەوێت بووبە مایەی نشوستی و بە چۆکداهاتن.


بەرنامەی چاکسازییەکەی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیران، هەمان نەخۆشی بێ پلان و فەلسەفەی ئابووری پێوەدیارە و حکومەت هەر چاوەڕوانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتە لە بازاڕەکانی جیهان و ئاواتەخوازە هەمان ڕێکاری شکستخواردووی کۆن دووبارە ببێتەوە. بڕینی مووچەی کارمەندانی حکومەت بە ناوی پاشەکەوتکردنیان لە بری دامەزراندنی سیستەمێکی باجی داهاتی مۆدێرن و یاسایی، نەك هەر ناڕەزایی و بەرهەڵستی زۆربەی جەماوەری لێدەکەوێتەوە، بەڵکو بارگرانیەکی (Li-ability) دیکە بۆ حکومەت دروست دەکات کە لە توانایدا نییە بە جێی بهێنێت و لە ئەنجامدا ڕەنگە کێشەکەی نێوان حکومەت و جەماوەر دژوارتر بکات. بۆ نموونە، حکومەتێك کە نەیتوانیوە مووچەی پێنج مانگی کارمەندەکانی دابینبکات و نزیکەی ($20bn) (بیست ملیار دۆلار قەرزارە، چۆن پاشەکەوتی بڕە مووچەی بڕاوی کارمەندەکانی دەکات و یان کەی بۆی دەدرێتەوە؟ لە هەمان کاتدا ئەو ڕێژەی بڕانەی حکومەت بە نیازێتی جێبەجێی بکات، ڕەچاوی هیچ یاسا و ڕێسایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناکات. بۆ نموونە چۆن حکومەت بیر لەوە دەکاتەوە کە مووچەی کەسانێك کەمبکاتەوە کە ئاستی گوزەرانیان هێندە نزمە کە خێریان پێ ڕەوایە؟ گەر ‹شارەزایانی› حکومەت کە ئەو خشتەی کەمکردنەوەی مووچەیان داناوە سەیری سیستەمی باجی داهاتی وڵاتانی مۆدێرنیان بکردایە، بۆیان دەردەکەوت کە لە هەموو وڵاتێکدا ئاستێکی داهاتی تاکەکەس هەیە کە تەنیا بەشی بژێوی ئەو کەسە دەکات و بە هێچ شێوەیەك نابێت باجی بخرێتە سەر، یا کەمبکرێتەوە. ئەمان مووچەی کەسێك کەم دەکەنەوە کە بڕەکەی سەد هەزار دینارە و تەنیا ($80) هەشتا دۆلاری ئەمریکییە لە مانگێکدا، لە کاتێکدا مووچە بڕانەکە ئەفسەر و پلەدارەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و هێزەکانی تایبەت و زێڕەڤانی ناگرێتەوە کە زۆربەی زۆری پلەکانیان بە ڕێکاری حزبی و نایاسایی پێیان بەخشراوە. بەداخەوە، پێدەچێت حکومەت هەڵەیەکی کەڵەکەبووی چەند ساڵە بە هەڵەیەکی دیکە چارەسەر بکات، لە کاتێکدا دوژمنانی کورد زۆر گەشکە دەیانگرێت بە چاوی خۆیان ببینن چۆن ئەم ئەزموونە مێژووییەی کوردستان شکست بخوات و خەونی خۆ بەڕێوەبردنی و سەربەخۆیی کوردستان جارێکی دیکە لە گۆڕ بنرێت.

**هەرێمی کوردستان پێوەندی نییە بە هاتوچۆی سەرمایە و دیاریکردنی نرخی دراو و کارتێکەری داچوونی کەرتی بانکی جیهانی. وەک هەموو کەس دەزانێ، هۆکاری سەرەکی قەیران پشتبەستن بە تاکە داهاتی سامانی سروشتی و داڕووخانی نرخی ئەو سامانەیە**

**قووڵی و سەختی قەیرانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی حکومەت و پێشبینی نەکردنی قەیرانێکی لەم چەشنە. هەر بۆیە حکومەت بەشێکی گەورەی بەرپرسیارێتی ئەم قەیرانەی لە ئەستۆیە**

**تەنیا پشتبەستن بە داهاتی نەوت خۆی لە خۆیدا زەمینەی خۆش کردووە بۆ پێشهاتنی قەیرانێکی لەم جۆرە، بەڵام چاوەڕواننەکردنی قەیرانێکی لەم جۆرە لە لایەن فەرمانڕەوایانی کوردستان کورتبینی و ناهوشیاری سیاسی و ئابووری دەگەیەنێت**

# هاوبەشی لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی لە پرۆژەکانی ژێرخان و کەرتی خزمەتگوزاری



د. حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هاوبەشی لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی لە پرۆژەکانی ژێرخان و کەرتی خزمەتگوزاری، بەستراوەتەوە بەو سیستەمەوە کە دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری پەیرەوی دەکات، کە ئایا ئابوورییەکی مەرکەزییە یاخود دەوڵەت پەیڕەوی ئابووری بازاڕ دەکات؟ لە سیستەمی ئابووری مەرکەزیدا حکومەت هیچ بوارێکی بۆ بەشداریکردنی کەرتی تایبەت نەهێڵاوەتەوە، بەڵام ئەمجۆرە سیستەمە بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری شکستی هێناوە لە لەگەیشتن بە پەرەپێدانی بەردەوام، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە کە پێوەندی بە بونیادی سیستەمی مەرکەزییەوە هەیە و دەبێتە هۆی لاوازی لە بەڕێوەبردن و نەبوونی داهێنان و تەشەنەکردنی گەندەڵی کرێکار و فەرمانبەرەکانی کەرتی گشتی لەبەر ئەوەی پشت بە مووچەیەکی بەردەوام و دیاریکراو دەبەستن، هەر بۆیە هاندەرێکیان نییە بۆ پەرەپێدان بە توانا و لێهاتووییان، لە کاتێکدا فەرمانبەر لە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت، ئەگەر بلیمەت و پڕ لە داهێنان نەبێت، کارەکەی لە دەست دەدات. ئەوەتا یەکێتی سۆڤێت و زۆربەی وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی نەیانتوانی بە هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو بگەنە قۆناغەکانی پەرەپێدانی بەردەوام، یەکێتی سۆڤێتی پێشوو کاتێك رووخا، جووتیارەکانی بەشێوازی زۆر کلاسیکی کاری کشتوکاڵیان دەکرد، بەپێچەوانەی ئەو وڵاتانەی تێیدا کەرتی تایبەت بەشدار و هاوبەش بوو لەگەڵ کەرتی حکوومی و بە هەردووکیان توانییان ئاستی بەرهەم و کوالێتی بەرزبکەنەوەو پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام درێژە پێبدەن.

لێرەدا ئەو پرسیارە گرنگە دێتەپێشەوە: بۆچی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە پرۆژەکانی ژێرخان و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان لە چوارچێوەی ئابووریی بازاڕدا گرنگە؟ یەکێك لە گرنگترین خەسڵەتەکانی سیستەمی ئابووریی بازاڕ ئەوەیە دەوڵەت گەرچی خاوەنی دامەزراوەی زۆر و فراوانە لە ڕێگەی دامەزراوەکانیەوە پلان و بەرنامە بۆ پرۆژەکان دادەڕێژێت، بەڵام دەستێوەردان لە کەرتی تایبەت ناکات، تەنیا ئەرکی پاراستن و ڕێکخستن و چاودێری و هاوکاریکردنی کەرتەکە دەکات. هاوبەشیکردنەکە بۆ هەردوو کەرت بەسوودە. کەرتی گشتی سوود لە پسپۆرایەتی و شارەزایی لە بەڕێوەبردن و داهێنان و بەکارخستن و توانای دارایی کەرتی تایبەت وەردەگرێت، لەبەرامبەریشدا کەرتی تایبەت سوود لەو کەش و ژینگە لەبارە وەردەگرێت کە لە رووی یاسایی و سەقامگیری سیاسی و ئابووری و ئەمنییەوە پێشکەش بە وەبەرهێنان و بیزنسکارەکانی دەکات. ئەرکی حکومەتە لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی هاوبەشیکردنی لەگەڵ کەرتی تایبەت کار بۆ پاراستنی ژینگەیەکی تەندروستی کێبڕکێ و شەفافییەت لە پێدانی پرۆژەکان بکات، نەك لەسەر حیساب و بنەمای شەخسی و حزبی و مەحسوبیەت. بەمشێوەیە پرۆسەی هاوبەشیکردنی نێوان کەرتی تایبەت و حکومەت پرۆسەیەکی ئاڵۆز و قورس و درێژخایەنە بەڵام ئاستەم نییە، پرۆسەکە بەلانیکەم ١٠بۆ٢٠ ساڵ و بگرە لە هەندێك وڵات ٣٠ ساڵی خایاندووە، لەو ماوەیەدا هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی سوودمەند دەبن و توانای دارایی و لێهاتوویی کەرتی تایبەت لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیا و پرۆژەکان ئاراستەی واقیعی ژێرخانی ئابووری و پرۆسەی بەرهەمهێنان و داهێنان بە ئاقارێکدا وەردەچەرخێنن کە لەلایەك

بارگرانیی دارایی لەسەر حکومەت کەم دەکەنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کەرتی تایبەت سوودمەند دەبێت لەبەدەستهێنانی هەلی کارو بەشداریکردن لە پرۆسەی ئابووری و دەستکەوتنی قازانج، درێژی ئەو ماوەیەشی کە کەرتی تایبەت بۆ ئەو هاوبەشیکردنەی پێویستە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پارەو بودجەیەی لەو پرۆژانەی ژێرخان و خزمەتگوزاری خەرجی کردووە ماوەیەکی زۆری دەوێت تاوەکو بۆی دەگەڕێتەوە. بۆنموونە کاتێك حکومەت کەرتی تایبەتی راسپاردووە بۆ دروستکردنی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا سەرەتا لە گرێبەستەکەدا پێویستە ئەرك و مافەکانی هەردوولا جێگیر و پارێزراو بێت، ئالێرەدە توانا و لێهاتوویی کەرتی تایبەت دەردەکەوێت کە لە رێگەی پرۆژەی کەڵکی ئابووری پرۆژەکەوە دیراسەی سەرجەم بوارەکانی (بڕی تێچوونی بەرهەمهێنانی مێگاوات کارەباو ژمارەی هاوبەشان و نرخی فرۆشتنەوەی کیلۆوات کارەبایەك) دەکات، حکومەتیش لەبەر ئەوەی هیچ بودجەیەك بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە و بەڕێوەبردنی خەرج ناکات، هەر بۆیە دەبێت ئەو جۆرە پرۆژانە ماوەکەی درێژخایەن بێت، تاوەکو وەبەرهێنەکە پارەکەی خۆی دەستبکەوێتەوە. جێگای داخە ئەم واقیع و ژینگە تەندروستە لە هەرێمی کوردستان لاوازە، لەلایەك بەشدارییەکی تەندروست و راستەقینەی کەرتی تایبەت نییە، لەلایەکی ترەوە حکومەت ژینگە لەبارەکەی بۆ دابین نەکردووە، لەکاتێکدا بەشداریکردنی راستەقینە و جددی بوونی نییە، نە لە رێگەی کەرتی تایبەت نە بە هاوبەشی لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی، ئەوەتا هەمووان گلەیی و رەخنەیان لەو پرۆژانەش هەیە کە لە بواری کارەبا و ئاو و رێگاوبان و تەندروستی و پەروەردە و خوێندن لە کوردستان بوونیان هەیە، بەشداریکردنەکە کەموکورتی تێدایەو قازانجێکی خێرای دەست دەکەوێت و کوالێتی خزمەتگوزارییەکەو نرخەکەی خزمەت بە هاووڵاتیان و نەوەی داهاتوو ناکات.



راسته لە هەرێمی کوردستان وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی کەرتی تایبەت بوونیان هەیە و زیاتر لە (١) ملیۆن و (٤٠٠) هەزار هاوبەشی کارەبامان هەیە، بەڵام بۆ کۆکردنەوەی نرخی کارەبا بەسەدان فەرمانبەر سەرقاڵی ئەم پرۆسەیەن و بەخراپی و لاوازی بەڕێوەدەچێت کەچی بۆ نموونە هەردوو کۆمپانیای کۆڕەك و ئاسیاسێڵ سەدان ئەوەندە هاوبەشیان هەیە فەرمانبەرێکیان ڕاستەوخۆ تەرخان نەکردووە بۆ کۆکردنەوەی نرخی پێوەندی کردن، بەم شێوەیە کەرتی تایبەت میکانیزمی خۆی هەیە بۆ کەمکردنەوەی خەرجی و بەرزکردنەوەی داهات دەبێت دەوڵەت بۆ دەربازبوون لەقەیرانی دارایی و بارگرانی تەرخانکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان خۆی دەرباز بکات و سوود لە ئەزموونە پێشکەوتووەکانی کەرتی تایبەت وەربگرێت.


ئالێرەدا هاوبەشیکردنەکە دەردەکەوێت، زۆربەی شکستەکانی خراپی و لاوازیی کەرتی تایبەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت خۆی جددی نییە لەبەشداریکردنەکە. کەواتە ئایا دەبێت ئەو ژینگەو بنەمانە چی بن تاوەکو پرۆسەی هاوبەشیکردنی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی سەرکەوتوو بێت:

١. کارکردن بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و دارایی، چونکە دۆخێکی شڵەژاوی سیاسی و دارایی دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە بەتایبەتی کە ماوەی زۆربەی گرێبەستەکانی پرۆژە گەورەکانی ژێرخان و خزمەتگوزاری ٢٠- ٣٠ ساڵی پێویستە، بانگێشتکردنی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی تەنیا پلانی ستراتیژی و بەرنامەی حکومەتیان لا گرنگ نییە، بەقەد بوونی ئەو ژینگە ئارامە.

٢. بوونی سیستەمێکی یاسایی و شەفافیەت لەکارکردن و پێدانی پرۆژەکان ، بەجۆرێك لەسەر حسابی مەحسوبیەت و حزبایەتی پرۆژەکان نەدرێنە کۆمپانیاکان.

٣. پلانی ستراتیژیی بۆ پرۆژەکانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان هەبێت و حکومەت لەپرۆسەیەکی شەفاف و خاوێن بیداتە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی لەرووی دارایی و تەکنیکی و لێهاتووییەوە شایستەی بن، نەك لەسەر بنەمای مەحسوبیەت و بەرژەوەندی تایبەتی.

٤. بوونی یاسای وەبەرهێنان و یاسای هاوبەشیکردنی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی بۆ ڕێکخستنی ماف و ئەرکەکان و ئیلتیزامات و جێبەجێکردنی ڕێنمایی و مەرجە یاسایی و دارایی و تەکنیکیەکان.



وڵاتانی وەکو کوێت و ئیمارات و میسر لەساڵی ٢٠١٠ـەوە دەستیان بە پرۆسەی هاوبەشیکردنی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی کردووە، کە بەپێی یاسایەك (یاسای هاوبەشیکردنی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی بۆ ڕێکخستن و ماف و ئیلتیزاماتە دارایی و تەکنیکیەکان) و دەیان وردەکاریتر ڕێکخراوە. لە رووی یاساییەوە دەکرێت هاوبەشیکردنەکە بوونی هەبێت و دەیان سێکتەری جۆراوجۆر هەیە کە کەرتی تایەبت دەتوانێت جێبەجێی بکات، سەرکەوتوو بێت تێیداو خەرجی لەسەر شانی حکومەت کەم بکاتەوە وەکو پرۆژەکانی کارەباو ئاوو ئاوەڕۆو ڕێگاوبان و شارەوانی و گواستنەوەی وشکانی و ئاسمانی و هێڵی شەمەندەفەر و کەرتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاو تەندروستی، ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا روودەدات بەو جۆرە نییە لە زۆربەی ئەو بوار و کەرتانە کۆمپانیا ئەهلییەکان کار دەکەن، بەڵام پڕە لە کەموکورتی و لاوازی، چونکە لەسەر حسابی مەحسوبیەت و شەخسی دراوە بە کۆمپانیا و بەڵێندەرەکان و سیستەمی لێپرسینەوە و چاودێری حکومەت لاوازە کە توانای چاودێری و لێپرسینەوەو سزای کەموکورتییەکانی نییە. بڕواننە کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان کە بە گەندەڵترین کەرت دادەنرێت و دەیان نەخۆشخانەی تایبەت و نۆرینگە و کۆمپانیای دەرمان و کەرەستەی پزیشکی و تیشك و سۆنار و سەدان بابەتی دیکە بوونیان هەیە، بەڵام چ لە رووی مووچەوە، چ لە رووی لێککەوتنی بەرژەوەندییەکانەوە، هەر هەمووی ئیستغلالی کەرتی گشتی کردووە. هەردوو کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵاش بە هەمان شێوە هەزارەها قوتابی و خوێندکار نێردرانە دەرەوەی وڵات و پارە و بودجەیەکی گەورە چووە ئەو زانکۆیانەی دەرەوە لەکاتێکدا دەکرا لە ڕێگەی هاوبەشیکردنی نێوان زانکۆکانی حکوومی و تایبەتی ئەو قوتابیانە لەهەرێمی کوردستان خوێندنیان تەواو بکردایە، من سەرپەرشتیی قوتابییەکی دکتۆرام دەکرد کە لە زانکۆی بەیروتی عەرەبی، حکومەتی هەرێم هەزاران دۆلاری تێدا خەرج کردبوو، کەچی من یارمەتیم دا و مامۆستاکانی سەرپەرشتیاری زانکۆکە هیچ خۆیان لەگەڵ ماندوو نەکردبوو، تەنیا پارە وەرگرتن نەبێ.

دەوڵەت هیچ سوودێکی لەو سەدان قوتابخانە و زانکۆ ئەهلییانە وەرنەگرتووە، لە کاتێکدا وەزارەتی خوێندنی

**تا کار بە مەحسوبیەت و بەرنامەی سەقەتی شەخسی و بەرژەوەندی حزبایەتی بکرێت، هەرگیز ناتوانین بە هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو کار بە سیستەمێکی هاوبەشی چالاک بکەین**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەو کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەو دەربازبوون لەقەیرانی دارایی پێویستە ئەو راستیە بزانێت کە کەرتی تایبەت ئامادە نییە هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتێک، یان حکومەتێکدا بکات کە متمانەی پێی نەبێت**

**ناکرێت وەزارەتەکان تەنیا سەرقاڵی نووسراوی ڕاژە و گواستنەوەو مۆڵەت و کاری رۆتین بن و ئاگاداری بواری ئابووری و بەدەستهێنانی داهات نەبن**

**کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان کە بە گەندەڵترین کەرت دادەنرێت و دەیان نەخۆشخانەی تایبەت و نۆرینگە و کۆمپانیای دەرمان و کەرەستەی پزیشکی و تیشک و سۆنار و سەدان بابەتی دیکە بوونیان هەیە، بەڵام چ لە رووی مووچەوە، چ لە رووی لێککەوتنی بەرژەوەندییەکانەوە، هەر هەمووی ئیستغلالی کەرتی گشتی کردووە**

**فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لەبەر ئەوەی پشت بە مووچەیەکی بەردەوام و دیاریکراو دەبەستن، هەر بۆیە هاندەرێکیان نییە بۆ پەرەپێدان بە توانا و لێهاتووییان، لە کاتێکدا فەرمانبەر لە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت، ئەگەر بلیمەت و پڕ لە داهێنان نەبێت، کارەکەی لە دەست دەدات**

باڵا و پەروەردە دەیتوانی نزامی هاوبەشیکردنی مامۆستایان و کارمەندانی نێوان کەرتی گشتی و تایبەتی پەیڕەو بکردایەو مووچەو پارەیەکی زۆری لەسەر بودجەی ئەو دوو وەزارەتە کەم بکردایەتەوە، چەندین نموونەی دیکە هەیە کە حکومەت و کەرتی تایبەت لە رێگەی پشکەوە هاوبەشی بکەن، وەکو پرۆژەی پۆستە و چاپخانە و رۆشنبیری دەکرێت حکومەت بینا و کەرەستە و ئامێرو کەلوپەلەکان بداتە کەرتی تایبەت و بەڕێوەی بەرن و بە رێژەی لە ٢٠٪ بۆ ٣٠٪ بەشدار بێت. لە فڕۆکەخانەی جدەی سعودیە کە ساڵانە پێشوازی لە زیاتر لە یەك ملیۆن گەشتیار دەکات، حکومەت بە کرێی داوە بە کەرتی تایبەت. کەواتە مادام لە عێراق و کوردستان هیچ رێگرییەکی یاسایی نییە بۆ هاوبەشیکردنی نێوان هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی و لە یاسای کۆمپانیاکاندا هاتووە: ((هەر کۆمپانیایەك (پرۆژەیەك) ئەگەر پشکی دەوڵەت تێیدا لە ٢٥٪ کەمتر بوو، ئەوا ئەو پرۆژەیە لەسەر کەرتی تایبەت دادەنرێت.)) واتا دەوڵەت دەتوانێت بەشداری بکات، ئەگەر رۆڵی سەرەکیی پرۆژەکەش لەسەر کەرتی تایبەت حیساب بکرێت، بەڵام ئەگەر لە سەرووی ٢٥٪ بوو، ئەو کات پێی دەوترێت پرۆژەی تێکەڵ. هاوبەشیکردن مەرج و میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە:

١. لە رێگەی گرێبەستی بەڕێوەبردنەوە، بەوەی کەرتی تایبەت پرۆژە حکوومییەکە وەردەگرێت و بەڕێوەی دەبات لە بری کرێیەك و سوود لە بینایە و کەرەستە و ئامێر و زۆرجار فەرمانبەرانی دەوڵەتیش دەکات.

٢. گرێبەستی بەکرێدان بەوەی حکومەت یەکێك لە سێکتەرە خزمەتگوزارییەکانی بەکرێ دەدات.

٣. گرێبەستی ئیمتیاز بەپێی سیستەمی (BOT) یاخود سیستەمەکانی هاوشێوە کە کەرتی تایبەت لە سێکتەرێکدا کار دەکات و پرۆژەکە دروست دەکات و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو زۆرجار ٣٠ ساڵە بەڕێوەی دەبات و دواتر موڵکییەتی دەگوازرێتەوە بۆ حکومەت، ئەمجۆرە پرۆژانە ئەگەر بێتو بە وردی کەڵکی ئابووری بۆ کرابێت، باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتی دەکرێت و بودجە و خەرجییەکی گەورەش بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەو کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەو دەربازبوون لەقەیرانی دارایی پێویستە ئەو راستییە بزانێت کە کەرتی تایبەت ئامادە نییە هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتێك، یان حکومەتێکدا بکات کە متمانەی پێی نەبێت، متمانە لە رووی یاسایی و ئەمنی و دوورکەوتنەوە لە گەندەڵی و مەحسوبیەت و ناسەقامگیری دۆخە سیاسی و ئەمنییەکە، هەر ئەمەشە وایکردووە کەسێك ناچار نەبێت متمانەی بە دانانی ١٠ هەزار دۆلاری لە بانکەکانی کوردستان نییە ئەی چۆن وەبەرهێنێك پرۆژەیەکی بە بەهای زیاتر لە ١ ملیار دۆلار لەگەڵ حکومەتدا هاوبەش بێت و ماوەی ٢٥ ساڵی پێویستە تاوەکو پارەکەی بۆ بگەڕێتەوە و قازانجیشی لێبکات. کارێکی زەحمەتە لەم دۆخەدا هاوبەشی بکرێت. کەرتی تایبەت لە هەرێمدا دوو جۆرە، جۆرێکیان لەدەسەڵات نزیکن و پارەیان لەحکومەت وەرگرتووەو پارەکەش نادەنەوە، کەرتێکی تریش هەیە کە پارەی لای حکومەتە پرۆژەکانیان راگیراوە، واتا لەهەردوو حاڵەتەکەدا زۆر زەحمەتە ئەم هاوبەشییە، بەڵام ئاستەم نییە، وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن کەڵکی ئابوورییانەی ئەو پرۆژانە بکەن کە بارگرانیان لەسەر بودجە کەم دەکاتەوە بۆ نموونە خوێندنی باڵا لەسەرجەم کۆلێژەکان خوێندنی ئێواران بکەنەوە بە پارە تێیدا فەرمانبەر و مامۆستایەکی زۆر مووچەکانیان بگوازرێتەوە ئەو خوێندنە زەماڵە و خوێندنی ماستەر و دکتۆراش بە پارە بکرێتەوە، یەکە ئیدارییەکانی قەزاو ناحیەکان بەرەو تەمویلی خۆیان بچن، ناکرێت وەزارەتەکان تەنیا سەرقاڵی نووسراوی راژە و گواستنەوەو مۆڵەت و کاری رۆتین بن و ئاگاداری بواری ئابووری و بەدەستهێنانی داهات نەبن، کاتی ئەوە هاتووە کۆمپانیاکانی پێوەندیدار بە وەزارەتەکانەوە بانگێشت بکرێن و دانوستاندن و گفتوگۆ لە سەر پرۆژەی هاوبەش بکەن. با چیتر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە زۆربەیان ژێرخانی ئەم وڵاتە بەکار دەهێنن و یەك باج بە حکومەت نادەن، کەمتەرخەمی نەکەن، وەکو هەردوو کۆمپانیای کۆڕەك و ئاسیاسێڵ، ئەوان ملیۆنەها دینار دەدەنە حکومەتی ناوەندی کەچی حکومەتی هەرێم لەم گەورە کۆمپانییانە پشکی نییە، چونکە سیاسەتی شەفاف نییە، هەربۆیە تا کار بە مەحسوبیەت و بەرنامەی سەقەتی شەخسی و بەرژەوەندی حزبایەتی بکرێت، هەرگیز ناتوانین بە هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو کار بە سیستەمێکی هاوبەشی چالاك بکەین.

---

*** پسپۆڕ لە یاسای بازرگانی/ کۆلیژی یاساو رامیاری/ زانکۆی سەلاحەدین**

# ناکرێت ئیتر هەست بە باری گرانی سەرشانی جەماوەر نەکرێت



د.وەلی مەحمود*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ساڵانی زوو پێش پەیدابوونی گەنمدروو(دەڕاسە)، هەروەها پێش پەیدابوونی تراکتۆر و کاکوت و ئامێرە کشتوکاڵییەکانی دیکە کە لە ئەمڕۆدا هەن، جووتیار و خەڵك بە هێستر و گوێدرێژ و ئەسپ و مایین و مانگا هەموو ئیش و کارەکانی گواستنەوەی بەروبوومی ساڵانە و وەرزەکانیان دەکرد. لە ناوەڕاستی پەنجاکان پیاوێکی موسڵمانی سادە و ساکار هەبوو لە دێیەکەمان لە کاتی گواستنەوەی دەغل و دانی دروێنەکراو بۆ سەر خەرمان بە هێستر و (شەغرە) وەك دەزانین لە دار دروست دەکرا و تەنیا گوریس بەکار دەهات بۆ بەستنەوەی دەغڵ و دانەکە و دانانی لەسەر ئەم (شەغرە) یە و گواستنەوەی. رۆژێکیان ئەو پیاوە جووتیارە لە گەڕانەوەی لە سەر خەرمان بۆ سەر پەرێز، سواری پشتی هێسترەکە دەبێت و کوندەیەك ئاو لەسەر (کۆش و ئامێزی ) خۆی دادەنێ و شەغرە بەتاڵەکەش دەکەوێتە سەرقاچەکانی، سەرنج بدەن هێسترێکی بەستەزمان لە قرچەی هاوین لە بەیانییەوە تاوەکو دوای نیوەڕۆ (شەغرە)ی لێ بارکراوە و ئەمسەر و ئەمسەری نێوان خەرمان و پەرێزی کردووە، ماندوو، شەکەت و برسی، کەچی پیاوێك خۆی و کوندەیەك پڕ لە ئاو و شەغریەك کە ئەویش بایی کەسێك زیاتر قورسایی هەبووە هەمووی هەر لە سەر پشتی هێسترەکە باری قورسی سەر قاچەکانی بووە، کاتێك هێسترەکە لە هەورازێك باش ناتوانێ بڕوات و دەیکاتە نفکە نفك و قورس و بەحاڵ سەر دەکەوێت، پیاوی سوار بوو دەڵێ: بۆ نارۆی؟ دەست دەکات بە تێوەژان و بە قاچەکانی لە تەنگەی هێسترەکە دەدات و یەك دوو جوێنی لادێیانە (هەچە هەی دایکی....) بۆ نارۆی؟ سەرم سوڕماوە چیت لێ بکەم؟ کوندە لە ئامێزی خۆم (شەغرە) لە سەر قاچەکانم و ڕانمە، بەس بزانم بۆ ناتوانی خێرا بڕۆی و سەر بکەوی لەم هەورازە هەی داوەشێی. بێ خەبەر لەوەی کە هەموو قورساییەکە لە سەر قاچەکان و پشتی هێسترە سوور بووە و چۆن بتوانی ئیتر ئەم هەورازە ببڕێت و سەر بکەوێت.

خوێنەری بەڕێز ئەم وەزعە داراییەی ئیستا هاتۆتە گۆڕێ دەبێ بزانرێ هەموو قورسایی و نەهامەتی وگرانییەکە لە سەر شان و قاچی چینی هەژار و نەدار و جەماوەری خوارەوەی میللەتەکەمانە، نەدانی مووچە و گرانی بازاڕ و جۆرەها پێداویستی ژیان و پێشتریش ئەو توێژە و چینە هەر بە حاڵ توانیویەتی گوزەرانی خۆی بەڕێبکا. ئینجا سەرکردەی حزبەکان و حکومەت گلەیی ئەوەش بکەن بۆچی هاوار هاوار لەم خەڵکە هەڵساوە بێ خەبەر لەو بارە قورسەی لە هەموو لایەکەوە خراوەتە سەریان.

---

***سەرۆکی زانکۆی کۆیە**

# قەیرانی بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی قەیران!



**یوسف عوسمان حەمەد**

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

ستیڤن رایل دەڵێت: ئەمە دوو دەستەواژەیە پێچەوانەی یەکترن و یەکێکیان ئەرێنی و ئەوەی دیکەیان نەرێنییە و ٩٨٪ی دەوڵەتانی دنیاش لە تەمەنی بە دەوڵەتبوونیان زیاتر لە جارێك تووشی قەیران هاتوون. لە ڕووی سایکۆپۆلتیکەوە قەیران واتە گۆڕانکارییەکی کتوپڕ کە دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەم و بەرنامەکار و ستراتیژیەتی ئەو دەوڵەتە، لە هەمان کاتدا کاریگەری نەرێنی لە سەر ژێرخان دەبێت و لە ئەنجامدا ئارامگیری حوکمڕانی و دەوڵەت دەکەوێتە مەترسییەوە.

رەنگە لە دۆخی قەیرانی بەڕێوەبردن، هەڵچوونی تاك و جەماوەریی لێبکەوێتەوە و بەهاری گۆڕانکاری رووبدات و سەرکردەکان لە کاتی بوونی قەیراندا دێنە گۆ و پلانی تەنگەتاوی رادەگەیەنن و بەرنامەی چاکسازی دەخەنەڕوو بۆ ئەوەی بە زووترین کات و بە کەمترین زەرەر لەو قەیرانە رزگاریان بێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستە دوو جۆر بنکەی قەیران باسکراوە. یەکەمیان قەیرانە سرووشتییەکان کە ستاندەری جیهانی پۆلێنی کردووە، وەکو قەیرانی (وشکەساڵی، لافاوی ترسێنەر، زەمین لەرزە، گڕکان و.. ) ئەمانە رەنگە لەسەر دەوڵەت زۆر بکەوێت و ژێرخانی ئابووری برمێت، بەتایبەتی ئەگەر دووبارە بوویەوە و نەتوانرا پلانی دەستبەجێ و تۆکمەی بۆ دابنرێت. هەموو هاوکارییەکانی دەوڵەتان بۆ وەلاتانی قەیرانی سروشتی لە چوارچێوەی هاوکاری مرۆیی دەبێت، نەك دەستوەردان لە کاروباری ئەو دەوڵەتە، بەڵام جۆری دووەم قەیرانی ناسروشتی کە دەستکردە بەپێی ستاندەرەکانی دەوڵەتی پۆلێنکراوە بۆ قەیرانەکانی (حوکمڕانی، سیاسی، ئابووری، سامانەکانی نەوت و غاز، کۆمەڵایەتی، خێزانی، دەروونی )، جۆرێکی دیکەی پاشگری ئەمەش هەیە، کە قەیرانی نێوان دەوڵەتانە لە سەر سنوور و ئاو و سامانی ژێرزەوی، دەخالەتکردن لە کاروباری ناوخۆیی و سەربازی .. کە سیاسەتمەدارەکان ئەم جۆرە قەیرانە بە مەترسی و کارەسات ناودەبەن، لەبەر ئەوەی رەنگە هەرەسهێنانی حکومەت و ئاکاری کۆمەڵایەتی و شەڕی درێژخایەنی نێو خۆی لێبکەوێتەوە کە هەندێك لە شرۆڤەکارەکان بە شەڕی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی ناوی دەبەن، بۆیە زۆربەی دەوڵەتان هێزی نهێنی و سەرباز بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەمجۆرە قەیرانانە، بەتایبەتی قەیرانی نێوخۆی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، بۆ ئەم دۆخەش. هاری بێرمان، سیاسەتمەندی ئەکادیمی کەنەدی، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە قەیرانی درێژخایەن ناوزەد کردووە کە بە درێژایی سەدان ساڵ ئەو قەیرانە تۆخ کراوەتەوە، بەتایبەتی ئایینی و مەزهەبی کە چەندان حکومەت لە و ململانێیە لەناوچوون و چەندان ملیۆن مرۆڤ بە درێژایی مێژوو بوونەتە قوربانی کە سیاسەتی پێکەوەنەژیان و نەبوونی کەلتووری لێبووردەیی هۆکارە سەرەکییەکەی بووە.

قەیران واتە گۆڕانكاری، یان ڕووداوێكی چاوەڕواننەكراو و لەناكاو كە بە زەحمەت دەتوانین مامەڵەی لەگەڵ بكەین. زۆرجار بە هۆی ئەوەی پلانی و ستراتیژیەتی رابردوو بۆ ئایندە دانراوە، جۆرێك لە شڵەژان و تێكچوونی باری سیاسی و كۆمەڵایەتی و دەروونی و جۆرێك لە پەرتەوازەیی كۆمەڵایەتی و حوكمڕانی دروست دەبێت، بەڵام كۆی گشتی بابەتەكە جیاوازییە لە نێوان بەڕێوەبردنی قەیران و قەیرانی بەڕێوەبردن. بەڕێوەبردنی قەیران كۆمەڵە چالاكیی داڕێژراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیرانە، یاخود لیژنەیەكی كتوپڕ دروست دەبێت بۆ دانانی ستراتیژیەتێك كە هەندێ جار بە كەمترین زەرەر لە كەمترین كاتدا، قەیران تێدەپەڕێت و دەوڵەت دەچێتەوە دۆخی ئارامگیری سیاسی و كۆمەڵایەتی و هەندێ جار ئەو دەوڵەتانەی كەوا قەیرانی سروشتییان زۆرە، پێش سەرهەڵدانی قەیرانەكان دەستەی بۆردی راوێژكاری لە ئاستی بەرز، دیراسەی هەموو پلانەكان دەكەن و بودجەی تایبەتی بۆ دادەنێن و هەوڵی هێوركردنەوەی هەڵچوونی تاك و رەوینەوەی مەترسییەكانی خێزان و كۆمەڵگە دەبێتە بەشێكی گرنگ لە ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەكان و دڵنەوایی تاك كە لە بەرنامەكانیان بۆ ئەوەی خودی تاك و جەماوەر بەشێك بن لە چارەسەر بە هۆی بوونی متمانە و باوەڕی بەهێزی (پاوەری) دەسەڵاتی چارەسەری بۆ هەموو قەیرانەكان و ئەمەش یەكێكە لە فاكتەكانی دەوڵەتی بەهێز و سەركەوتوو كە دەیسەلمێنێ هەرچەندە قەیرانەكان زۆر گەورە و بە رادەی كارەسات بێت، ئەگەر بەڕێوەبردنی قەیرانەكان هەبێت لە ئاستی بەرز، ئەوا هەرگیز قەیرانەكان كاریگەری درێژخایەن و مەترسیداریان نابێت. سەركردەیەكی كارامە و بەتوانا لە ڕێگەی پلان و بەرنامەكارەوە دەتوانێت وابكات كە تاك و كۆمەڵگە بەشێك بن لە چارەسەر و ئەوان بۆ تێپەڕاندنی هەموو قەیرانێك بەشداری پلان و ستراتیژیەتەكان بكەن.

شرۆڤەكارانی ئابووری دەڵێن: هیچ قەیرانێك خۆڕسك و بێ رەگ و ریشە نییە، رەنگە دەرەكی بێت، یان ناوخۆیی، بۆ زانینی پاڵنەری سەرەكی، یان فاكتەرە سەرەكییەكانی سەرهەڵدانی هەر قەیرانێك دەوستێتە سەر كارامەیی سەركردە و كەسی سیاسەتداڕێژەری گشتیی دەوڵەت، بۆیە لەم جۆرانە كۆنترۆڵكردن و ئیحتوای هەر قەیرانێك ئەگەر گەورەش بێت، دەتواندرێت تێپەڕێت بە كەمترین زیان دۆخەكە ئاسایی ببێتەوە، ئەمەش بەڕێوەبردنی قەیرانەكانە بۆ ئەوەی لە هەموو قەیرانەكان بە شێوەیەك چارەسەری بۆ بدۆزینەوە كە جارێكی دیكە دووبارە نەبێتەوە. شرۆڤەكارانی كۆمەڵایەتی و دەروونی باس لەوە دەكەن گەلێك جار قەیرانەكان تەواو دەبن، بەڵام دەرهاویشتە نەرێنییەكان بەردەوام دەبن، ئەگەر هاتوو پەروەردەیەكی دروست نەبێت، كارەكە قورس دەبێت وەكو گوشاری دەروونی لە سەر تاك و هەڵوەشانەوەی خێزان و لادان و بەرتیل وەرگرتن و پێشێلكردنی یاسا و سەروەری پیرۆزی مرۆڤایەتیی تاك و نەمانی كوالێتی خوێندن و زانست و تێكچوونی كوالێتی هەموو جۆرە كالایەك، بەمەش شەڕێكی نهێنی دروست دەبێت، رەنگە پاوەری دەرەكی ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە و هەوڵی یاریی پارچەپارچە بوونی وڵات بدەن و دەرز بكەوێتە نێوان یەكڕێزی نیشتمان، ئەمەش درێژەی دەبێت. زۆر جار دەڵێن شەڕ تەواو دەبێت، بەڵام دەرهاویشتەكانی تەواو نابێت. وەكو ئەوەی شەڕی یەكەم و دووەمی جیهان ساڵانێكە تەواو بووە، بەڵام تاوەكو ئێستاش جیهان بە هۆی ئەو شەڕانەوە بووە فرەجەمسەری دژ بە یەك كە بەردەوام هەوڵی لەناوبردنی ئەوی دیكە دەدەن.

ئەم قۆناخە مەترسییەكانی لە دەرهاوێشتەكانیەتی كە سەروەری نیشتمان و میللەت باجی قورس دەدەن و پەروەردەیەكی هەڵوەشاوە و خێزان و سیستەمی كۆمەڵایەتی هەڵوەشاوە چاوەڕوانی قەیران دەكات، ئەگەر بەڕێوەبردنێكی زانستی و حەكیمانە نەبێت بۆ كۆنترۆڵكردنی شەڕی نهێنی یان شەڕی شاراوەی پشت قەیرانەكان، بۆیە پێویستە لەو قۆناغەدا هەموومان زانستانە و پەروەردكارانە لە پلان و بەرنامەكاری كۆنترۆڵكردنی قەیران بەشدار بین بۆ ئەوەی سەركەوتوو بین لە دروستكردنی تاكێكی هاونیشتمانی و ئینتیما بۆ خاك و نیشتمان. بەپێی پێوەرەكان قەیران درێژە بكێشێ، ئینتیمای تاك لاواز دەكات، خەڵك لە بچووكترین كاردانەوە وڵات بەجێدەهێڵێ، ئەمەش مەترسییەكی گەورەیە.

**ئەمەش یەكێكە لە فاكتەكانی دەوڵەتی بەهێز و سەركەوتوو كە دەیسەلمێنێ هەرچەندە قەیرانەكان زۆر گەورە و بە رادەی كارەسات بێت، ئەگەر بەڕێوەبردنی قەیرانەكان هەبێت لە ئاستی بەرز، ئەوا هەرگیز قەیرانەكان كاریگەری درێژخایەن و مەترسیداریان نابێت**

**پەروەردەیەكی هەڵوەشاوە و خێزان و سیستەمی كۆمەڵایەتی هەڵوەشاوە چاوەڕوانی قەیران دەكات، ئەگەر بەڕێوەبردنێكی زانستی و حەكیمانە نەبێت بۆ كۆنترۆڵكردنی شەڕی نهێنی یان شەڕی شاراوەی پشت قەیرانەكان**

---

***پسپۆڕی دەروونزانی**